
# پاڵپشتیکردنی چەسپاو و ستراتیژیی هێزەکانی پێشمەرگە لە دژی دوژمنانی ئاشتی

**ڕاوەستان و پاڵپشتیکردنی پێشمەرگە لە کاتێکدا کە کوردستان بووەتە پێگەی هێزە نیشتمانپەروەر و دیموکراتخوازە عیراقییەکان و هێزەکانی ڕزگاریخوازی عەرەبیشـــی تێدا کۆبۆتەوەو هاوکات بزووتنەوەیەکی ئەکتیڤی دیبلۆماسی ئەورووپی و ئەمریکی و چەندین هێزی فەرمی وڵاتانی دیکەی عەرەبی تێدایە، لێرەوە هەرچی بە بێهەڵوێســـتی و بە بێدەنگی بمێنێتەوە، پێویســـتە ئاوڕێك بداتەوە لە هەڵەو چەوتی هەڵوێســـتە ســـتراتیژییەکانی و پێداچوونەوە بـــە تاکتیکەکانـــی خۆیدا بکاتەوە، ئینجا بۆی ڕوون دەبێتەوە کە چەندە پێویســـتە دژ بە دوژمنانی ئاشـــتی بۆ هاریکاریکردنی کوردستان بجووڵێت، تا ئەم جەنگە لە بەرژەوەندیی حەقخوازانی کوردستاندا ببڕێتەوە.**



د. تەیسیر عەبدولجەبار ئالووسی*
بۆ گوڵانی نووسیوە

لەو کاتەوەی سوپای عیراق لە موسڵ کشایەوە، ڕاستەوخۆ هەڕەشە تیرۆریستییەکان ڕوویان لە کوردستان کردووە، ئەو هەڕەشە تیرۆریستییانە ئاراستەی پێگە ستراتیژییەکانی وەك بەنداوی موســـڵ کران و تیرۆریستان لە تاوانکاری زیاتردا قاڵبوونەوە، بۆ پاکتاوکردنی پێکهاتە بچووکەکانی ئایینـــی و مەزهەبـــی ناوچەکـــە تواناکانـــی خۆیان چڕکردووەتەوە. لە ســـەرەتادا هێزە تیرۆریزمییەکان لە ناو موسڵدا تاوانی کوشتارگەری و لەناوبردنی بە کۆمەڵیان پیادەکردو بەوەندەشـــەوە نەوەســـتان، هاوکات هەستان بە تێکـــدان و تەقاندنەوەی مزگەوت و نزرگەو شـــوێنەوارە ژیاریـــی و کەلتوورییەکان و دواتر بۆ تەواوکردنی ڕووی وەحشەتگەریی خۆیان بەرەو ناوچە ئاوەدان و ئارامەکانی دیکە کشان، جینۆســـایدیان لە بەرانبەر مەسیحییەکان و ئێزیدییـــەکان ئەنجام دا، زۆربەی ئەو پێکهاتانەش ناچار کران، پەنا وەبەر چیای شـــنگال ببەن و لەوێش بەبێ ئاو و خۆراك لەلایەن داعشـــییەکانەوە گەمارۆ دران. لەوەش کارەســـاتبارتر ئەوەیە، کاتێ هێزەکانی عیراق هەموو ئەو ناوچانەیان بۆ ئەم وەحشییانە جێهێشت، چیتر وەك هێزی دەوڵەت نەگەڕانەوەو تەنانەت لە ســـنووری ناوچەکانیش ســـەنگەریان دانەنا، تا دۆخەکە بـــۆ ئاوارەبووەکان چاك بکەن، بەڵکو هەموو دەرگاکانیان لەسەر گازەرای پشت بۆ تیرۆریستان کردەوە، لەو کاتەشدا سەرکردایەتی مالیکی سیاســـەتی گەمارۆی ئابووری خستبووە سەر هەرێمی کوردستان و ئاماژەی بە بەکارهێنانی گۆپاڵی سەربازی دەدا، هاوکات هەموو مەرگەســـاتی ئەو ناوچانەشـــی خستەسەرشـــانی پێشـــمەرگە تا بە تەنیـــا ڕووبەڕووی تیرۆریستان ببنەوە.

ســـەرەڕای ئەوەی جەنگ پێویســـتی بە پڕچەککردن و گەیاندنی تەقەمەنی و هاریکاریی ئاســـمانی و فڕۆکە هەیە، کەچی بە بێ ئەوانەش هێزەکانی پێشمەرگە هەر لە

پێناوی ڕزگارکردنی خاکەکەیاندا قۆڵیان لێ هەڵماڵی، بەتایبەت بۆ گێڕانەوەی ئەو شوێنە ستراتیژییانەی کە لە کاژێرەکانی سەرەتای جەنگەکەوە لە غەفڵەتدا کەوتبوونە بەردەست دوژمنانی ئازادی و ئاشتی، هەروەها ئەرکی ڕزگارکردنی ئێزیدییەکانیش کەوتە ئەستۆی پێشمەرگە، چونکە ئێزیدییەکان لە پاش کەوتنی شنگال قوربانییە سەرەکییەکانی بەردەستی تیرۆریستان بوون، هەموو دنیا چاویان کەوت بە جینۆسایدکردنیان و زیندەبەچاڵکردنیان لە گۆڕی بەکۆمەڵدا، جگە لە تاوانەکانی ڕفاندنی ئافرەتان و دەستدرێژی و فرۆشتنیان وەك کۆیلە لە بازاڕەکانی کۆیلەفرۆشتندا، ئەم دڕندەییانەش لە مێژووی هاوچەرخدا بێ وێنە بوون.

پێشمەرگەی پشتبەستوو بەو ویستە پۆڵایین و ورە بەرزییەی پێی ناسراوە و بەو سەرکردایەتیکردنە مکوڕ و بەئەزموونەی هەیانە، لە بەرەکانی پێشەوەی جەنگدا پێشڕەوییان کردو هێزەکانی داعشیان تێکشکاند، بەر لە هەموو ئەمانەش پێشمەرگە پارێزەرانی بەهای مرۆیی و شەرەف و هەڵگرانی مەشخەڵی قوربانیدانن لە پێناوی ڕێباز و ماف و حەقیقەتە مرۆییەکان، لەژێر ڕۆشنایی پەرەسەندنەکانی مەیدانیی جەنگدا چالاکیەکانی پێشمەرگە بەرەو باشتر چوونە پێشەوە، کاتێك کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەخێرایی هەندێك چەك و تەقەمەنی گەیاندە هێزەکانی پێشمەرگە، ئەوەش لە پاش ئەو شەپۆلی نارەزایی دەربڕینەوە هات، کە بۆ پشتگیریی هەرێمی کوردستان هەموو شارەکانی ئەوروپای گرتەوە.

دیمەنە واقیعییەکان و هەڵمەتەکانی هاریکاری بە هەموو جۆرە پێوەندییەکانیەوە سەرنجی جیهانی بۆ دۆزی مرۆییانەی کوردستان ڕاکێشا، بەتایبەت پاش دیتنی ئەو تاوانانەی دژ بە مرۆڤایەتی ئەنجام دران و مەترسییەکانی و ئازارە سەختەکانیشی بۆ سەر ئاسایشی ناوخۆیی و هەرێمایەتی و تەنانەت بۆ سەر ئاشتەوایی نێودەوڵەتیش دەرکەوتن.

ئەوەی هەنگاوەکانی پشتگیریی نێودەوڵەتی خێراترکردەوە، دابەزینی سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان بوو بۆ ناو بەرەکانی شەڕ و لێپێچینەوەو سزادانی ئەوانەش بوو کە کار و چالاکییەکانیان فەرامۆش کردبوو، یان بە کونجی پەراوێزیان ئەسپاردبوو، هەروەها ئەکتیڤکردنەوەی تواناکان لە ڕێی پلانی تۆکمەوە بۆ ئەوەی سەرکەوتنەکان بەروبووم چنینەوەو گێڕانەوەی هەموو ئەو ناوچانەیان لێ بکەوێتەوە کە تیرۆریستان خەڵکانی بێ تاوانیان تێدا جینۆساید دەکرد.

ئەم شەڕانەش ئەگەر سەرکردایەتییەکی حەکیمانەی لە پشتەوە نەبن، هێندە بە ئاسانی بەڕێوە نەدەچوون کە بەردەوام لەسەر هێڵن بۆ بە دواداچوونی جەنگەکە تا بەسەرکەوتنی کۆتایی دەگات، چونکە جەنگ تەنیا لە بەرەی شەڕدا یەکلانا کرێتەوە، بەڵکو فەزاو مەیدانەکانی دیبلۆماسییەت ڕۆڵی کارا دەگێڕن بۆ سەرکەوتن لە بەرەکاندا، لەم ڕووەوە سەردانی شاندەباڵا نێودەوڵەتییەکان و بڕیارە نێودەوڵەتییەکان هەر لە بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش کە گەمارۆی داعش و هێزە تیرۆریستییەکان و کارکردن بۆ نەهێشتنیانی لێ کەوتەوە، تا بڕیارەکانی یەکێتیی ئەوروپاش سەبارەت بە ڕێگەدان بۆ چەکدارکردنی کوردستان و پێشمەرگە، بەو پێیەی سەرکردایەتیی شەڕی داعش و هاوپەیمانانی دەکەن، تەنانەت سەردانی وەزیرانی دەرەوەی وڵاتان و شاندە سەربازییەکانی وڵاتان بۆ تاوتوێی داواکارییە خێراو بەپەلەکان، وا ئێستا یەك لە دوای یەکتر وەڵام دەدرێنەوەو بە بەردەوامی پەرەی زیاتر لە کارەکاندا بە دەست دەهێنرێت.

ئەم هەڵوێستە نێودەوڵەتییانە بەرهەمی ئەو بزاڤە دیبلۆماسییانە بوو کە سەرکردایەتیی کوردستان لەڕێی بەڕێوەبردنی پێوەندییەکانی دەرەوەیانداو لە ڕێی دیالۆگی جددییانەی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییانەوە هاتوونەتەدی.

ڕەنگە وەڵامدانەوەی نێودەوڵەتی هانی لایەنە هەرێمایەتییەکانی ناوچەکەشی دابێت بۆ هەڵوێستوەرگرتن لەمبارەیەوە، بەتایبەتی ئەو هەڵوێستە فەرمییانەی حکومەتەکانی وڵاتانی عەرەبی لە ژێر سایەی ئەو هاوپەیمانیەتییە مێژووییەی نێوان کوردو عەرەب و لەژێر ڕۆشنایی یەکبوونی بەرژەوەندییەکان و ڕەهەندە ئەمنی و هەرێمایەتییەکان کە پێویستی بە یەکگرتوویی و هاوهەڵوێستی زیاترە لە پێناوی وشککردنەوەی سەرچاوەکانی تیرۆر لە ناوچەکەو دنیادا.

بیرۆکەی جلیتبازی و قارەمانێتی خستنەپاڵ پێشمەرگە لەلایەن وڵاتانی عەرەبییەوە خاڵێکی وەرچەرخانی بنەڕەتییە بۆ بەرژەوەندیی داهاتووی پێوەندییەکانی نێوان هەردوو گەل و نەتەوە، هەروەها لە نێوان سەرکردایەتیی بزاڤی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی و نیشتمانی لە کوردستان و لە وڵاتانی ناوچەکەشدا بە هەمەچەشنەیی دۆخ و سرووشتی سیاسییانەو چۆنیەتی مامەڵەکردنیان لەگەڵ عیراق و لەگەڵ کوردستانیش بەشێوازێکی لێکتر جودا.

کاتێك بابەتەکە دێتەسەر سەربەخۆیی پێوەندییەکان لەگەڵ کوردستان ئەوە لە خواستێك، یان مەیلێکی ڕووتەنییەوە نایەت، بەڵکو هەڵچنراوی چەندین حەقیقەتە وەك چۆن هەر لەم گۆڤارەوە پێشتر لە جۆری بنەماکانی پێوەندیی قونسوڵییەکان قسەم کردووە، کە هاریکار بوون بۆ ڕەوایەتیدان بەو پێوەندییە تەندروستانە لەگەڵ

پێشمەرگەی پشتبەستوو بەو ویستە پۆڵایین و ورە بەرزییەی پێی ناسراوە و بەو سەرکردایەتیکردنە مکوڕ و بەئەزموونەی هەیانە، لە بەرەکانی پێشەوەی جەنگدا پێشڕەوییان کردو هێزەکانی داعشیان تێکشکاند

ئەم هەڵوێستە نێودەوڵەتییانە بەرهەمی ئەو بزاڤە دیبلۆماسییانە بوو کە سەرکردایەتیی کوردستان لەڕێی بەڕێوەبردنی پێوەندییەکانی دەرەوەیانداو لە ڕێی دیالۆگی جددییانەی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییانەوە هاتوونەتەدی

کوردستاندا، بەتایبەتیش لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی و تەندروستیدا، ئەمڕۆش دەروازەکان زیاتر ئاوەڵان بۆ کردنەوەی لاپەڕەیەکی تازەتر. تا پەلە بکرێت لە وەدیهاتنی سەرکەوتنێکی یەکجارەکی لەبەرانبەر داعش کە بووەتە هۆکاری هەڕەشە بۆ هەموو دەوڵەتانی ناوچەکە.

**مانەوەو خۆبەدوورگرتنی حکومەتەکانی دەوڵەتانی ناوچەکە لەو دیمەنە نەرێنییانەی داعش و بێدەنگبوونیان لە ئاست وەحشەتگەرییەکاندا پێویستە بشکێنرێت و لەبری بێدەنگبوون باشترە دەنگی هاریکاریی ڕاستەقینەیان بەرزبێتەوە**

مانەوەو خۆبەدوورگرتنی حکومەتەکانی دەوڵەتانی ناوچەکە لەو دیمەنە نەرێنییانەی داعش و بێدەنگبوونیان لە ئاست وەحشەتگەرییەکاندا پێویستە بشکێنرێت و لەبری بێدەنگبوون باشترە دەنگی هاریکاریی ڕاستەقینەیان بەرزبێتەوە، لە هەموو بوارە موخابەراتی و ئاسایشی و سەربازییەکانیانەوە هەروەها لەو بوارانەشدا کە توانای کوردستان زیاتر بکەن لە پێناوی دەرهێنانی داعش و هاوسۆزانیان کە بوونەتە چەند دومەڵێك و پێویستە پێشمەرگە ئەم جەنگە بە کەمترین قوربانی بباتەوە، ئەم هەڵوێستە هاریکارییە لە دەروازەکانی وەڵامدانەوەی هەڵوێستی جوامێرانەی گەلانی ناوچەکەوە هەڵقوڵاوە، بەتایبەت هێزە ڕزگاریخوازەکانیان کە پاڵپشتن بۆ دۆزی کورد.

وێڕای ئەمەش ملیۆنەها کەس لە عیراقییەکان و لەوانەش لە عەرەبە دەرکراو و دەربەڕێنراوەکانی عیراق ئێستا پەناهەندەن لە کوردستاندا، واتە کوردستان دەیانپارێزێت و هەلی ژیان و ئەمان و ئاسایش و بژێوی باشیی بۆ دابین کردوون، ئێستا گەلی کورد نان و خوانی خۆی دەکات بە دووکەرتەوە لەگەڵ ملیۆنان پەناهەندە بەشی دەکات کە ڕوویان لە شارو شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان کردووە، سەرەڕای ئەو گەمارۆ ئابوورییەش کە لەلایەن حکومەتی مالیکیەوە خراوەتە سەری و مووچەو بودجەی پرۆژەکانی لە کوردستان بڕیوە، پێویستە لەسەر کەسانی جوامێرو ئەوانەی بەچاوی کراوە دیمەنی ئاوارەو دەرکراوانی عەرەب دەبینن کە ئێستا هانایان بۆ کوردستان بردووە، پێویستە پشتگیری لە قوربانییەکان بکەن و هاوبەشی بکەن لە بەجێگەیاندنی ئەرکی بەرگریکردن لە ڕووناکی دژ بە تاریکی، واتە پشتگیری لە پێشمەرگە بکەن بە شێوەیەکی ڕوون و دیار و ڕاستەوخۆ دژ بە تاوانکاری و تاوانباران، بەمەش دەتوانن ڕێگەبگرن لە بڵاوبوونەوەی ئەو پەتایەی وێرانکاری و ئەو بوومەلەرزەیەی بۆ لەناوبردنی هەموو شتێك ژێرپێمان دەلەرزێنن.

**بانگەوازی هاریکاریی پێشمەرگە بانگەوازێکە بۆ هاریکاری ئەو ڕێبازانەی ئاشتەوایی وەدیدێنێت، نەک بە تەنیا لەگەڵ کوردستان و عیراقییەکاندا، بەڵکو بۆ هەموو گەلانی ناوچەکە**

بانگەوازی هاریکاریی پێشمەرگە بانگەوازێکە بۆ هاریکاری ئەو ڕێبازانەی ئاشتەوایی وەدیدێنێت، نەك بە تەنیا لەگەڵ کوردستان و عیراقییەکاندا، بەڵکو بۆ هەموو گەلانی ناوچەکە، بانگەوازێکە بۆ یەکخستنی توانای گەلان و حکومەتەکان تا پەتا و شەڕی تیرۆریستان لەناو دەوڵەتەکانیان بنەبڕ بێت، ئەو تیرۆریستانە کە



ئێستا ژمارەیان زیاتر دەبێت، لەبەر هێزیان، یان لەبەر توانای قەناعەت پێهێنانیان نییە، بەڵکو لەبەر نەرێنی و کەموکورتی و فرەدەستی بەرانبەرەکانیانە کە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستان یەکدەست و یەك هێز نین.

لێرەوە وەبەرهێنانی ئیرادەو ویستی پێشمەرگەو توانای مانەوەیان دەرفەتێکە بۆ وەرسووڕانی ئاڕاستەکانی جەنگەکە و گێڕانەوەی ئاڕاستەی بای پەتاو توندوتیژی لە پێناوی سەقامگیری و تەناهی ناوچەکەو جیهانیشدا.

مەبەستم لەم وەبەرهێنانەیە کە لە کوردستانەوە هێزەکانی نێودەوڵەتی کۆدەبنەوەو دەبنە پاڵپشتی پێشمەرگەو هەموو تواناکان دەخرێنە زۆنێکەوە بە ئامانجی شکاندنی دڕکی داعش و پێکەوە بە هاوهەڵوێستی ستراتیژییانە هەنگاوی بۆ دەنێن. پەیوەندییەکانی نێوان کوردو عەرەب بناغەیەکی پتەوی هەیەو پێکەوە هاوپەیمانی مێژووییان هەیە، ئەگەر



به نەفەسی ئەو هاوپەیمانێتییەوە بجووڵێنەوە هەموو هێرش و پەلامارەکانی تیرۆریستان وەبەر تاشەبەردی چیاکان دەکەون و دەشکێنرێن.

ڕاوەستان و پاڵپشتیکردنی پێشمەرگە لە کاتێکدا کە کوردستان بووەتە پێگەی هێزە نیشتمانپەروەر و دیموکراتخوازە عیراقییەکان و هێزەکانی ڕزگاریخوازی عەرەبیشی تێدا کۆبۆتەوەو هاوکات بزووتنەوەیەکی ئەکتیڤی دیبلۆماسی ئەوروپی و ئەمەریکی و چەندین هێزی فەرمی وڵاتانی تری عەرەبی تێدایە، لێرەوە هەرچی بە بێ هەڵوێستی وبە بێدەنگی بمێنێتەوە پێویستە ئاوڕێك بداتەوە لە هەڵەو چەوتی هەڵوێستە ستراتیژییەکانی و پێداچوونەوە بە تاکتیکەکانی خۆیدا بکاتەوە، ئینجا بۆی ڕوون دەبێتەوە کە چەندە پێویستە دژ بە دوژمنانی ئاشتی بۆ هاریکاریکردنی کوردستان بجووڵێت، تا ئەم جەنگە لە بەرژەوەندی حەقخوازانی کوردستاندا ببرێتەوە.

جەخت دەکەمەوە لە سەرکەوتنی کوردستان و هێزەکانی پێشمەرگە و هاوپەیمانەکانی لەم جەنگەی دژ بە تیرۆردا، هەروەها سەرکەوتنیان بەسەر سیاسەتی تایەفەگەریی نەخۆشدا کە ناوچەکەی تەنیوەتەوەو ڕێگەی خۆش کردووە تا ئەم دارمانانە ببینین کە لە عیراقدا بە دەستی داعش کەوتوونەتەوە، یەکەمین سەرکەوتن بۆ بەرەی حەقخوازی بریتیە لە شکاندنی ئەو گەمارۆ نەگریسەی لەسەر کوردستانە، ئەوەش بە بڕیارێکی ئازایانەی لایەنی پێوەندیداری عیراقییەوە دەبێت، کە بتوانن بڕیارەکانی گەمارۆخستنە سەر کوردستان بسڕنەوەو حەقی کوردستان لە بودجەکە بە خێرایی بدەنەوەو ڕۆڵێکی کارا بگێڕن بۆ چەکدارکردنی پێشمەرگەو کەلوپەل و کەرەسەی سەرکەوتنیان بە دەست بگەیەنن.

*** توێژەری ئەکادیمی زانستە سیاسیەکان و سەرۆکی زانکۆی ئیبن روشد لە دانیمارك**






## داعش و کوردو حکوومەتی عێراق

# پێمان وابوو دوای ئەنفالەکان، ژینۆساید دووبارە نابێتەوە!



ئاسۆ کەریم

بۆ گوڵان نووسیویەتی



**شەڕی داعش و کارەساتە مرۆییەکەی شنگال چ لەسەر ئاستی رەسمی (بەکردەوە) و چ لەسەر ئاستی میللی، کوردی وەک یەک نەتەوەی هاوچارەنووس نیشان دا**


**هەقە حزبەکان ئەگەر پێشقەرەوڵ نابن، با لەئاست هەستی خۆڕسکیی میللیدا بن و خوێنی پێشمەرگەکانیان لەبەرچاوبێ کە لە تەواوی بەرەکانی شەڕی داعشدا تێکەڵ یەکتر دەبن**

پێمانوابوو جارێکی دی تووشی ژینۆساید نابینەوەو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی وەك ئەرکێك دەمانپارێزێ. حوکمڕانیی عەرەبی سوننەمەزەب لە هەشتاکانی سەدەی رابردوودا لە زنجیرەیەك تاوانی یەك لە دوای یەکی نێودەوڵەتیدا، هەوڵی لەناوبردنی کوردی دا لە عێراق «ئەنفالەکان، کیمیابارانی هەڵەبجە، بێسەروشوێنکردنی بارزانییەکان و...». لێ ژینۆسایدی ئەمجارە لەدوای پەلاماردانی ناوچەو دەڤەرە ئێزیدینشینەکانی شنگال لە ٨/٢ەوە، رێکخراوێکی تیرۆریست بە ناوی «دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام ISIL»، دەرهەق بە ئێزدیدییان کە کۆمەڵەیەکی ئایینیی جیایە، ئەنجامدا ژینۆسایدی کۆتایی هەشتاکان دەرهەق بە کوردان، بەشێوەیەکی سیستماتیك و بەرنامە بۆ دارێژراو لەلایەن ماکینەی زەبەلاحی دەوڵەتی عێراقەوە ئەنجامدرا، لێ ژینۆسایدی ئەمجارە لەلایەن رێکخراوێکی تیرۆریست، تەکفیری، سەلەفی، جیهادیی توندڕۆوە دەرهەق بە کەمینەیەکی ئایینی ئەنجامدرا. لە ژینۆسایدی یەکەمدا، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بێ هەست و خوست بوون و بەو پەڕی خوێنساردییەوە لەبەرچاوی ئەوان کورد قڕدەکرا. کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەم ژینۆسایدەدا چ وەکو ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان و چ وەك یەکێتیی ئەوروپی، چ وەکو وڵاتان (ئەمریکا، بەریتانیا، فەڕەنسا، ئەڵمانیا، ئیتاڵیا، پۆلۆنیا، رووسیا، نەرویژ، سوێد، فنلەند، لوبنان، چین، نەمسا ...) و رێکخراوە مرۆدۆستەکان، زوو هاتنەوەلام، جا چ بە پشتەوانیی مەعنەوی بێ، چ بە هاریکاریی مرۆیی بێ، چ بە تفاق و چەکوچۆل بێ، چ بە بەشداریی راستەوخۆی سەربازی بێ. ئەگەر لە ژینۆسایدی یەکەمدا، زێتر رەگەزی نێرینە کرانەئامانج، ئەوا لەم ژینۆسایدەدا، رەگەزی مێینە لە تەك رەگەزی نێرینەدا کرانە ئامانج و کرانە کۆیلە و یان لە بازاڕەکاندا فرۆشران، یان دەستدرێژیی سێکسییان کرایەسەر و کوژران، یان بەزۆر کرانە موسڵمان. هێشتا کارەساتەکە بەردەوامەو ئامارێکی راست و وردی قوربانییەکان بە هەردوو رەگەزی نێرینە و مێینە لەبەردەستدا نییە، بەڵام گومانمان لەوە نییە، پاش تێکشکاندنی داعشییەکان، ئەوجا قەبارەی کارەساتەکە دەردەکەوێ کە چەندە مەزنە.

### ● داعش وەکو قارچك لەناکاو هەڵنەتۆقیوە!

داعش کە ئەنجامدەری ئەو ژینۆسایدەیە، زۆر شتی لەسەر نووسراوەو گوتراوە. هەندێ بە دەسکردو دروستکراوی ئەملاو ئەولای دەزانن و ئاخر تیۆریی پلانیش لە وڵاتی ئێمە و وڵاتانی دیکەدا گوێگر و خوێنەری خۆی هەیە. لێ وەك دەزانرێ دوای «داگیرکردن»ی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە، چەندین رێکخراو و گرووپی تەکفیری، جیهادی، توندڕۆ و تیرۆریست لە سێگۆشەی بەناو سوننەدا هاتنە هۆلێ. لە نیسانی ٢٠٠٣دا حوکم لە کەمایەتیی سوننەمەزەبی عەرەب وەرگیرایەوە. بەوەش بمانەوێ و نەمانەوێ ئەوان زەرەرمەند بوون. هەڵبەت کوردستانی ئێمەش بەر لە ٢٠٠٣، ئەو جۆرە گرووپانەی تێدا بووە «جوندولئیسلام و ئەنسارولئیسلام». کە (عەرەب و ئەفغان)یشیان لەناودا هەبووە. دیارە کورد چ پێش ٢٠٠٣ و چ دوای ئەوەو تا ئێستا زیانی لەو گرووپانە پێگەیشتووە.

بێگومان یەك هۆکار لەپشت سەرهەڵدان و نەشونمای ئەو گرووپانەدا نییە. ئەو گرووپانە زەرەرێکی کەمیان لە ئەمریکییەکان نەدا، بەڵام لە ماوەی نێوان ساڵانی ٢٠٠٥ تا ٢٠١٠دا ئەمریکاش زەبری توندی لێ دان و چەندین سەرکردەی لێ کوشتن (لەوانە زەرقاوی) و گرتن و تا رادەیەك کز و لاواز بوون، بەڵام لەناو نەچوون و شانە نووستووەکانیان خۆیان حەشار دا، لێرەو لەوێ خۆیان رێکخستەوە. ئاخر هەم ژینگەی سوننەکان و هەم رەوتار و سیاسەتی حوکمڕانیی شیعە بەرانبەر سوننەکان و هەم بە کۆمەکی ئەم دەوڵەت و ئەو دەوڵەتی ناوچەکە ئەو گرووپانە مانەوەو بەناوی دیکە دەرکەوتنەوە. لە دوای سەرهەڵدانی هەرای سوریا و رەوتاری نائینسانییانەی رژێمەکەی ئەوێ، بەکەڵکوەرگرتن لە تەوەربەندیی شیعە و سوننە لە دەڤەرەکەدا، مەیدان بۆ ئەو گروپە خۆشبوو کە مایەی خۆی لە سوریا بکات و بە هەزاران چەتەی جیهادی لە (ئەندەنوسیا، مالیزیا، ئەفغانستان، چیچان، تورکیا، مەغریبی عەرەبی، یەمەن، میسر، لیبیا، سۆمال، وڵاتانی کەنداو، ئەمریکا و وڵاتانی ئەوروپا)وە لە رێگەی جیاجیاوە (ئەردەن، سعودیە، تورکیا) بێنە ناو عێراق و سوریا و پێوەندییان پێوە بکەن و لە رووی پێکهاتەوە ببنە رێکخراوێکی تیرۆریستی نێودەوڵەتی هاوشێوەی قاعیدە و لە یەك کاتدا هەم شەڕی «جەبهەی نوسرە» و «جیش الحر» و «یەپەگە و کوردی رۆژئاڤا» و «رژێمی ئەسەد» بکات و کۆنترۆڵی زۆربەی ناوچەکانی هەردوو پارێزگەی دیرزور و رقە بکات و چەك و چۆلێکی زۆری بکەوێتە دەست. دیارە لە سەرەتای ئەمساڵیشەوە، داعش هاتنەوە فەلوجەو رومادی و لە ٦/١٠یشدا موسڵ و پاشان بەشێکی زۆری پارێزگای سەلاحەددین و دیالەو ناوچە عەرەبنشینەکانی پارێزگای کەرکووك -یان کۆنترۆڵ کرد و چەك و تفاقێکی زۆر و کارپێ نەکراوی چەند فیرقەیەکی سەربازی و پۆلیسی ئیتیحادییان کەوتەدەست و لە ٢٩/ ٦دا ئەبوبەکر بەغدادی خۆی وەکو خەلیفەی دەوڵەتی ئیسلامی راگەیاند. بە قەولی جیهادییەکانیش دەرەوەی ئەو دەوڵەتە بە (دارالکفر) دەزانرێ و لەنێوان ئەو دوو (دارە)دا جیهادێکی بەردەوام هەیە. واتە دەرەوەی




قەڵەمڕەوی ئەو دەوڵەتە، لە هەردەم و ئان و ساتێکدا بابەتی جیهاد و ئەنفال و سەبایە.

بەلای منەوە دڕندەیی داعش هۆکارێکی دیکەشی هەیە، ئەوژی گیانی رك و تۆڵەی ناسیۆنالیزمی شکستخواردووی عەرەبی سوننەیە کە مخابن لەبری ئەوەی رابەرو سەرکردەی هێورو واقیعبین بەرهەمبهێنێ، هاونموونەی ئەبوبکر بەغدادی و هاوشێوەکانی بەرهەم دێنێ. دەنا چ راڤە و لێکدانەوەیەك دەکرێ کە لە سەرەتای گرتنی موسڵ و ناوچەکانی تردا، بەعسییەکانی عزت دوری و نەقشبەندییەکان و جەیشی ئیسلامی و نازانم چی و چی دیکە، خۆیان خستە خزمەت ئەو گرووپەوەو شاباشیان کرد و دەیانگوت ئەوە راپەڕینی عەشایەر و شۆڕشگێرانە. راستە نوخبەی حوکمڕانیی شیعە لە عێراقدا ئۆباڵی ئەو خزینەی سوننەکان بۆ باوەشی داعش هەڵدەگرێ، بەڵام ناکرێ گیانی «بەدەوییانە» و «خۆ بەزلزانین و شۆفینیستی و دڕندانەی نەتەوەیی، کە قۆناخ بە قۆناخ هاتووەو بۆتە کولتوور فەرامۆش بکرێ. دەنا هاوکاریی عەرەبەکانی دانیشتووی گوێر، مەخموور، دەوروبەری رەبیعەو بەنداوی موسڵ و شنگال و قەرەتەپەو داقوق و جەلەولا بۆ داعش و تاڵانکردنی ماڵی کوردان چۆن لێکدەدرێتەوە؟ باشە ئەوە مالیکی لەگەڵ عەرەبی سوننە خراپ بوو، کورد چی؟ چما کورد لەو ناوچانەدا پارێزەری سەروماڵی عەرەبان نەبوون، بەتایبەتی لە دوای ٢٠٠٣ـەوە، ئەی کوردستان نەبووە پەناگەی ئارامی هەر کەسێك لە ستەم رایکردبێ، یان لەبەر نەبوونی ئەمن و ئەمانەت یان بۆ کار و کاسبی پەنای بۆ کوردستان هێنابێ؟ ئەوە رۆحە بەدەوییە بەدەغەزەکەیەو لە بەرگێکی تردا زیندوو بۆتەوە.

## ● ژمارەو پێکهاتەی چەتەکانی داعش:

ژمارەی چەتەکانی داعش چەندە؟ بە قسەی سەنتەرێکی توێژینەوە Brookings ژمارەیان لە سوریا نزیکەی ٧ هەزار و لە عێراقیشدا ٦-٧ هەزار چەکدار دەبێ. لێ بە مەزندەی هەندێ سەرچاوەی تر ژمارەیان خۆی لە ٥٠٠٠٠ چەتە دەدا. سەرکردەو ئەمیرەکانی ئەو چەتانە، چیچانی و ئەفغانی و عێراقین، بە قسان سوودیان لە شارەزایی و ئەزموونی هەندێ کۆنە ئەفسەری پێشووی عێراق وەرگرتووە هەموو جۆرە راهێنان و شەڕێکیان بینیوە، وەك: شەڕی ناو شاران، شەڕی لێدەو هەڵێ، شەڕی بەرەیی... بەڵام زۆرینەی چەکدارەکانیان خەڵکی عەرەبی سوننەمەزهەبی عێراق و سوریان. سەبارەت بە راهێنان و مەشقکردنیان راپۆرت و هەواڵی جیاجیا هەیە و دەستی تۆمەت بۆ زۆر لایەن و دەوڵەت رادەکێشرێ. لە ئایندەیەکی نزیکدا راپۆرتی ئیستخباراتییەکان زۆر شت ئاشکرا دەکەن.

راستە شارەزایی هەموو جۆرە چەك و شەڕێکن، بەڵام وەك دەبیندرێ چ لە بەرانبەر یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) لە رۆژئاڤا و چ لە رووبەڕووبوونەوەی هێزی پێشمەرگە لە باشوور، خۆڕاگر نین و دەبەزن.

سەرچاوەی دارایی داعش

هەندێ سەرچاوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە داعش نزیکەی ٢ -٥ ملیار دۆلار و هەندێ سەرچاوەی تریش دەڵێن: خاوەن ٨ ملیار دۆلارە. داعش ئەو حەمکە پارەیەی لە کوێ دەسکەوتووە، یان دەستدەکەوێ؟ لە وەڵامدا دەکرێ بە چەند خاڵ پۆلێنیان بکەین، لەوانە:

- داعشەکان وەکو هەر گرووپێکی چەتە، راو و رووت دەکەن و بە زۆر سەرانە و (جزیە) لەو ناوچانەی کەوتوونەتە ژێر دەستیان وەردەگرن. پێش ئەوەی موسڵ بگیرێ، لە خاوەن دووکان و بازرگان و قۆنتەراتچی و... سەرانەو (خاوە) لەلایەن چەندین گرووپی توندڕۆی قاچاخ وەردەگیرا.

- هەر شارو شارۆچکەیەکیان کەوتبێتە بندەست، دەستیان بەسەر پارەو پوڵی بانك و دامەزراوە حکوومییەکاندا گرتووە.

- نەوتی ئەو چاڵ و بیرە نەوتانەی کە لە سوریا و عێراق کەوتۆتە بندەستیان بە قاچاخ و بە هەرزان دەفرۆشنەوە و لەمڕووەشەوە دەست بۆ ئەملاو ئەولا رادەکێشرێ.

- باروبوو و کۆمەکی کەسایەتی سیاسی و ئایینی و

**ئەمریکا و وڵاتانی ئەورووپی هاتوونەتە سەر خەت و کۆمەکی سەربازی و ئینسانی هەرێمی کوردستان دەکەن، بەڵام ئەوە بەس نییە، بەڵکە دەبێ رێبوێنی دی بگیرێتەبەر کە یەکەمیان بەهاناوەهاتنی خێراو پاراستنە**




بازرگان و پارەداری وڵاتان (سعودی، عێراق، قەتەر، ئیمارات، میسر، تورکیا...). ماوەیەك لەمەوبەر لە هەندێ سایتی ئەلیکترۆنی راپۆرتێك بڵاوکرایەوە.

● **داعش لە قاعیدە خەتەرترە!**

بەهەرحاڵ هەندێ ناوەند داعشیان پێ لە رێکخراوی قاعیدە خەتەرترەو ئۆباما بە «سەرەتانی ناوچەکەی» ناو دەبات و شارەزایەکی ئەو گروپانە کە هاوکاری ژەنەراڵ داڤید پاتریۆس بووە لە عێراقدا دەڵێ: «داعش گرووپێکی هەرە گرنگی تیرۆریستە لە جیهاندا، چونکە توانا جەنگییەکانی قاعیدەو توانا ئیدارییەکانی حزبوڵڵای پێکەوە کۆکردۆتەوە». ئەگەر مەبەست شێوازی رەوتار بێ، ئەوا هیچ جیاوازییەکیان نییە، خۆ جەماعەتی تەوحید و جیهادی زەرقاوی-یش بە ڤیدیۆ، سەربڕاندنی خەڵکی سڤیل و نەیارانی خۆیان بڵاودەکردەوە. چەتەیی و تاڵان و برۆ و سەرانەساندن و (ئیبتیزاز) سیمای هەردوو رێکخراوەکەیە. پێکهاتەی هەردووکیان لە یەکتر نزیکەو سەرەتاگە فیکری و سیاسییەکانیشیان هەر یەکە. ئەی خەتەرەکەیان لە کوێدایە؟

داعش لە ناوچەیەکی گرنگی رۆژهەڵاتی ناڤیندایە (بەشێکی سوریاو بەشێکی عێراق) و نزیکن لە سەرچاوەکانی نەوت و ئیسرائیل. ئەگەر کۆنترۆڵی سوریا، یان عێراق بە تەواوی بکەن، بەرژەوەندیی زۆرلایەن بە دەوڵەتانی زلهێزی دنیاشەوە دەکەوێتە خەتەر، واتە داعش تەنیا مەترسی نییە بۆ سەر بەهاکانی دیموکراسی و لێبوردەیی و مافەکانی مرۆڤ. پرسیارەکە ئەوەیە، راستە داعش لە دوای ٦/١٠شەوە هێز و برست و چەك و تفاق و ناوچەیەکی بەرفرەتری کەوتە دەست، بەڵام خۆ پێش ئەوەش لە فەلوجە و ئەنبار و هەندێ ناوچەی دیالە و نەینەوا (ناوچەی حەزەر) و دوو پارێزگای سوریا هەبوون و پەلاماری چەندین لایان دەدا. داخوا پێشبینی خەتەری ئەو رێکخراوە تیرۆریستە نەدەکرا؟ یان داعش گەورە بوون و لەدەست دەرچوون، یان...؟

● **داعش و کەمەنەتەوە و ئایینەکانی دی:**

لە دوای ٢٠٠٣ەوە کەمینەکانی مەسیحی و ئێزیدی و کاکەیی و شەبەك و سابیئە لەچاو قەبارەی خۆیان زەبری گەورەیان پێکەوتووە. ئاماری ورد لەبەر دەستدا نییە. بەر لە داعش-یش خەڵکی سڤیلی ئەو کۆمەڵانە چ تاك تاکە و چ بە کۆمەڵ کوژراون، مەزار و شوێنە پیرۆزەکانیان تەقێنراونەتەوە و ناچاری ماڵبارکردن و هەڵاتن کراونەتەوە. دیارە بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقاندن و خۆسەپاندن و ورە پێ بەردان، رێباز و میتۆدی کارپێکراوی رێکخراوە تەکفیرییە جیهادییە تیرۆریستەکان بووە. بەڵام دوای ٦/١٠ ئاستێکی تری بەخۆوە گرت، بە زۆر کردنە موسڵمان و خەتەنەکردنیان، جزیە وەرگرتن و دواتر دەربەڕاندن و زەوتکردنی ماڵ و موڵك و دەستبردن بۆ عەرز و ناموسیان، لە دوای ٨/٢یشەوە لە ناوچە ئێزدینشینەکاندا ئەو رێبازە گەیشتە لوتکە، کە بە هەموو پێوەرێك بە ژینۆسایدی کەمینەیەکی ئایینی و ئیتنی دەزانرێ و کۆمەڵکوژییەکەی گوندی (کۆچۆ)یش نموونەیەکە.

● **ژینۆساید و ئەرکی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی:**

وەك دەزانرێ، ژینۆساید، تاوانێکی نێودەوڵەتییە. تاوانی نێودەوڵەتیش ئەرکێکی قانوونی دەخاتە ئەستۆی سەرجەم کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، واتە Erga omnes کە دەبێ شەرمەزاری بکەن، رێگەی روودان و دووبارەبوونەوەی نەدەن و ئەو کۆمەڵە بپارێزن کە رووبەڕووی ژینۆساید دەبنەوە. راستە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ٨/١٥دا بڕیارێکی بە کۆی دەنگ دا لە ژێر بەندی حەفتەمی میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لەناو

هەندێ ناوەند داعشیان پێ لە رێکخراوی قاعیدە خەتەرترەو ئۆباما بە «سەرەتانی ناوچەکەی» ناو دەبات و شارەزایەکی ئەو گروووپانە کە هاوکاری ژەنەراڵ داڤید پاتریۆس بووە لە عێراقدا دەڵێ: «داعش گرووپێکی هەرە گرنگی تیرۆریستە لە جیهاندا، چونکە توانا جەنگییەکانی قاعیدەو توانا ئیدارییەکانی حزبوڵڵای پێکەوە کۆکردۆتەوە



بڕیارەکەدا هاتووە: نابێ هیچ لایەنێك باروبووی گرووپە تیرۆریستەکان بکات لە سوریا و عێراق و نەوتیان لێ بکڕێ. ڕاستە ئەمریکا و وڵاتانی ئەورووپی هاتوونەتە سەر خەت و کۆمەکی سەربازی و ئینسانی هەرێمی کوردستان دەکەن، بەڵام ئەوە بەس نییە، بەڵکە دەبێ ڕێوشوێنی دی بگیرێتەبەر کە یەکەمیان بەهاناوەهاتنی خێراو پاراستنە. ئینجا هاوکاریکردنی کوردە کە بتوانێ دیفاع لە خۆی بکات و لەو شەڕەی کە دژی تیرۆر دەیکات پشتی بگیرێ و «حیمایە»ی نێودەوڵەتی بۆ دابنرێ. لەهەمانکاتدا پێویستە ئەو پشتگیرییە نێودەوڵەتییە گرێ نەدرێ بە پێکهێنان و ڕەزامەندیی حکوومەتی عێراقەوە.

## ● حکوومەتی عێراق و داعش:

بۆ هەموو لایەك ڕوون بۆوە کە هەم پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا شێواوەو لەنگەو هەم پێکهاتەی سوپای عێراق و هەم پێوەندیی نێوان پێکهاتە سەرەکییەکانی عێراق نادروستە.

ئاخۆ حکوومەتی داهاتووی عەبادی ئەو شێواوی و ناهاوسەنگییەی پێ چا دەکرێتەوە؟ ئایا حکوومەتی داهاتوو شەڕی داعشی پێ دەکرێ؟ گریمان حکوومەت بەمزووانە پێکهات. نوێنەرانی کوردو شیعە تا ڕاددەیەك لەناو پێکهاتەکانی خۆیاندا قسەیان دەڕواو جێگەی بەقان. ئەی داخوا نوێنەرانی سوننە (مەبەستم کوتلەی موتەحیدون و کوتلەکەی موتلەگ و کوتلەکەی سەلیم جبووری و کوتلەکەی ئەیاد عەللاوی و...) تا چەند جێگەی بەقای عەرەبی سوننە و عەشایەری عەرەبیی سوننەن، تا بە ناوی ئەوانەوە بەشداریی لە حکوومەتدا بکەن؟ کێ دەبێ ناوچە سوننەنشینەکان لە داعش پاك بکاتەوە، یان بە کێ دەکرێ؟ پاش پاککردنەوەی ناوچەکانیان ئایا هەر بەشێوەی جاران ئیدارە دەدرێنەوە؟ سوننەکان چۆن تەماشای ناوچەکانی ماددەی ١٤٠ دەکەن؟ بەداخەوە هێشتا ئاسۆیەکە ڕوون نییە و بەئاسانی وەڵامی ئەم پرسیارانە نادرێتەوە؟ پێموا



**داعشەکان وەکو هەر گرووپێکی چەتە، راو و رووت دەکەن و بە زۆر سەرانە و (جزیە) لەو ناوچانەی کەوتوونەتە ژێر دەستیان وەردەگرن**

نییە، جەیشی عێراقی بەو پێکهاتەی ئێستای ئەو کارەی پێ بکرێ و پێشموا نییە ئەوە کاری پێشمەرگەش بێت. واتە پێشمەرگە ئەو ناوچە سوننەنشینانە بگرێتەوەو دواتر رادەستی «سوننەی مودێرات - ئەگەر هەبن»یان بکاتەوە، پێشمەرگە تەنیا لەسەر خاکی خۆی شەڕی داعشی پێ دەکرێ. لە سۆنگەی ئەمەوە پێموایە، شەڕی تیرۆر درێژە دەکێشێ، چونکە ژینگەی سوننەکان ژینگەیەکی لەبارە. ئاخر داعش بە تەنیا نییە، ١٠-١٢ گروپی دی هەن. ئەگەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە قورساییەکی زۆرترەوە نەهێتەپێشەوەو لە داعش نەدات، لە عێراق و لە سوریا دەرناپەڕێندرێن. وەك دیارە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەگەر لەسەر بەرەنگاربوونەوەی توندی داعش لە عێراق کۆك بن، باوەڕ ناکەم لەسەر بەرەنگاربوونەوەی داعش لە سوریا رێکبن، چونکە هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و دەوڵەتانی ناوچەکە لەبەرانبەر رژێمی سوریا جیاوازە. ئەگەر حکوومەتێك هەمووانی تێدا بەشدار بێ لە عێراق، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی یاریدەی عێراق دەدات، ئەی حکوومەتی سوریا چی، ئەی ئۆپۆزیسیۆنی سووری چی؟ کەواتە داعش بەئاسانی لەبن ناهێنرێ. لەم سۆنگەیەوە وەزیری دەرەوەی فەڕەنسا دەڵێ: «بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش پێویستە هەموو وڵاتانی ناوچەکە بە ئێرانیشەوە لەتەك هەر پێنج دەوڵەتە هەمیشە ئەندامەکەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، بکەونە کار». تا ئێستا هەڵوێستی فەرمی و بە ئاشکرای حکوومەتی تورکیا روون نییە کە لە کوێی ئەم هاوکێشەدایە، راستە تورکیا لە خەمی قورتارکردنی ٤٩ کەسی بەبارمتەگیراوی وڵاتەکەیەتی لە دەست داعش، بەڵام وەك دەزانرێ، داعش ئەمانی نییە و بە هەمووانەوەدەدا.

## ● کورد و حکوومەتی بەغدا:

دیارە مالیکی کە بەربەستێکی بەردەم پرۆسەی سیاسی بوو لە عێراقدا، دوورخرایەوە. عەبادی کە هەر لە حزبەکەی ئەوەو «سەرەتاگە فیکری و سیاسییەکان»ی هەردووکیان یەکە بۆ پێکهێنانی حکوومەت راسپێردراوە. ئەمریکا و نەتەوە یەکگرتووەکان و ئێران و سعودیە و وڵاتانی دیکە پێشوازییان لەو راسپاردنە کرد و جەختیان لەوە کردەوە کە هیچ پێکهاتەیەك فەرامۆش نەکات و بە زوویی حکوومەت پێکبهێنێت. بە قسەی عەبادی بێ (ئەم حەفتەیە کابینەکەی دەباتە بەردەم ئەنجوومەنی نوێنەران). کورد بەشی خۆی گرفتی لەگەڵ بەغدا هەیە: گرفتی خاکی هەیە، گرفتی بودجەی هەیە، گرفتی شەراکەتی لە بەڕێوەبردندا هەیە، گرفتی پێشمەرگەو پڕچەککردنی هەیە، گرفتی نەوت و گازی هەیە... ئەگەر سەیری ئەو



گرفتانە بکرێن، ئەم خوێندنەوانەی بۆ دەکرێ:

١. ئەگەر کورد تەواوی ناوچەکانی خۆی بگرێتەوەو بتوانێ دیفاعی لێ بکات، لەسەر ئەرزی واقیع شتێك نامێنێ پێی بگوترێ گرفت، تەنیا ئەوە دەمێنێ لە باری قانوونی و ئیدارییەوە دانی پێدا بنرێ.

٢. گرفتی بودجە، ئەگەر وەك راگەیەنرا بتوانرێ رۆژانە (٢٠٠٠٠٠-٢٥٠٠٠٠) بەرمیل نەوت رەوانەی دەرەوە بکرێ و لە کۆتایی ئەمساڵدا ببێتە (٥٠٠٠٠٠)بەرمیل لە رۆژێکدا، ئەو گرفتەش بەرەو چارەسەرکردن دەچێ، بۆیە هزر دەکەم عێراق ئەو فاکتەرە لەبەرچاو بگرێ.

٣. گرفتی شەراکەت لەگەڵ عەبادی رەنگە لە سەردەمی مالیکی باشتر بێ، بەڵام شەراکەتی راستەقینەو دروستکردنەوەی متمانە کارێکی ئاسان نییە.

٤. گرفتی پێشمەرگە بەشێکی پێوەندیی بە خۆمان هەیە لە رووی رێکخستنەوەو راهێنانەوە و بەشێکی پێوەندیی بە مووچەو چەك و تفاق و زەخیرەی شەڕەوە هەیە، کە ئەوەیان ئەگەر بە (وەتیرە) و ئاراستەی ئێستا بێ، ئەوا وێدەچێ ئەو گرفتەش راستەڕێ ببێ، بەڵام بمانەوێ و نەمانەوێ درێژەکێشانی شەڕ هەرێمی کوردستان تووشی (ئیستینزاف) دەکات و پرۆسەی گەشەپێدان خاودەکاتەوەو هەموو بوارەکان دەکەونە خزمەتی کاری سەربازی و دیفاعییەوە، لێرەدا کۆمەك و هاوکاری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی گرنگی خۆی هەیە، بەڵام ئەو هاوکارییە چۆن و چەند و تا کەی بەردەوام دەبێ، بۆیە دەبێ لە چوارچێوەی عیراقدا چارەسەرێکی ریشەیی بۆ بدۆزرێتەوە.

٥. گرفتی گازو نەوت، پێموایە بە دەرکردنی قانوونی نەوت و گاز لە عیراقدا چارەسەر دەبێ و رەنگە رێککەوتن لەسەر دابەشکردنی سەروەت و سامان بکرێ. لەسەر زاری هوشیار زێباری کە ئەندامی شاندی دانوستانکاریی کوردە، ئەگەر زەمانەتی جێبەجێکردنی مافەکانی کورد نەبێ، کورد بەشداریی لە حکوومەتدا ناکات. زەمانەتەکە چییە، ئایا تەنیا مۆرکردنی بەڵگەنامەیەکی هاوبەش بەسە؟ یان تەنیا دانانی سەقفی زەمەنی بۆ جێبەجێکردنی داواکارییەکان بەسە؟ داخوا بوونی تەرەفی سێیەم پێویست نییە؟ ئایا پێویست نییە ئەوە بەدوادەرفەت بۆ یەکپارچەیی عێراق و بەشداریی کورد دابندرێ؟

پێموایە، شیعەکان هەلومەرجی ئەم دواییە و لەقبوونی حوکمڕانییەکەیان لە عێراقدا ئەو دەرسەی پێدان کە بزانن تێکدانی پێوەندیی لەگەڵ کورد و هەوڵی (تەحجیمکردن)ی هەرێمی کوردستان و سیاسەتی پەراوێزخستن بە قازانجی ئێستەو ئایندەی ئەوان و ئێمەش نییە. لەوەش گەیشتن کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەسەر کورد لە عێراقدا دێتەدەنگ و پێشهاتەکانی دوای ٨/٢ یان لەبەر چاوە. بۆیە پێموایە تا رادەیەك سەر بۆ مافەکانی کورد دێننەبەرێ.

## • ناوماڵی کورد خۆی:

بڵێین ناوماڵی کورد رێکەو هیچ عەیب و کەلەبەرێکی تێدا نییە، خۆمان هەڵدەخەڵەتێنین. بەڵام شەڕی داعش و کارەساتە مرۆییەکەی شنگال چ لەسەر ئاستی رەسمی (بەکردەوە) و چ لەسەر ئاستی میللی، کوردی وەك یەك نەتەوەی هاوچارەنووس نیشان دا. ئەوەتا نووسەرێکی تورك دەڵێ: «داعش هەموو کوردەکانی رۆژهەڵاتی ناوینی کردە یەك» (ئۆرهان کەمال جەنگیز، تودەی زەمان، ٢٠١٤/٨/٢١). راستە کوردستان دابەش بووە، هەر بەشەی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی خۆی هەیە، حزب و سەرکردایەتی خۆی هەیە، ستاتۆ و رەوشێکی جیای هەیە. بەڵام هاتنی پێشمەرگەکانی یەپەگەو پەکەکەو حزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان چ مانایەکی هەیە، با ئەو بەشدارییە سنووردariش بێ، بێ لەو هاوچارەنووسییە. هەقە لە هەموو ئاستەکاندا بە گرنگ بزاندرێ وەك چۆن سەرۆکی کوردستان بەر لە هەموان و بە کردەوە لە بەسەرکردنەوەی بەرەو قۆڵی مەخموور، سەردانی گەریلاکانی پەکەکەی کرد و دەستخۆشی

**شیعەکان هەلومەرجی ئەم دواییە و لەقبوونی حوکمڕانییەکەیان لە عێراقدا ئەو دەرسەی پێدان کە بزانن تێکدانی پێوەندیی لەگەڵ کورد و هەوڵی (تەحجیمکردن)ی هەرێمی کوردستان و سیاسەتی پەراوێزخستن بە قازانجی ئێستەو ئایندەی ئەوان و ئێمەش نییە**

**گرفتی شەراکەت لەگەڵ عەبادی رەنگە لە سەردەمی مالیکی باشتر بێ، بەڵام شەراکەتی راستەقینەو دروستکردنەوەی متمانە کارێکی ئاسان نییە**

**دڕندەیی داعش هۆکارێکی دیکەشی هەیە، ئەوژی گیانی رک و تۆڵەی ناسیۆنالیزمی شکستخواردووی عەرەبی سوننەیە کە مخابن لەبری ئەوەی رابەرو سەرکردەی هێورو واقیعبین بەرهەمبهێنێ، هاونموونەی ئەبوبکر بەغدادی و هاوشێوەکانی بەرهەم دێنێ**

لێکردن. هەر دەنگێك، لە هەر لایەکەوە بێ، بیەوێ لە مەغزای ئەو بەدەمەوەهاتنە کەم بکاتەوە یان ئاراستەکەی وەرسوڕێنێ زیان بەو هاوچارەنووسییە دەگەیەنێ.


لەسەر ئاستی میللی هاوچارەنوسیی نەتەوەیی خۆی نواند. وەکچۆن نەورۆز و سروودی ئەی رەقیب و هەڵەبجە و ئاڵای کوردستان بوونەتە هێماو رەمزی یەکبوونی نەتەوەییمان، کارەساتی شنگال-یش بووە هێماو رەمزێکی دی، ئەی کۆکردنەوەی هاوکاری و باروبوو لە کرماشان و سنە و مەهاباد و شارەکانی دیکەی رۆژهەڵاتی کوردستان چ دەلالەتێکی تری هەیە؟ یان بەسەرکردنەوەی ئاوارەکان لە لایەن شارەدارەکانی باکووری کوردستان و کۆکردنەوەی هاوکاری لە باکووری کوردستان، یان مانەوەی چەند هەزار کەسێکی ئاوارە لە رۆژئاوای کوردستان (کەمپی نەورۆز لە نزیك دێرکێ) سەرەڕای سەختیی گوزەرانی ئەو بەشەی کوردستان و شەڕی بەردەوامی داعش، ئایا هەمان مەغزاو دەلالەتی نییە؟ ئەوە نموونەیەکی تازەیە، دەنا نموونەی نزیکی دیکەی ئەو هاوچارەنووسییە لەنێوان کوردانی هەر چوار پارچەدا هەبووەو هەیە.

لەم کاودان و ئەو بەخۆداهاتنەوە نەتەوەییەدا، مخابن شەڕە دەنووکیی نێوان لایەنگرانی یەکێتی و پارتی، لەم کەناڵ و ئەو کەناڵی راگەیاندن، یان لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووك دەبیندرێ، کە بە یەکدی تۆمەتبارکردن و کوڵاندنەوەی برینەکان و تانە لەیەکتردان و تیژکردنەوەی گیانی تەسکیی حزبایەتی ئەو هاوچارەنووسییە دەبنە ژێر پرسیار! خۆشبەختانە مەکتەبی راگەیاندنی هەردوولا کۆبوونەوەو وێدەچێ جۆرێ لە رێککەوتنیان کردبێ. هەقە حزبەکان ئەگەر پێشقەرەوڵ نابن، با لەئاست هەستی خۆڕسکیی میلليدا بن و خوێنی پێشمەرگەکانیان لەبەرچاوبێ کە لە تەواوی بەرەکانی شەڕی داعشدا تێکەڵ یەکتر دەبن، دەبا هەموومان قەبارەو گەورەیی کارەساتەکەی شنگال و ئێزدییەکانمان لەبەرچاوبێ کە ویژدانی زیندووی مرۆڤایەتی بزواندو هەژاند و هێنایە سەر خەت. ئاخر تیرۆریستان بە ئەتککردنی کچانی شنگال کەرامەتی نەتەوەیی یەکەیەکەی ئێمەیان شکاند، تەنیا بە تێکشکاندنی داعشییەکان ئەو کەرامەتە دەکڕینەوە و ماوەیەکە دەستپێشکەریی کەوتۆتەوە دەست پێشمەرگە لە بەرانبەر داعشدا و شوێن و کاتی هێرش و پەلامار دیاری دەکات. ئەوەش ئەرکی یەکەیەکەی گەلی کوردستانە.

دوا قسەم کە بە تەجروبە دەرکەوتووە، ئەوەیە کە باسکردن لە هۆکارەکانی هەر نسکۆیەك، لە گەرمەی نسکۆدا هەرگیز بابەتی نەبووە، سۆز و هەڵچوون و کاردانەوەی پێوە دیار دەبێ. با ئەوە بۆ کاتێکی لەبارتر هەڵبگرین.

# تەتەڵەی خەلافەت لە ئیستانبوولەوە بۆ موسڵ

(٢)



فەرید ئەسەسەرد
بۆ گوڵان دەینووسێت

کاتێك مستەفا کەمال ئەتاتورك لەساڵی ١٩٢٤ خەلافەتی هەڵوەشاندەوە، پەی بەوە بردبوو کە ئەم کارەی دەنگدانەوەیەکی گەورەی لە جیهانی ئیسلام لێ دەکەوێتەوەو لەناو تورکیاش بەرهەڵستی دەکرێ، بەڵام پێشبینی نەدەکرد هاووڵاتییەکانی بۆ گێڕانەوەی خەلافەت شۆڕش بکەن. بەکردەوە نیوەی پێشبینییەکەی راست دەرچوو، چونکە هاووڵاتییە تورکەکانی بۆ گێڕانەوەی خەلافەت شۆڕشیان نەکرد، بەڵام هاووڵاتییە کوردەکانی بڕیارەکەیان رەتکردەوەو بڕیاریاندا بەچەك رووبەڕووی ببنەوە.

ئەگەرچی ئەدەبیاتی نەتەوەییمان جەخت دەکاتە سەر روخساری نەتەوەیی شۆڕشی ساڵی ١٩٢٥ی کوردی باکوور بە سەرکردایەتیی شێخ سەعید پیران، بەڵام هاندەری ئایینی لەم شۆڕشەدا فاکتەرێك نییە کە بتوانرێ بشاردرێتەوە. ئەمەش نیشانی دەدا کە مێژووی سیاسیمان پێویستی بە پێداچوونەوەیەکی ریشەیی و رەخنەگرانەیە. دەبێ مێژوو وەك ئەوەی کە بووە، نەك وەك ئەوەی کە دەخوازرێ، تاوتوێ بکرێ.

ساڵێك پێش هەڵوەشـــاندنەوەی خەلافەت، تورکیا لەساڵی ١٩٢٣ لە لۆزان ڕێککەوتننامەی لەگەڵ هاوپەیمانان واژۆ کرد، تێیدا مافی دروســـتکردنی دەوڵەت بەپێی پەیمانی ســـیڤەر لە کوردی باکوور سەنرایەوە. مایەی تێڕامانە کە کوردی باکوور لەکاتی واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی لۆزاندا هیچ بەرهەڵستییەکی نەنواندەوەو پێی لەسەر پەیمانی سیڤەر دانەگرت! کەچی ساڵێك پاش هەڵوەشاندنەوەی خەلافەت، گەورەترین شۆڕش لە کوردستان لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیســـتەم هەڵگیرسا. شۆڕشەکە ئەم پرسیارە لەبەردەمماندا قـوت دەکاتەوە کە بۆچی کورد لەدژی هەڵوەشـــاندنەوەی پەیمانی ســـیڤەر شۆڕشـــی نەکـــردووە، کەچی لەدژی هەڵوەشاندنەوەی خەلافەت شۆڕشی کردووە؟

گومانی تێدا نییە کە فاکتەری نەتەوەیی لە شۆڕشی ١٩٢٥ فاکتەرێکی ون نییە، بەڵام هەرچۆنێك هەڵســـەنگاندن بۆ مەسەلەکە بکرێ، لە سەرەنجامدا هەر ئەوە دەردەکەوێ کە فاکتەری نەتەوەیی، بە بەراورد لەگەڵ فاکتەری ئایینی فاکتەرە لاوازەکە بووە. ئەگەرچی سەرکردایەتیی شۆڕشەکە گوزارشـــت لە هاوپەیمانییەکی ئایینی - نەتەوەیی دەکا، بەڵام لە ســـۆنگەی لاوازیی چینی بورژوازییەوە، ڕۆڵی سەرکردە لیبراڵەکان کە ڕەچەڵەکی زۆربەیان دەچێتەوە سەر زەویدار و دەربەگە گەورەکانی دانیشـــتووی شارەکان، لە شۆڕشەکەدا وەك ڕۆڵێکی لاوەکی ماوەتەوە. سەرکردایەتیی راســـتەقینە زۆرتر لە دەســـتی شێخە نەقشـــبەندییەکاندا بوو. هەر لەســـەر دەســـتی ئەوانیش شۆڕشەکە بەرگێکی سوننەگەرای لەخۆیەوە پێچاو وایکرد کوردە عەلەوییەکان بەشداریی تێدا نەکەن، بگرە دژایەتیشی بکەن.

هەڵوەشـــاندنەوەی خەلافـــەت خۆی لەخۆیـــدا فاکتەری نەتەوەیی ورووژاند. تا پێش هەڵوەشاندنەکە، دەوڵەت کورد و تورکی بە «موسڵمان» دادەنا، بەڵام پاش هەڵوەشاندنەکە دەوڵـــەت ناســـنامەی تورکبوونی بـــە هاووڵاتییەکانی بەخشی. ئەمە بەم مانایە دێ کە نەمانی خەلافەت هیچ پەیوەســـتێکی لە نێوان کوردو تورکدا نەهێشتووە تا لە ژێر ئالای یەك دەوڵەتدا بژین.

کورد پاش هەڵوەشـــاندنەوەی خەلافەت، چووە ســـەر ئەو بـــاوەڕەی کە لێرە بەدواوە ناتوانێ لە دەوڵەتێکی عەلمانیدا بـــژی، چونکە لەبیرکردنەوەی ئەو کاتەی کورددا کوفر و عەلمانیەت یەکســـانن بەیەکتری و موسڵمان نابێ سەر بۆ دەسەڵاتێکی نائایینی کەچ بکا.

لەناو گەلانی موســـڵماندا کورد تاکـــە گەلە بزووتنەوەی چەکداری بۆ گێڕانەوەی خەلافەت هەڵگیرســـاندووە. دوو ڕاگەیاندنەکەی شـــێخ سەعید پیران گەوهەری شۆڕشەکە دەردەخەن. لـــە ڕاگەیاندنـــی یەکەمدا جەخـــت کراوەتە ســـەر جیابوونەوە لە تورکیا و گێڕانـــەوەی خەلافەت. لە ڕاگەیاندنی دووەمدا بانگەشـــە بۆ میر ســـەلیمی کوڕی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم وەك پاشای کوردستان کراوە. هەردوو ڕاگەیاندن ئەگەر بە شـــێوەیەکی بابەتییانە شـــی بکرێنەوە، ئیسلام و کوردایەتی پێکەوە گرێ دەدەن، بەڵام تای تەرازووی فاکتەری ئایینـــی لەتای کوردایەتییەکە قورســـترە. تائێســـتا هیچ بەڵگەیەك لەسەر ئەوە نییە کە میر ســـەلیم ئاگاداری ئەو جموجوڵەی کورد بووەو هیچ لەبارەی ئەوەوە نەزانراوە کە ئاخۆ لەم مەســـەلەیەدا پرسی پێ کراوە، یـــان نا، یاخود ڕەزامەندیی نیشـــان داوە، یان ڕەتیکردۆتـــەوە. بەڵام بەوەی کە لەو کاتەدا میر ســـەلیم لە ســـووریا ژیاوە، دەرفەتێك بۆ ئـــەوە پێکدێ کە ڕەنگە پەیوەندیی پێوە کرابێ.

جەرجیس فەتحوڵڵا لەو بڕوایەدایە کە شێخ سەعید خەلافەتی لە کوردایەتی بەلاوە گرنگتر بووەو لەم بۆچوونەدا پشـــت بەو بەڵگەیە دەبەستێ کە ئەگەر کوردایەتی بەلاوە گرنگتر بوایە، دەچوو شـــێخ عەبدولقادری نەهری، یان یەکێ لە نەوەکانی میر بەدرخانی بۆ پاشایەتیی دەوڵەتی کوردستان کاندید دەکرد[١].

دیارە هەڵوەشـــاندنەوەی خەلافەت لە تورکیا، کاریگەریی گەورەی لەســـەر چارەنووســـی کوردســـتانی باشـــوور بەجێهێشـــت، چونکە ڕاپەڕینی کـــوردی باکوور لەدژی ئەنکەرە بۆ گێڕانەوەی خەلافەت، لەسەرەنجامدا هەڵوێستی تورکیای لە کێشـــەی ویلایەتی موسڵ لەق کرد. کاتێك کۆمیسیۆنی کۆمەڵەی گەلان دەستی بە مشتوماڵکردنی کێشەی ویلایەتی موسڵ کرد، نەیتوانی ئەوەی لەبەرچاو نەبێ کە ئەگەر کـــوردی باکوور هەوڵی جیابوونەوەیان لە تورکیا دابێ، بۆ دەبێ کوردی باشـــوور ڕادەستی تورکیا بکرێن؟ سەرەنجام مەسەلەکە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بەو ئاراستەیە ڕۆیی کە کۆمەڵەی گەلان کوردستانی باشوور پێشکەش بە عیراق بکا، نەك بە تورکیا.

لەباری ســـەرنجی مێژووەوە، هەڵوەشـــاندنەوەی خەلافەت کە فاکتەری ســـەرەکیی هاندانی کوردی باکوور بووە بۆ بەرپاکردنی شۆڕش لە دژی کەمالیستەکان، لەبەرەنجامی کۆتاییـــدا، کێرڤی کوردایەتـــی بەرەو هەڵکشـــان بردوو لە بزاڤێکـــی (ئایینی- نەتەوەیی)ـەوە کـــردی بە بزاڤی دروســـتکردنی نەتەوە. بەڵام بەدڵنیاییەوە ئەمە تەنها پاش ئەوە هاتەئاراوە کە شۆڕشەکە سەرکوت کراو کورد لە تۆمارە فەرمییەکاندا وەك گرووپێکی جیاواز لە تورك نەمایەوە.

**هەڵوەشاندنەوەی خەلافەت خۆی لەخۆیدا فاکتەری نەتەوەیی ورووژاند. تا پێش هەڵوەشاندنەکە، دەوڵەت کورد و تورکی بە «موسڵمان» دادەنا، بەڵام پاش هەڵوەشاندنەکە دەوڵەت ناسنامەی تورکبوونی بە هاووڵاتییەکانی بەخشی. ئەمە بەم مانایە دێ کە نەمانی خەلافەت هیچ پەیوەستێکی لە نێوان کوردو تورکدا نەهێشتووە تا لە ژێر ئالای یەک دەوڵەتدا بژین**

١. جرجيس فتح الله، يقظة الكرد تاريخ سياسـي ١٩٠٠- ١٩٢٥، دار آراس للطباعة والنشر، اربيل، ٢٠٠٢، ص ٣٠٧.

### لە یادی مانگرتنی گشتیی کوردستاندا بەدژی تەعریبی شنگال:

# شنگال و کوردانی ئێزیدی
# لە تەعریبی بەعسەوە تا جینۆسایدی داعش

**کە ئازاد بوو، تکایە بچنە شنگال، تا بزانن کوردانی ئێزیدی چەند کوردن و شنگالییان چەند کوردستانیان خۆش دەوێت. تا ببینن، کوردستان چ خەڵکێك و چ شنگالێك و چ چیایەك و چ جێ نزرگەیەکی کوردەواریمان بۆ تیرۆریستان بەجێهێشت.**



عەبدولرزاق عەلی
**بۆ گوڵانی نووسیوە**

ئەمرۆ، ٢٠١٤/٨/٢٥، چلویەك ساڵی تەواو بەسەر یەکەمین و دوایەمین، مانگرتنی گشتیدا لە کوردستان تێپەڕدەبێت. لەو ڕۆژەدا، ئەو دەمەی سەرکردایەتیی شۆڕشی کوردستان، لە گەرمەی دانوستان و گفتوگۆکاندا لەگەڵ ڕژێمی بەعس، بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی یازدەی ئاداری ١٩٧٠، ئەو دەمەی بەعس نەك کەوتبووە، بیانوو و پاشگەزبوونەوە لە ڕێککەوتننامەکە، بگرە دوو ساڵان بوو کەوتبووە، پیلانگێڕیی بە دژی سەرکردایەتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان. لەو ڕۆژگارەدا، کە هێشتە هەڵسوکەوتگەلی دیموکراسییانە و مەدەنییانەی وەك مانگرتن و خۆپێشاندان و بەیاننامەی ناڕەزایی و هەبوونی ئازادیی ڕۆژنامەوانی، لە ڕۆژئاوا پێڕۆکەی دەکرد، ئەوە باسی ئەم دەوروبەرەی خۆمان هەر مەکە، کە ئەو شتانە چەند دانسقە و دەگمەن بوون، ئا لەو ڕۆژگارە تووشەی دیموکراسیدا، بەفەرمانی سەرۆکی نەمر، مستەفا بارزانی، مانگرتنی گشتی لە کوردستان ڕاگەیاندرا. لەم ڕۆژەدا، کوردستان کشومات، دووکان و بازاڕ، سەرلەبەری داخران. هاموشۆی ئۆتۆمبیلان تا ئاستێکی زۆر کەمبوونەوە. خەڵك نەچوونە سەر کار، چ حکوومەتی، چ کاسبانی ماڵی خۆیان. جەریدەکانی بەعس پرسییان: مانگرتنی گشتی بۆچی؟ خەڵکی کوردستان و شۆڕش و پارتی لە ڕێی «تەئاخی»یەوە وەڵامیان دانەوە: تەعریبی شنگال ڕاگرن. تۆپبارانی گوندەکانی کوردانی ئێزیدی و ڕاگواستنی بەزۆریان ڕاگرن. گوێزانەوەیان بۆ کۆمەڵگە زۆرەملێکان ڕاگرن.

بەعس چەند ڕۆژێك بوو دەستی بە ڕاگواستنی کوردانی ئێزیدی کردبوو، لە چیای شنگال و بناری چیا و پێدەشتەکانی باشوور و باکووری چیاوە، بۆ کۆمەڵێك کۆمەڵگەی زۆرەملی. لەو پەلامارانەدا، هاووڵاتییەکی زۆر شەهید و بریندار بوون. چواردەوری شنگالیشی بەگوندی عەرەبی هاوردە تەنی، کە ئێستێ دەرکەوت، ئەو تەعریبە چ مەترسییەك بوو بۆ سەر شنگال و شنگالییان.

هێشتە قوتابی دواناوەندیی سەرچنار بووم، هاوڕێ لەگەڵ کۆمەڵێك هەڤاڵی تردا، کە ئەندامی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بووین، شەوێکی هاوین کە باخەکەی سەرچنار جمەی دەهات لە سەیرانکەر، یەکێکی تری نەدەگرت، ئەو دروشمانەمان بەسەر خۆماندا دابەش کرد کە ڕاسپێردرابووین، بە دار و دیواری سەرچنار و دووکان و بازاڕ و باخەکەشەوە هەڵیانواسین. دروشمەکان دژی تەعریبی شنگال بوون، بەڵام زۆربەی دروشمەکان بەعەرەبی نووسرابوون، ئەگەرچی عەرەبییەکەم، هیچ نەبوو، وەلێ لە برادەرەکانم باشتر بووم، بۆیە یەکێك لە دروشمەکانم بیر نەچووەتەوە و مانا کوردییەکەشیم دەزانی: (فریای خەڵکی زوڵملێکراویی شنگال بکەون). ئەوە، یەکەمین یادگاری و بەریەککەوتنم بوو، لەگەڵ ناوی شنگالدا.

چونکە ڕۆژگار وەك شەپۆلی دەریا هەرجارە و بۆ شوێنێك و هەر ڕۆژگارەی بە ئاڕاستەیەکدا پاڵ دەنێت، ئەو شنگالەی ئەوێ ڕۆژێ بە ناوەکەی ئاشنا بووم و بووە کەڵکەڵە، ڕۆژگار هات و ڕۆیشت و بەدەیان جار سەردانی شنگالم کرد، چیای شنگالم نێزیکەی لەمسەر بۆ ئەوسەری تەی کرد. ئەوجا زۆر باشتر دەرکم بە گەورەیی بارزانی نەمر و گرینگی شنگالی کوردان کرد،

ئەوجا کەیفم بەخۆم دەهات، ڕۆژێك پارچە مقەبایەکم بۆ خزمەتی شنگال بە دیوارەکانی سەرچناردا هەڵواسیوە.
ئێستێ کە شنگال دیلی دەستی تیرۆریستانە و چیای سەرکەشی شنگال، بووەتە نیگای هەموو کوردێك لە هەر جێیەکی ئەم سەرزەمینە بێت، ژان و مەینەتییەکانی شنگالیان و کوردانی ئێزیدی بووەتە سەردێڕی یەکەمی میدیای دنیا، دیسان زۆر کەیفم بەخۆم دێت، لەو خەڵکە کەمینەیەی کوردستانم کە زۆر جاران چوومەتە شنگال و لە سەر لووتکەی پیرۆزی «چل مێرا»وە بەهەر چوار لای خۆمدا ڕوانییوە. بەرەو خوار، تا چاوبڕکات، سارای عەرەبانە. بەدەستی ڕاستتدا، زێدەڕۆیی نەبێت، نیوەی شامت لێ دیارە، بەلای دەستە چەپیشدا دەشتی کاکی بەکاکی تەلەعفەر تا مووسڵ، گەر ئاوڕێکیش بەلای باکووردا بدەیتەوە، تا باخ و بێستانی عەرەبانی خواپێداوی ڕەبیعە وەك لەپی دەست دیارە.
دەزانم تەعریب و ڕاگواستنی گوند و شارەکان، زۆر شوێنی کوردستانی هەلاهەلا کردووە، وەلێ هیچ شار و دەڤەرێکی کوردستان، هێندەی شنگال ئەنجن ئەنجن نەکراوە و جێدەستی ڕەشی بەعسیانی پێوە دیار نییە.
هیچ جێیەکی ئەم کوردستانە نییە، خەڵکەکەی هێندەی خەڵکی مەرد و کوردی شنگال، هەژار نەدار و قوڕبەسەر بن. ئێستێ وا داگیرکردن و دەربەدەری و تیرۆریستانی داعش و نامەردایەتی و بێ غیرەتی هاوسێکانیشیانی هاتەسەر. خەڵکی کوردستان بەگشتی و دەڤەرە کیمیابارانکراو و ئەنفالکراوەکان، قوربانی زۆریان داوە، بەڵام توخوا کە شنگال ئازاد بوو، بچن شنگال و ژیانی شنگالییان ببینن، بزانن، خەمی خۆتان بیر دەمێنێت. دەبێت شنگال ببینن، تا بزانن، ئەم خەڵکەی ئەمڕۆ لە پشتی تراکتۆردا دانیشتوون و لە نێو مەکتەب و سەر جادەکان دەخەون، چەند بەغیرەت و مەردن هەر بۆ ئەوەی بە کوردی بمێننەوە، هەر بۆ ئەوەی کوردستان گەشە بکات، چییان قبووڵ کردووە و دەنگیان لێوە نەهاتووە.
ڕاستتان دەوێت، ئەو کۆمەڵگانەی بەعس دروستی کردن، تا ئەمڕۆ کە داخەکەم تیرۆریستان تەراتێنیان تێدا دەکەن، هیچ مەرجێکی ژیانی مرۆڤیان تێدا نییە. کێ لەم کوردستانەی خۆمان باوەڕ دەکات، خەڵکی کوردپەروەری زۆربەی کۆمەڵگەکانی شنگال، ئەوە چلویەك ساڵە، ئاوی خواردنەوە و پێداویستی ڕۆژانەیان دەکڕن، کەچی دەنگ ناکەن. کێ لە ئێمە ئامادەیە دەیان ساڵ هاوینی پەنجا پلەیی بەبێ سەعاتێك کارەبا بەڕێ بکات.
کاتێکیش، پاش ٢٠٠٣ ئازاد بوون، لە نێوان ئیدارەی ئێمە لە کوردستان و ئیدارەی مووسڵی عێراقدا، ڕاستە ڕزگار و ئازاد بوون، لێ حاڵیان خراپتر بوو، کە دەبوا زۆر باشتر بێت.
بەداخەوە، لە کوردستان و لە نێو کورداندا، بۆنە زۆرن تا هەموو ڕۆژێك ئەو گوتە بەنێوبانگە بڵێینەوە: تا شتێکمان لە دەست نەچێت، قیمەتی نازانین. ئەمجارەیان شنگالە. داخی شنگال چەند گرانە. شنگال، بە ڕواڵەت وەك هەر شارێکی تری ئەم وڵاتە سووتماکەیە، وەلێ شنگال هەر خۆی شنگالە. هەمیشە زۆر لەو قسەیەی دۆست و برادەرانی شنگالییان دەترسام کە باسی شارەکەی خۆیان دەکرد، زۆر بەداماوییەوە دەیانگوت: شنگالا شەوتی. شنگالی سووتاو. ئاخر لە نێو ئیعلام و تەنانەت قسەی سەر زاری خەڵکەکەشدا، هەریەکە بەباڵای شاری خۆیدا هەڵدەدات. خەڵکی سلێمانی کە دەڵێن سلێمانی، هێندە بە شەوق و شانازییەوە دەیڵێن، سەد سلێمانییان لە دەم دەبارێت. هەولێریان کە دەڵێن پیرە هەولێرێ، حەز دەکەیت هەولێری بیت. کۆیەی خنجیلانە و دهۆکا دەلال و زاخۆی ڕەنگین پێدا بڕۆ. کەچی شنگالییان، هێندەیان جەور و ستەم بەدەست داگیرکەرانەوە بینیوە، هەر لە ڕۆمان و عوسمانییەکانەوە تا بەعس، هەر دەمیان دەکردەوە دەیانگوت: شنگالا شەوتی. تا داخەکەم شەوتی.
چەند ڕاستە کە دەڵێن مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە. بەداخەوە مێژووی شنگال هەر چەندساڵێك دووبارە دەبێتەوە، ئەمڕۆ، ڕۆژی شنگالییان و کوردانی ئێزیدی لە هەموو ڕۆژگاریان ڕەشترە. ئاخر یەکەمین جارە لە مێژوودا، شنگال لە خەڵکە ڕەسەنەکەی خاڵییە. یەکەمین جارە، شنگال بێ کوردانی ئێزیدییە، لە کاتێکدا، ئێزیدی لە ماوەی سەتان ساڵ و سەرەڕای حەفتا و سێ فەرمانی لەنێوبردنیان، نەك شنگالیان چۆڵ نەکردووە، بگرە ئێزیدییانی هەموو کوردستان کە ڕاوەدوو نراون و فەرمانیان بەدژ ئەنجام دراوە، لە چیای شنگال و لە خزمەت مەزاری پیرۆزی شەرەفەدین خۆیان گرتووەتەوە و پارێزراو بوون.
ئەگەرچی دڵنیام ئەم بارە ناهەموارە، ئەم نەهاتی و نەهامەتییە، تووڵانی نابێت و هاکا شنگالی کوردستان ئازاد بوو، بەڵام زیان و کارەساتەکە زۆر گەورەیە. کارەساتەکەش بە ئازادکردنی شنگال تەواو نابێت. ئازادکردنی هەرچی زووتری شنگال، زۆر پێویستە، وەلێ نیوەی ڕێگەکەیە.
شنگال و کوردانی ئێزیدی، پارە و سامان، پلە و پایە، پڕۆژە و ئاوی پاکی وەك چاوی قرژاڵ و جادەی شەست مەتری و کارەبای بیستوچوار سەعاتەیان لە کوردستان نەدەویست، ئەوان، ئەوانی کوردی ڕەسەن، تەنیا پارێزگارییان لە کوردستان دەویست، داخەکەم پێمان نەکرا.

**تەعریب و ڕاگواستنی گوند و شارەکان، زۆر شوێنی کوردستانی هەلاهەلا کردووە، وەلێ هیچ شار و دەڤەرێکی کوردستان، هێندەی شنگال ئەنجن ئەنجن نەکراوە و جێدەستی ڕەشی بەعسیانی پێوە دیار نییە**

## پرۆفیسۆر ئەرمین مارسۆبیتان

(یەکێک لەئەندامانی خێزانە ئەرمەنییەکان لە موساداغ کە ڕووبەڕووی ژینۆساید بوونەوە) بۆ گوڵان:

# ئەوەی پێش ١٠٠ ساڵ لە موساداغ بەسەر ئەرمەنییەکان هات، لە چیای شنگال بەسەر ئێزیدییەکان دووبارە بووەوە



پرۆفیسۆر ئەرمین تسۆلاگ مارسۆبیتان، سەرۆکی بەشی فەلسەفە لە زانکۆی (کونیتیکت) لە باکوری ڕۆژهەڵاتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بە ڕەگەز ئەرمەنییە و ئەندامی یەکێك لەو خێزانانەیە کە لە ساڵی ١٩١٥ و لە ئاکامی پیادەکردنی ژینۆساید دژی ئەرمەنەکان، ناچاربوون بە ئاشکرا واز لە ئایینی کریستان و ناسنامەی نەتەوەیی بهێنن و ببنە تورك و ئیسلام بۆ ئەوەی بتوانن بمێننەوە، بەڵام وەك لە پێشەکی توێژینەوەی (بە ئیسلامکردنی ئەرمەنییەکان لە پرۆسەی ژینۆساید) ئاماژەی پێکراوە، ئەوان بە ناچاری خۆیان وەك تورك و ئیسلام پیشانداوە، بەڵام لەماڵەوە و بە نهێنی پارێزگارییان لە ناسنامەی نەتەوەیی ئەرمەنی و ئایینی کریستانی خۆیان کردووە.

پرۆفیسۆر مارسۆبیتان، سەبارەت بە ژینۆسایدی کوردانی ئێزیدی و گوشارخستنە سەریان بۆ ئەوەی واز لە ئایینی ئێزیدی بهێنن و ببنە ئیسلام، دەڵێت: «کاتێك ئەو کارەساتە ڕوویدا، ڕۆمانی (موسا داغ)م دەخوێندەوە کە چۆن لە ساڵی ١٩١٥ لە ترسی ژینۆساید چوونە سەر چیایەك، ئێستاش کە ئێزیدییەکان لەتاوی ژینۆساید ڕوویانکردۆتە چیا، لە خۆمم پرسی: بۆچی دوای سەدەیەك مێژوو دووبارە بەمشێوە تراژیدییە خۆی دووبارە دەکاتەوە؟

پرۆفیسۆر مارسۆبیتان لەم دیمانەیەدا زامی موساداغ جارێکی دیکە تێکەڵاوی زامی چیای شنگال دەکاتەوە و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵان دەداتەوە.

**گــولاَن:** ئێمە دەزانیـــن دوای ژینۆســایدەکەی بەلقان کە لـــە نەوەدەکانی ســـەدەی ڕابردوودا ڕوویـــدا، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەگشـــتی و ئەمریکاش بەتایبەتی بەڵێنیان دا کە جارێکی دیکە لەسەر بنەمای ئایینی و ئیتنی ڕێگە بە کۆمەڵکوژی و ژینۆساید نادەنەوە، بەڵام ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا بەهۆی پەلامارەکانی داعشەوە پتر لە ملیۆنێك ئاوارەی ناوخۆیی هەن، کە لە مەسیحی و کوردانی ئێزیدی پێکهاتوون و بە سەدانیان لێ کۆمەڵکوژ کران، لەبەر ئەوەی ئامادە نەبوون ببنە ئیســـلام، ئایا چۆن جیهان لە ســـەدەی بیست و یەکدا ڕووبەڕووی ئەم دیاردەیە دەبێتەوە؟

**ئارمین مارســـۆبیتان:** من لە نزیکەوە چاودێری ئەو دۆخەم کردووە کە لە باکووری عێراق و هەروەها لە ڕۆژهەڵاتی سوریا ڕوودەدات، ئەویش لە ڕێی ڕاگەیاندنی ڕۆژئاوایی و هەروەها لە ڕێی سەرچاوەکانی دیکەی وەك کەناڵی ئەلجەزیرە، پێموایە ئەوەی لە عیراق و هەروەها ســـووریا ڕوودەدات، پێناســـەی ژینۆسایدی بەسەردا جێبەجێ دەبێت، هەروەها باوەڕم وایە کە ڕۆژئاوا ســـت بووە لە وەڵامدانـــەوەدا. ئەویش بەهۆی دوودڵی ئەمریکاوە بووە کە وا دەرکەوت لایەنگیری لایەنێك ناکات، بەوەی کە ئەگەری ئەوە هەیە شـــەڕێکی ناوخۆیی بێت لە نێوان شـــیعە و سوننەی عێراقدا. ئەمە چیرۆکێکی درێژ دەبێت، بەڵام من ئۆباڵەکە دەخەمە ئەستۆی ئەمریکا کە لە بنەڕەتدا هەنگاوی هەڵەی هەڵگرت لە داگیرکردنی عێراق کە زۆرێك لە کێشەکانی ئێستای دروستکرد. پێموایە پێویســـت بوو وەڵامێکی تۆکمەتر هەبوایە. لەگەڵ هەموو ئەمانەشـــدا ســـەرۆك ئۆباما بە ئەنجامدانی ئەم هێرشـــە ئاسمانییانە دەستی کرد بە وەڵامدانەوەو من ستایشی دەکەم لەســـەر ئەوە، باوەڕم وایە دەبووایە ئەمریکا پێشـــتر چەکی باش بدەن بە پێشـــمەرگە بۆ ئەوەی ناچار نەبن لەو شوێنانە بکشێنەوە کە پێشتر بەدەســـتیانەوە گرتبوون و پارێزگارییان لە ئێزیدی و مەســـیحییەکان دەکرد. دەبوو ڕۆژئاوا ڕۆڵێکی چالاکتری هەبوایە بۆ پشـــتیوانیکردنی پێشمەرگە، کاتێك لە مانگی حوزەیراندا موســـڵ کەوتە دەست داعش، چونکە مەترسی ئەوە هەبوو دەست بەسەر هەمو باکووردا بگرن، لە نێویاندا کوردســـتانیش. نازانم ئەمە وەڵامی پرسیارەکەتان دەداتەوە یان نا، بەڵام من لەگەڵ ئەوەدام کە دەبوا ئەمریکا کاردانەوەیەکـــی چالاکتری لەمەی ئێســـتا هەبێت. لەوە نارەحەتـــم کە راگەیاندنی ئەمریکا هەمووی ســـەرقاڵن بە سەربڕینی رۆژنامەنووســـێکی ئەمریکییەوە، لە کاتێکدا بە ســـەدان ئێزیدی ســـەربڕدراون و وەك بابەتێکی بچووك لە ڕۆژنامەکانـــدا باس کرا. هیوادارم بزانن مەبەســـتی من لە وتنی ئەمەدا چییە.

**گــولاَن:** بە درێژایی مێژوو کورد لـــە زەمەنە جیاوازەکاندا ڕووبەڕووی کۆمەڵکوژی و ژینۆسایدو بۆردومانی کیمایی بۆتـــەوە، بەڵام دوای دەرکەوتنی داعش ٣٠٠ هەزار کوردی ئێزیدی ڕووبەڕووی کۆمەڵکوژی بوونەوە، تەنیا لەبەر ئەوەی ئیســـلام نین، لەمەش زیاتر داعشـــییەکان کچ و ئافرەتانی ئێزیدی و مەسیحی دەبەن و دەیانفرۆشن، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە ئاست ئەم کارەساتە مرۆییەدا چ هەڵوێستێکی هەبێت؟

**ئارمین مارسۆبیتان:** پێموایە پێویستە بڕیارێکی بەهێزتری ئەنجومەنی ئاســـایش هەبێت بۆ ئەوەی ئەم کارەســـاتە بە ژینۆساید بناسێنێت و ئەو دەوڵەتانە پابەند بکات، کە واژۆیان لەســـەر ڕێککەوتنی ئەمریکی بۆ ژینۆســـاید کردووە. کە ڕۆڵی چالاکتریان هەبێت لە پاراستنی کەمینەکان لە عیراق و کوردســـتاندا. هەروەك لە سەردەمی حکومڕانی سەدام کە ئێمە ناوچەی دژەفڕینمان دروستکرد بۆ ڕێگەگرتن لە زیانی کوردەکان لەبەرامبەر سەدامدا کە هەڵمەتی پاکتاوکردنی لە دژیان دەست پێکردبوو.

باوەڕموایە پێویســـتە ئەنجومەنی ئاســـایش پابەندی زیاتر بخاتەســـەر ئەو وڵاتانەی کە واژۆیان لەسەر پەیماننامەکە کردووە، بۆ ئەوەی پتر چالاك بن، ئەمریکاش بەردەوام بێت لە پشتیوانییە ئاسمانییەکانی، پشتیوانی ئەوە دەکەم هێزی تایبەتی ئەمریکا و بەریتانیا بەکار بهێنرێت بۆ هێرشـــکردنە ســـەر یەکە ســـەرەکییەکانی داعـــش، نـــەك رەوانەکردنی ژمارەیەکی زۆری ســـەربازی ئەمریکا بـــۆ ئەوێ، بەڵام کارکردنی هێزی تایبەتی ئەمریکا لەگەڵ پێشمەرگە بۆی هەیە بە شێوەیەکی خێراتر باکووری عێراق سەقامگیر بکات، وەك لەوەی تەنیا هێرشی ئاسمانی بەکار بهێنرێت.

**گولاَن:** سەرۆکی هەرێمی کوردستان رایگەیاندووە کە ئێمە سەربازی وڵاتانمان ناوێت، چونکە هێزی پێشمەرگە دەتوانێت ڕووبەڕووی داعش ببێتەوە، بەڵکو تەنها پێویستمان بە چەك و هاوکاری لۆجیســـتی هەیە لەلایەن ئەوروپا و ئەمریکاوە، ئەمریکا و هەندێ لە دەوڵەتە ئەندامەکانی یەکێتی ئەوروپا ئامادەیـــی خۆیان دەربڕیـــوە بـــۆ هاوکاریکردنی هەرێمی کوردستان، چونکە ئێستا داعش کە دەوڵەتێکی تیرۆریستیە خاوەنی چەکێکی زۆر و پێشـــکەوتووە کە لەلایەن ســـوپای عێراقەوە بۆی بەجێماوە، ئێستا کوردستان ئاوارەیەکی زۆری لە خۆگرتووە کە نزیکەی دوو ملیۆن ئاوارە ڕووی تێکردووە، ئایا تا چەند پێویســـتە لە ڕووی مرۆییەوە هاوکاری بکەن بۆ ڕووبەڕبوونەوەی ئەم دۆخە، بەتایبەتی کە مالیکی زیاتر لـــە حەوت مانگ دەبێت ئابلۆقەی ئابووری خستۆتەســـەر هەرێمی کوردستان؟

**ئارمین مارســـۆبیتان:** ئەوەی ئێستا پێویســـتە بریتییە لە دەستکردن بە رەوانەکردنی هاوکاری مرۆیی، بەڵام باوەڕم وا نییە لە مەودای دووردا لۆجیکی تێدابێت، پێموایە پێویستە موســـڵ بگەڕێنرێتەوە و ســـەقامگیر بکرێت و ســـنووری ســـووریا پتر کۆنتـــڕۆڵ بکرێت، تەنانەت ئەگـــەر ئەوە بە مانای ئەوە بێت، کە هێزی زیاتر لەســـەر ســـنوور هەبێت، کارێکـــی زۆری دەوێت کە زۆرێك لـــەو ئاوارانە قەناعەت پێ بکەن کە بگەڕێنەوە بۆ ســـەر ماڵ و حاڵی خۆیان. بە


**دەبووایە ئەمریکا پێشتر چەکی باش بدەن بە پێشمەرگە بۆ ئەوەی ناچار نەبن لەو شوێنانە بکشێنەوە کە پێشتر بەدەستیانەوە گرتبوون و پارێزگارییان لە ئێزیدی و مەسیحییەکان دەکرد**

**گرنگ ژمارەی کوژراوەکان نییە، بەڵکو مەبەست و نیازەکەیە کە لێرەدا ئاشکرایە کە گرووپێکی دیاریکراو بەهۆی ناسنامەی ئایینی و رەگەزییەوە بە مەبەستی لە ناوبردن و سڕینەوەی هێرشی بکرێتەسەر، ئەوە بەسە، خۆ ئەگەر شکستیان هێنا لەم کارەشدا، ئەوا مانای ئەوە نییە کە ژینۆساید ڕووی نەداوە**



چیای موسا داغ ... ژینۆسایدی ئەرمەنییەکان هاوینی ١٩١٥

بۆچوونی من تەنها زەمانەتێـــك بۆ ئەو ئاوارانەی کە ئێوە دەڵێـــن زیاتر لە ملیۆنێك ئاوارەن، ئەوەیە چالاکی ئەمریکی و رۆژئاوایـــی لە باکووری عێراقدا هەبێـــت، هیوادارم ئەو حکومەتـــە نوێیەی لە بەغدا پێکدێت، پتـــر کراوە بێت بۆ رێگەدان بە کوردســـتان بۆ ئـــەوەی ئۆتۆنۆمی هەبێت بۆ بەکارهێنانـــی ســـەرجەم ئـــەو داهاتەی دەکرێـــت بەهۆی دامەزراوەکانی باکووری عێراقەوە بەدەســـت بهێنرێت، بەڵام ئێمە نامانەوێت بە ملیۆن ئاوارە هەبێت لە کوردســـتاندا وەك بارگرانیەکی مرۆیی، پێویســـتە پاشەکشە بە داعش بکرێت و ئەوە روون بکرێتەوە کە ئەمە تەنها چارەســـەرێکی کاتی نییە، بەڵکو چارەســـەرێکی درێژخایەنیشە. من نازانم ئایا دەکرێـــت قەناعەت بە هەموویان بکرێـــت بگەڕێنەوە، بەڵام ئەگەر تۆ گوندێکت هەبوو کە سەرجەم پیاوەکانیان سەریان لەلاشەیان جیاکرابێتەوە و زۆربەی ئافرەتانیشیان وەك کۆیلە برابێتن، ناکرێت بۆ چەندین ساڵ خەڵك لە کامپدا بژین، من لە کوردســـتان نەبووم، بەڵام لە رۆژهەڵاتی تورکیا بووم و دەزانم ئەگەر زســـتان بێت، ئەوا ئەوەندە ئاسان نابێت کە لە کامپدا بن، کەواتە ئەمە پێویستی بە چارەسەری درێژخایەن هەیـــەو ئەوەش زەمانەت لە خۆدەگرێت. ســـوپاس بۆ خوا کە خەڵکی کوردســـتان کاردانەوەیەکی بەخشـــندەیان هەبوو بەرامبەر ئێزیدی و مەســـیحیەکان کە لە عێراقدا ستەمیان لێکرا.




**گـــوڵان:** دوای ئەوەی لە ســـاڵی ١٩٨٨ و لەلایەن رژێمی ســـەدام حوســـێنەوە بە چەکی کیمیایی هێرش کرایە سەر هەڵەبجـــە و لە زیاتر لە ٥ هەزار کەس کوژران، هەمیشـــە کوردەکان داوای پارێزگارییان کردووە بۆ ئەوەی رووبەڕووی ژینۆســـاید نەبنەوە، لەم ڕووەشەوە کورد داوای سەربەخۆیی کردووە بۆ ئەوەی رێگە نەدرێت ژینۆســـاید بکرێتەوە، بەڵام ئەوەتا جارێکی دیکە لە ناوچەی شـــنگال ئەم کارەســـاتە بەســـەر کوردا دێتـــەوە، ئایا ئەگەر کـــورد دەوڵەتی خۆی هەبوایـــە دۆخەکە جیاوازتر نەدەبـــوو، وەك لەوەی لەگەڵ عێراقدا بێت و رووبەڕووی جیۆساید ببێتەوە؟

**ئارمیـــن مارســـۆبیتان:** من لەگەڵ بوونـــی ئۆتۆنۆمی و خۆبەڕێوبەرییەکی تۆکمە و بەهێزدام بۆ کوردستان، من خۆم شەخســـی خۆم بریارم لەبارەی سەربەخۆییەوە نەداوە، بەڵام پێموایە شایستەییەك هەیە و ڕەنگە ئەمە ببێتە چارەسەرێکی درێژخایەن، بەڵام باوەڕم وایە لەم ســـاتەوەختەدا پتر گرفت دروســـت دەکات لە عێراقدا و بە ئاســـانی سەردەکێشـــێت بۆ شـــەڕی ناوخۆ. هەرێمی کوردســـتان دانیشـــتووانێکی هەمەڕەنگـــی هەیە، بەڵام نامەوێت بڵێـــم لەگەڵ ئەوەدا نیم سەربەخۆیی رابگەیەنرێت، سەرەڕای سەرکەوتن و باری باشی ئابووری لە هەرێمی کوردستاندا، پێموایە کورد کار و کۆششی زیاتریان کردووە بۆ باشترکردنی رەوشی ئەو بەشەی عێراق لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا.

**گـــوڵان:** بەهۆی بڵاوبوونەوەی تـــۆڕە کۆمەڵایەتیەکان لە سەدەی بیســـت و یەکدا، پەنابردنی ئێزدیەکانی بۆ چیای




چیای شنگال ... ژینۆسایدی کوردانی ئێزدی هاوینی ٢٠١٤


شنگال بە خێرایی کەوتە بەرچاوی دنیاو ئەمەش تەواوی جیهانی نیگەران کردو ئێستا چاودێری دەکەن، ئایا تا چەند پێویستە جیهان دان بەم کارەساتەدا بنێت و وەك ژینۆساید بناسێنرێت، وەك ئەوەی نەتەوە یەکگرتووەگان پێناسەی دەکات؟

**ئارمین مارسۆبیتان:** کێشەم نییە لەگەڵ ئەوەدا کە ئەوەی بەسەر ئێزیدییەکاندا هاتووە بە ژینۆساید پێناسە بکەم، باوەڕم وایە پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ڕێگەگرتن و دادگاییکردنی ژینۆساید کارەکانی جێبەجێ دەکات، من هاوڕام نیم لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە دەڵێن تەنها ٣ هەزار کەس کوژراون، چونکە گرنگ ژمارەی کوژراوەکان نییە، بەڵکو مەبەست و نیازەکەیە کە لێرەدا ئاشکرایە کە گرووپێکی دیاریکراو بەهۆی ناسنامەی ئاینیی و ڕەگەزییەوە بە مەبەستی لە ناوبردن و سڕینەوەی هێرشی بکرێتەسەر، ئەوە بەسە، خۆ ئەگەر شکستیان هێنا لەم کارەشدا، ئەوا مانای ئەوە نییە کە ژینۆساید ڕووی نەداوە. گومانم نییە لەوەی ئەوە ژینۆسایدە. حەزدەکەم ئەوە بڵێم کە کاتێك ئەو کارەساتە ڕووی دا، من ڕۆمانی «چواردە ڕۆژ لە موسا داغ»م دەخوێندەوە کە لەلایەن (فرانز ویرفەل) ـەوە نووسراوە، کە خۆی کەسێکی نەمسایی — یە و لە کاتی ژینۆسایدی ئەرمەنییەکاندا لە تورکیا لەسەر کەناری دەریای سپی ناوەڕاست و لە پارێزگای هەتای ڕوویداوە، ئەویش کاتێك گوندە ئەرمەنییەکان زانییان دووچاری ڕاگواستن دەبنەوە، ڕاگواستنیش بە مانای کۆمەڵکوژی دێت، نزیکەی ٦٠ هەزار ئەرمەنی بەرەو چیا ڕۆیشتن و لەوێدا مانەوە و بەرگرییان لە خۆیان کرد دژی سەربازە تورکەکان، تاوەکو ڕزگارکران، ئەم ڕۆمانەش لەسەر بنەمای ڕووداوە مێژووییەکان نووسراوە، کە لە ساڵی ١٩١٥دا ڕوویانداوە و لە کۆتایی خوێندنەوەکەدا بووم، کە کتێبێکی زۆر گەورەیە و ٩٠٠ لاپەڕەیە، کە ئەوان لە چیا مانەوەو هەڕەشەیان لەسەر بوو، کاتێك من لە ڕاگەیاندنەوە ئەوەم بینی کە بەسەر ئێزیدییەکاندا هاتووە، ئەوەم بیرکەوتەوە کە سەد ساڵ پاش ئەوە دووبارە ڕوودەدات و خەڵك ناچارن بچنە شاخ بۆ ئەوەی ژیانی خۆیان ڕزگار بکەن و ئەوەش مەترسیدارە کە مێژوو بەم شێوەیە خۆی دووبارە بکاتەوە. هەروەها پێکهاتەیەکی بەهێزی ئێزیدی لە ئەرمینیاش هەیە، نارازیی بوون لەوەی ڕۆژئاوا هاوکار نەبووە، لە کاتی ڕووبەڕوونەوەیاندا لەگەڵ ئەو ستەمکارییە.

**گوڵان:** ئایا ئەگەر ئەم ڕووداوە و ڕووداوی هەڵەبجە بە ژینۆساید بناسرێت، کورد چ سوودێك دەبینێت؟

**ئارمین مارسۆبیتان:** چەندەها کورد بەشدارییان لە کۆنفرانسەکانی تایبەت بە ژینۆساید کردووە کە بەشداریم تیایاندا کردووە و من ستایشیان دەکەم کە باسیان لە چیرۆکەکان کردووەو نەیانهێشتووە لە ناو بچن و جارێکی دیکە لەم فۆرمە گشتییەدا دەیهێننەوە بەرباس، لەبەرئەوە زۆر هاوسۆزم.





حازم تەحسین بەگ وەکیلی میری ئێزیدییان بۆ گوڵان:

# سەرۆک بارزانی پێی گوتین ١٠٠٠ پێشمەرگەش شەهید بێت دەستبەرداری شنگال نابین

**ئەو کارەساتەی ئەمجارە بەسەر کوردی ئێزیدی لە چیای شنگال هات، نەك هەر تەنها دووبارە زامی ئەنفال و کیمابارانی هەڵەبجەی نوێکردەوە، بەڵکو زەنگێکی ئاگادارکەرەوەی بەهێز بوو، بۆ گەلی کوردستان بەتایبەتی و جیهان بەگشتی، بەوەی هەتا کوردستان نەبێتە دەوڵەت و خاوەنی سەروەریی خۆی، ئەوا مەترسی کۆمەڵکوژی و ژینۆساید لەسەر گەلی کوردستان هەر بەردەوام دەبێت. بۆ قسەکردن لەسەر کارەساتی ئێزدییەکان و هەوڵەکان بۆ بە ژینۆسایدناساندنی ئەم کارەساتە، ئەم وتوێژەمان لەگەڵ حازم تەحسین بەگ کوڕی میری ئێزیدییان و وەکیلی میری ئێزیدییان سازکردو بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** بە درێژایی مێژوو ئێزیدییەکان وەك بەشێك لە نەتەوەی کورد لەلایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە هەڕەشەی ژینۆسایدیان لەسەر بووەو بەردەوام هەوڵ هەبووە بۆ ئەوەی ئەم بەشە ڕەسەنەی کورد لە نەتەوەی کورد داببڕن و بیانتوێننەوە، بەڵام لای جەنابی بارزانیی نەمر هەموو کات ئێزیدی بە کوردی ڕەسەن ناوبراوەو داکۆکییان لێکراوە، پرسیاری ئێمە ئەوەیە ئایا تاچەند گرنگە ئێزیدی جەخت لەسەر کوردبوونی خۆی بکاتەوە؟**

- سەبارەت بە پرسی نەتەوەیی و کوردبوون لای ئێزیدی ئەوە مەسەلەیەکە قسەی لەسەر ناکرێت، لەبەر ئەوەی وەك جەنابی بارزانیی نەمریش ئاماژەی پێکردووە، ئێزدی کوردی ڕەسەنن، بەڵام ئێمە شوێنکەوتووی ئایینێکین و داب و نەریتی ئایینی ئێمە جیاوازە لە ئایینەکانی دیکە، لەمەش زیاتر هەموو دەقەکانی ئایینی ئێزیدی کوردییە و لە هەر چوارپارچەی کوردستانیش ئێزیدی بوونی هەیە، بۆیە ئێمە هەرگیز سازش لەسەر ناسنامەی نەتەوەیی کوردبوونی خۆمان ناکەین.

*** بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، دوای داگیرکردنی شنگال و ئاوارەبوونی ئێزیدییەکان لە چیای شنگال، بڕیاری دا هێرشی سەرتاسەری بکرێتە سەر تیرۆریستان، لە پێناوی پاراستنی ئێزیدییەکان شەڕێکی چارەنووسسازی ڕاگەیاند، ئایا تاچەند ئەم بڕیارەی سەرۆك بارزانی کاریگەری لەسەر ئێزیدییەکان وەك بەشێکی ڕەسەنی نەتەوەی کورد هەبووە؟**

- بەڕاستی هەڵوێستی جەنابی سەرۆك بارزانی جێگەی شانازییە، ڕۆژێك دوای ئەوەی شنگال وای بەسەر هات، ئێمە لەگەڵ سەرۆك بارزانی کۆبوونەوەمان کرد، جەنابی سەرۆك لەو کۆبوونەوەیە راشکاوانە هەڵوێستی خۆی راگەیاند و پێی گوتین ئێمە تەنازول لە شنگال ناکەین و ئەگەر زیاتر لە ١٠٠٠ پێشمەرگە شەهیدیش بدەین، ئەوا دەست لە شنگال هەڵناگرین، ئەوەی لێرەدا دەمەوێت ئاماژەی پێبکەم، ئەوەیە ئەو کارەساتەی هاتەپێشەوە لەتوانای هەرێمی کوردستان گەورەتر بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا و وێڕای ئەو بارە قورسە هەڵوێستی جەنابی سەرۆك بارزانی زۆر راشکاوانە بوو، هەر بۆیە هەڵوێستی سەرۆك بارزانی کاریگەری گەورەی لەسەر ورەی ئێزیدییەکان هەبووە، ئێمەش وەك ئێزیدی دەستبەرداری نیشتمانی خۆمان و شنگال نابین، لەبەر ئەوەی شنگال بەشێکە لە کوردستان و لە کوردستان جیانابێتەوە، شنگال کەرامەت و ناموسی ئێمەیە و هەمووومان ئامادەین لە پیناوی ئازادکردنی شنگال قوربانی بە هەموو شتێك بدەین.

*** دوای ئەو بڕیارەی سەرۆك بارزانی، جیهان هاتەدەنگ و ئێستا وەك دەبینین کێشەی ئێزیدییەکان بۆتە کەیسێکی جیهانی، ئایا تاچەند گرنگە کێشەی ئێزیدییەکان زیاتر بە جیهانی بکرێت, ئەو تاوانانەی دەرهەق بەکچانی ئێزیدی دەکرێت و ئەوانی دیکەش کە بەزۆر ناچاریان دەکەن واز لە ئایینی ئێزیدی بێنن، جیهانی لێ ئاگادار بکرێتەوە؟**

- دەتوانم راشکاوانە بڵێم جەنابی سەرۆك بارزانی، تەنها سەرۆکێکی ئاسایی نییە، واتە بەس لەسەر ئاستی ناوخۆ کاریگەری هەبێت، بەڵکو ئەم ڕووداوانە دەریانخست کە هەموو جیهان رێز لە سیاسەتی سەرۆك بارزانی دەگرێت، ئەمەش بەرەنجامی ئەو پەیوەندییە فراوانەی بەڕێزیانە لەگەڵ ئەوروپا و ئەمریکا و هەموو جیهان، هەروەها هەڵوێستەکانی سەرۆك بارزانی لای یەکێتیی ئەوروپا و ئەمریکا سەنگی خۆی هەیە، بۆیە ئەو وەڵامدانەوە جیهانییە بۆ هەڵوێستەکانی سەرۆك بارزانی جێگەی شانازییە بۆ نەتەوەی کورد، بە راستیش ئەگەر سەرۆك بارزانی بەرگری لە ئێزیدی نەکردایە و بەرگری لە کورد نەکردایە، دیار نەبوو زۆر لەوانە خراپتریشمان نەبینین. بۆیە سەرۆك بارزانی بە لۆژیك و فیکری خۆی هەنگاوی زۆر گەورە و خێرای هەڵگرت و ئێستاش وەك دەبینین رۆژ لە دوای رۆژ زیاتر هەنگاوەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە بە تەواوەتی بەرەو پێشەوە دەچێت، لەمەش زیاتر زۆر گرنگە جیهان بە تەواوەتی لەو کارەساتە ئاگادار بکرێتەوە کە بەسەر کوردانی ئێزیدی هاتووە، دوای ١٠ ساڵ بەسەر ڕووخانی رژێمی سەدام حوسێن و رزگارکردنی عێراق لە دیکتاتۆریەت، دەوڵەتێکی تیرۆریستی بووە دراوسێی کوردستان، کە ئەویش دەوڵەتی داعشە، ئەوەی

**زۆر برادەرم هەبووە لە هەولێر و سلێمانی کە تەلەفۆنیان دەکرد، دەگریان، ئەمەش رەنگدانەوەی ئەخلاق و هەستی نەتەوەیی هەر تاکێکی کوردستانە**

**ئەم ڕووداوانە هەڕەشە لەسەر بوونی ئێزیدی و ئایینی ئێزیدی دروست ناکات، بەڵکو زیاتر هانمان دەدات سوور بین لەسەر کوردبوون و ئایینی ئێزیدی**

**دڵنیاین دوای رزگارکردنەوەی شنگال ئێزیدییەکان دەگەڕێنەوە شنگال و خۆشیان دەبنە پێشمەرگە و بەرگری لە شنگال و کوردستان دەکەن**

**پرسی نەتەوەیی و کوردبوون لای ئێزیدی ئەوە مەسەلەیەکە قسەی لەسەر ناکرێت، لەبەر ئەوەی وەک جەنابی بارزانی نەمریش ئاماژەی پێکردووە، ئێزدی کوردی رەسەنن**

**هەموو دەقەکانی ئایینی ئێزیدی کوردییە و لە هەر چوارپارچەی کوردستانیش ئێزیدی بوونی هەیە، بۆیە ئێمە هەرگیز سازش لەسەر ناسنامەی نەتەوەیی کوردبوونی خۆمان ناکەی**

**دوژمنانی میللەتی کوردیش زۆرن و نایانەوێت یەک ملیۆن مرۆڤی ئێزیدی ببێتە بەشێک لە دانیشتووانی کورد لە کوردستان، بۆیە دەیانەوێت بە بیانووی جۆراوجۆر تەعریب بکرێن و بە عەرەب ناونووس بکرێن**

تیرۆریستانی دەوڵەتی ئیسلامی بەرامبەر ئێزیدییەکان دەیکەن، دوورە لە هەموو داب و نەریتێکی مرۆڤایەتی و مافەکانی مرۆڤ و دوورە لە رەفتاری موسڵمانان و ئیسلام و دوورە لە هەموو ئایینەکان.

*** ئێوە وەك بەشێك لە نەتەوەی کورد جگە لەوەی زمانتان کوردییە، لە هەمانکاتدا ئایینەکەشتان بە زمانی کوردییە، ئایا داگیرکارانی کوردستان بۆ هەوڵدەدەن پێکەوە زمان و ئایینەکەتان بگۆڕن؟**

- ، پێڕەوانی ئایینی ئێزیدی یەك ملیۆن کەسن، نزیکەی ٣٠٠ هەزار کەسیان لە عێراقدا دەژین و زیاتر لە ٣٠٠ هەزاریشیان لەدەرەوە دەژین، دوژمنانی میللەتی کوردیش زۆرن و نایانەوێت یەك ملیۆن مرۆڤی ئێزیدی ببێتە بەشێك لە دانیشتووانی کورد لە کوردستان، بۆیە دەیانەوێت بە بیانووی جۆراوجۆر تەعریب بکرێن و بە عەرەب ناونووس بکرێن.

*** لە رووداوەکانی ئەم دواییە شنگال بە سەدان هەزار کوردی ئێزیدی ئاوارەبوون، بە سەدان کوژران و بە هەزارانیش کەوتنە دەستی تیرۆریستانی داعش ، ئایا تاچەند ئەم رووداوانەی ئەم دواییە هەڕەشەی راستەقینەی لەسەر بوونی ئێزیدی وەك نەتەوەی کورد و ئایینێکی جیاواز دروستکردووە؟**

- من پێموایە ئەم رووداوانە هەڕەشە لەسەر بوونی ئێزیدی و ئایینی ئێزیدی دروست ناکات، بەڵکو زیاتر هانمان دەدات سوور بین لەسەر کوردبوون و ئایینی ئێزیدی، سەبارەت بە مەسەلەی شنگال، دیارە مەسەلەی شنگال جیاوازە، هەڵکەوتەی جوگرافی شنگال بەو جۆرەیە کە هەر چواردەوری گوندی عەرەبن، هەروەها ناوچەیەکی دوورە، بۆیە لەو پێگە جوگرافییەدا کە هەر چواردەوری عەرەبە ئەوان پێیان ناخۆشە ئێمە بڵێین کوردین.

*** ئەوەی بە سەر ئێزیدییەکان هات، پێشتر بەسەر هەموو کوردی باشووری کوردستان هاتووە، هەر لە پرۆسەکانی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە و ئەنفالی بارزانییەکان، ئایا تا چەند گرنگە ئەم کارەساتەی بەسەر ئێزیدییەکان هات ، لەگەڵ کارەساتی هەڵەبجەو ئەنفال بکرێتە یەك کێس و بە ژینۆساید بناسرێت؟**

- بەڕاستی ئەوە زۆر گرنگە، ئێمە داوا لە رۆشنبیران و ئەکادیمستە کوردەکان دەکەین لەناوەوەو دەرەوە، بۆ ئەوەی هەموو جیهان بزانێت ئەوەی لە شنگال روویدا، ژینۆسایدیکی دیکە بوو، دژی بەشێکی دیکەی نەتەوەی کورد کە ئەوانیش کوردانی ئێزیدین، هەروەها ئەم پرسەی کوردانی ئێزیدی لەگەڵ کیمیابارانی هەڵەبجەو پرۆسەکانی ئەنفال گرێبدرێتەوە.

*** دەرکەوت هەتا کورد خاوەنی وڵاتی سەربەخۆیی خۆی نەبێت، هەموو کات هەڕەشەی ژینۆساید و توانەوەی لەسەرە، ئایا لە ئێستا چەند گرنگە کورد دەوڵەتی سەربەخۆیی هەبێت، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە رووبەڕووی ژینۆساید نەبینەوە؟**


- بەڕاستی گرنگە کوردستان خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆیی خۆی بێت و دامەزراوە دەوڵەتییەکانی کوردستان کاروباری کوردستان رێکبخات، بۆ ئەوەی دووربین لە دوژمنانی کوردستان و جارێکی دیکە رووبەڕووی ژینۆساید و کۆمەڵکوژی نەبینەوە.

*** ئێستا بارودۆخی ئێزیدییەکان چۆنە و چۆن باسی دەکەیت؟**

- پێش هەموو شت ژمارەی کوردانی ئێزیدی لە شنگال نزیکەی ٣٨٠ هەزار کەس بوون، هەندێك لە چیا ماون، کە چەند فەرمانداریەکن، هەر یەکەیان چەند سەد پێشمەرگەیەکی لەگەڵە و لەوێ ماونەتەوەو چاوەڕێی دەکەن، هێزی پێشمەرگە هێرشی خۆی دەست پێبکات و لەوێ یەکبگرنەوە بۆ رزگارکردنی شنگال، هەروەها ٣٠٠هەزار کەسی خەڵکی ئێمەش لە ناوچەکانی دیکەی کوردستانن و پێویستیان بە یارمەتی بەپەلەی هەموو لایەك و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەیە. هەروەها ئێمە ئومێدخوازین پێشمەرگە لەسەر هەموو سنوورەکانی کوردستان بەرگری بکات و هەموو خاکی کوردستان پێکەوە بپارێزێت، پێشتر پێشمەرگەی کوردستان هەندێك کێشەی هەبوو، چەکی پێویستی لەبەر دەست نەبوو، بەڵام ئێستا دوای هاتنی هاوکارییەکان و چەك بۆ هێزی پێشمەرگە، ئەو کەموکورتییانە چارەسەربوون، بەڕاستی بۆ رزگارکردنی شنگال پێشمەرگە پێویستی بە چەکی باش هەبوو بۆ ئەوەی بتوانێت سەرکەوتوو بێت، لەبەر ئەوەی دەبێت هەموو ئەوە بزانین رزگارکردنی شنگال لەرووی جوگرافییەوە تا رادەیەك ئاسان نییە و دەوری شنگال هەمووی هۆزی عەرەبە، بەڵام دڵنیاین دوای رزگارکردنەوەی شنگال ئێزیدییەکان دەگەڕێنەوە شنگال و خۆشیان دەبنە پێشمەرگە و بەرگری لە شنگال و کوردستان دەکەن. هەروەها دوای کۆبوونەوەمان لەگەڵ جەنابی سەرۆك بارزانی و جەنابی کاك نێچیرڤان بارزانی، ئەوەمان راگەیاند کە ئێستا ٦٤٠٠ ئێزیدیمان هەیە کە پێشمەرگەن، بۆ ئەوەی هاوشانی پێشمەرگە بەرگری لە خاکی کوردستان بکەن.

*** دوای کارەساتی ئێزیدییەکان، هەموو کورد بە یەك دەنگ و یەکریز کەوتە هاوکاری برا ئێزیدییەکانیان، ئایا ئێوە چۆن سەیری ئەم یەکهەڵوێستییەی کورد دەکەن؟**

- ئێمە زۆر سوپاسی هەڵوێستی برا کوردە موسڵمانەکانمان دەکەین، لەبەر ئەوەی جیاوازی ئایینی رەنگدانەوەی لەسەر



هەستی نەتەوەیی نەبوو، بۆیە سوپاسی هەموو لایەکیان دەکەین لە زاخۆ تا سلێمانی، ئەمە دەریخست مەسەلەی شنگال مەسەلەیەکە تایبەتە بە هەموو کوردستان نەك تەنها بە کوردانی ئێزیدی. من خۆم زۆر برادەرم هەبووە لە هەولێر و سلێمانی کە تەلەفۆنیان دەکرد، دەگریان، ئەمەش رەنگدانەوەی ئەخلاق و هەستی نەتەوەیی هەر تاکێکی کوردستانە.

*** هەر لەچوارچێوەی هەوڵە نێودەوڵەتییەکان بۆ بە فریاکەوتنی ئێزیدییەکان، هەندێك وڵات ئامادەباشیان پیشانداوە، کە ژمارەیەك ئێزیدی وەك پەنابەر وەربگرن، بەڵام کەسایەتییە ئایینەکانی ئێزیدی جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە پێویستە ئێزیدییەکان بگەڕێنەوە سەر زێدی خۆیان و ئاوارە نەبن، تا چەند ئێوە پشتگیری لەوە دەکەن کوردانی ئێزیدی لە زێدی خۆیان بمێننەوە؟**

- ئێمە بە هەموو شێوەیەك پشتیوانییان دەکەین و هانیان دەدەین کە خەڵکی ئێمە بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان لە شێخان و لە شنگالیش، بەڵام دەبێت ئەو راستییەش بڵێین، ئەم تیرۆریستانە وایانکرد متمانە نەمێنێت، بۆیە ئێمە دەخوازین بۆ ئێمە پارێزگارییەکی ئایینی هەبێت، ئەمەش بە بوونی هێزێکی پێشمەرگەی بەهێز و پشتگیری نێودەوڵەتی دروست دەبێت، دەبێت ئەو راستییەش بڵێم ئەگەر کێشەی خەڵکی کوردستان یەك کێشە بێت، هی ئێمە دوو کێشەیە، لەلایەك ئێمە کوردین و ناوچەکەشمان هەر چواردەوری عەرەبە، لەلایەکی دیکە ئایینەکەشمان جیاوازە، بە ئێمە دەڵێن ئێوە کافرن، باشە چۆن ئێمە کافرین؟ تیرۆریستانی داعش تەنها بە ئێزدییان وت دەبێت واز لە ئایینی خۆتان بهێنن و بیگۆڕن، لەمەش زیاتر کچ و ژنانی ئێزیدي بە ئاشکرا لە تەلەعفەر فرۆشران بە ٢٠٠-٣٠٠ دۆلار، ئەم رەفتارانەی داعش دوورن لەهەموو بەهاو ئەخلاقێکی مرۆڤایەتی. ئێمە ئێستا لەسەدەی بیست و یەکەم و لە ساڵی ٢٠١٤ دەژین، شەڕ مەسەلەیەکە و ئەوەش مەسەلەیەکی دیکەیە، کوردستان بە هەزاران هەزار شەهیدی داوە بۆ پاراستنی ئەم خاکە و هەزاران ئێزیدییش بۆ پاراستنی کوردستان شەهید بوون، هەر بۆ نموونە شەهید مەحموود ئێزیدی یەکێکە لەو شەهیدانەی شانازی پێوە دەکەین، بەڵام مەسەلەی بردنی کچ و ژن ئەوە مەسەلەی شەرەفە و هەر دەمێنیت.

*** بەشێوەیەکی گشتی دوای کارەساتی شنگال، ئەگەر ئێوە زانیاریتان هەبێت، چەند کەس ئاوارە بوون و چەندیش بوونە قوربانی؟**

لەم بارودۆخە ئاماری دروست لای کەس نییە، بەڵام دوای ئەوەی پێشمەرگە شنگال رزگار دەکات و لیژنە دەچێت و پرسیار لە خەڵکەکە دەکرێت، ئامارێك دەردەکەوێت، بەڵام وەك ئەوەی ئێستا دەبینین، کارەساتێکی زۆر گەورە و نامرۆڤانەیە، بۆیە هەر ئاوارەیەکی ئێزیدی چیرۆکێکی تایبەت بەخۆی هەیە.

**هەڵوێستی سەرۆک بارزانی کاریگەری گەورەی لەسەر ورەی ئێزیدییەکان هەبووە، ئێمەش وەک ئێزیدی دەستبەرداری نیشتمانی خۆمان و شنگال نابین**

# هەرێمی کوردستان بارێکی قورسی بۆ پاراستنی فرەیی نەتەوەیی و ئایینی کەوتۆتە سەرشان



کازم حەبیب
تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

ئەوەی تا ئێستا لە عیراق روویداوە، هەرگیز بەو شێوەیە رووی نەدەدا ئەگەر سیستەمە سیاسییەکەی پشتی بە رێسای پشکایەتیی تایفی نەبەستبایە، ئەگەر سیاسەتی مالیکی دوور بایە لە تایفەگەری و شۆڤینییەت و جیاکاریی ئایینی و نەتەوەیی، ئەگەر حوکمڕانانی بەغدا پەیڕەوی سیاسەتی نیشتمانپەروەری و هاووڵاتیبوونی ئازادو یەکسانیان بکردایە نەك بەپێی ناسنامەی تایفەگەریی هەڵسوکەوتیان بکردایە، ئەگەر بەغدا سیاسەتی شەراکەتی لە یەك نیشتماندا پیادەبکردایە نەك بەشداریکردنی پڕ لە کەموکورتی و پەراوێزخستن و وەلاخستن کە دەرئەنجامی کاولکەرانەی وەك ئێستای لێ بەرهەم بهاتایە.

سیاسەتی نوری مالیکی نەك هەر نەزۆك بووە، بەڵکو وێرانکەری یەکێتیی نیشتمانی و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی بوو لە وڵاتێکدا کە فرە نەتەوە و ئایین و ئایینزاو رەوتی جیاوازیی ئایدیۆلۆژی و فەلسەفی و سیاسییە. سیاسەتەکانی مالیکی بێ متمانەیی بەدوای خۆیاندا هێنا، کە وایکرد هەموو لایەك ئامادەبن لە بەشداریکردنی حوکمڕانی دووربکەونەوە، تا گەیشتە ئەو رادەیەی هەر بە تەنیا خۆی حوکم بکات و بە ئارەزووی خۆی ئەوەی کە پێی خۆش بێت دژی بەرژەوەندیی گەلەکەی پەیڕەوی بکات، هەر ئەو سیاسەتە بوو کە بووە هۆی سەرهەڵدانی ململانێی چەکداری و داگیرکردنی رۆژئاواو باکووری عیراق کە دواتر بوو بە پاروویەکی جووراو بۆ زاری چەتەکانی داعش کە دەرئەنجام کارەساتی کوشتن و دەستدرێژی کردن و دەربەدەرکردنی خەڵکەکەی لێکەوتەوە.

نوری مالیکی ناکۆکییەکانی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان قووڵکردەوە و لەمەشدا پشتی بە گرتنەبەری سیاسەتێکی دوژمنکارانە بەست، کە مەگەر سەدام حوسێن پێشتر ئەمەی کردبێت، ئەو گیانی شۆڤینییەتی دژ بە کورد چەسپاند و بڕواو متمانەی نێوان هەردوو حکومەتی لەق کرد و قایل نەبوو هێزەکانی پێشمەرگە چەکداربکات کە بەشێکن لە هێزە چەکدارەکانی عیراق، لە کاتێکدا چوار تیپی سەربازیی بە هەموو جۆرە چەکێك چەکدارکردبوو لە کۆی ١٥ تیپی سەربازیی عیراق، ئەمە وێڕای هێزەکانی پۆلیس و ئاسایشی ناوخۆ.

کاتێکیش هێرشی چەتەکانی داعش بۆ سەر شاری موسڵ رووی دا، هەموو ئەو هێزانەی عیراق بە فەرمانی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان کشانەوە، ئەم هەڵوێستەش مانای ئەوەیە کە ئەو هێزانە بۆ رووبەڕووبوونەوەی دوژمنانی دەرەکی ئاراستە نەکرابوون، بەڵکو دژی هێزەکانی پێشمەرگە لە حاڵەتی پێویست ئامادەکرابوون، لە ئاکامی ئەو هێرشەی داعش بۆ داگیرکردنی شاری موسڵ ئەنجامیدا، بە هەزاران رۆڵەی مەسیحی ئەم شارە روویان لە شوێنە ئارامەکانی هەرێمی کوردستان کرد، دواتر چالاکییەکانی داعش فراوانتر بوو تا توانی ناوچەی دیکە داگیربکات، چونکە سوپای عیراقیان لێ نەبوو، ئەوە بوو ناوچەکانی زوممار و شنگال و

وانەو شوێنی دیکە کەوتنە ژێر دەستی داعشەوەو بە هەزاران هاووڵاتی ئێزیدی ناچاربوون بە پەلە روو لە چیای شنگال و شوێنەکانی دیکە بکەن، دوژمن دەستی کرد بە هەڵمەتی کۆمەڵکوژی و لە ئەنجامدا هەزاران هاووڵاتی سڤیلی لەناوبرد، ئیدی بەوەش نەوەستا بەنداوی موسڵی داگیرکرد و هەڕەشەی لە دانیشتوانی موسڵ و بەغدا کرد بە ژێرئاوخستنی ناوچەکانیان، بەر لەوەش هەزاران هاووڵاتی دیکەی شەبەك هەڵاتن و تورکمانی تەلەعفەریشی قەتلوعام کرد.

ئەم واقیعە وای لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد کە دەرئەنجامی ئەم کارەساتانە بگرێتە ئەستۆ بۆیە دەبینین بە سەدان هەزار هاووڵاتی مەسیحی و ئێزیدی و شەبەك و تورکمان ماڵ و حاڵی خۆیان بەجێ هێشت، هەنێکیشیان چوون ناوچەکانی ناوەڕاست و بەغدا، حکومەتی هەرێمیش پەناگەی ئارامی بۆ دابین کردن، ئەمە سەرباری هەموو هەوڵێك بۆ رزگارکردنی ئەو هەزاران هاووڵاتییەی کە لە چیای شنگال رووبەڕووی هەڕەشەی مەرگ بووبوونەوە لە بەر برسێتی و تینوێتی بە تایبەتیش منداڵ و پیرو نەخۆشەکان، بەراستی هەرێمی کوردستان بەو پەڕی دڵسۆزییەوە ئەرکی سەرشانی خۆی جێبەجێ کرد، کە مایەی ستایش و پێزانینە.

ئەو حاڵەتەی بەسەر ئەو پێکهاتە ئایینیانەی عیراقدا هات، هەتا ئەگەر بە درەنگەوەختەوەش بێت جیهانی بەرامبەر قەبارەی ئەو کارەساتە دڵتەزێنە بەئاگا هێنا، کە کاریگەریی بەسەر عیراق و دەوڵەتانی کەنداوو سەرجەم ناوچەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە، ئەمە وای کرد دەوڵەتان بە دوو ئاراستە کۆمەك و یارمەتی پێشکەش بکەن: کۆمەکی مرۆیی بۆ بەهاناوەهاتنی پەنابەرانی ئەو ناوچانەی کە چەتەکانی داعش داگیریان کردوون لەلایەك و پێشکەش کردنی کۆمەکی سەربازی بە دوو شێوە: یەکەمیان وەشاندنی گورزی ئاسمانی لە لایەن چەکی ئاسمانیی ئەمریکاوە لە مۆڵگەو جووڵەکانی داعش و کارئاسانی بۆ پێشرەویی کردنی هێزەکانی پێشمەرگە بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەو چەتانە، دووەمیش پێشکەشکردنی چەك و تەقەمەنی بۆ هێزی پێشمەرگە تاکو بتوانێت ئەو هێزانە راوبنێت و لەو شوێنانە وەدەریان بنێت کە داگیری کردوون.

لەم کارەساتەدا هەزاران هاووڵاتی بێتاوان بە دەستی ئەو چەتە تاوانبارانە شەهید کران و بەناوی (سبیی ئیسلامەوە)ش سەدان ئافرەت پەلاماردران، تا ئێستاش بە هەزاران کەس دووچاری دەستدرێژی و ئەشکەنجەدان و مردن دەبنەوە لەسەر دەستی ئەو بکوژو خوێنڕێژانە،هەروەها چەندین پێشمەرگەی ئازاو نەبەرد لە رووبەڕووبوونەوەی چەتەکانی داعش شەهید بوون.

راسپاردنی بەڕێز عەبادی بە پێکهێنانی حکومەتی تازەی عیراق خزمەتی وڵات ناکات ئەگەر بێتو لەسەر هەمان رێبازی مالکی بۆ پەرتکردنی ریزەکان بەردەوام بێت، بەڵکو پێویستە لە رەگ ریشەوە بگۆڕدرێت، واتا دەبێ حکومەتێکی رزگارکەری نیشتمانی بێت، حکومەتێك بێت وەزیرەکانی پابەندبن بە پرەنسیبی نیشتمانپەروەری و هاووڵاتیبوونەوە، هەموویان بەرامبەر عیراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە بەرپرسیاربن. دەبێ بەرژەوەندییەکانی نیشتمان لەسەرووی هەموو بەرژەوەندییەکانی تایبەتی بن ، پێکهێنانی حکومەتی تازە کۆتایی بە رۆڵی ئێستای مالیکی دەهێنێت، بەڵام کۆتایی بە رێبازی مالیکی ناهێنێت ئەگەر رێبازێکی دیکە دانەنرێت کە تایفەگەریی سیاسی وەلاوە بنێت کە مافەکانی نیشتمان و هاووڵاتیبوونی پێشێل دەکرد، هاوکات بەرنامەیەکی تازەو بە قۆناغ بێتە ئاراوە کە وڵات لەو پاشماوە قورسە رزگاربکات کە رژێمی دیکتاتۆری پێشووی بەعس و ستەمی تایفەگەریی و رێبازی مالیکی بەجێیان هێشتووە.

پێویست دەکات بەرنامەی نیشتمانی ئەم بابەتانە لەخۆ بگرێت:

یەکەم: بواری سیاسی، لەوانەش سەربازی:

* دانانی ستراتیژییەتی بنیادنانی دەوڵەتی مەدەنی دیموکراسی فیدراڵی، دوور لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی سیۆکراسی تایفەگەریی لە وڵاتێکی فرە نەتەوەو ئایین و ئایینزاو رەوتی هزری، پێویستە ئەمە لەمیانی پێکهێنانی حکومەتێکی یەکێتیی نیشتمانی راستەقینەدا دەربکەوێت، واتا حکومەتی رزگارکەری نیشتمانیی فراوان، پشت بە پرەنسیبی شەراکەت لە نیشتمان ببەستێت نەك بەشداریکردن، کە دەبێ لەسەر بنەمای لێهاتوویی و تواناو شیان و دەستپاکی و ئارەزووی راستەقینە دابمەزرێت کە بتوانێت بارودۆخی ناهەمواری ئێستا بگۆڕێت.

* پەلەکردن لە دابین کردنی هەموو شێوازێکی پارێزگاریکردن لە سەدان هەزار کەس کە لە موسڵدا ماون یان ئەوانەی پەناهەندە بوون لە موسڵ و تەلەعفەر و شنگال و زوممارو جەلەولاو مەخمور و شوێنەکانی دیکەی عیراق لەگەڵ دابین کردنیی خۆراك و ئاوو جێ ورێ وداوودەرمان، تا ئەوکاتەی لە هێزە تیرۆریستەکان رزگار دەکرێن و دەگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆیان.

* یەکسەر دەست بکرێت بە دانوستان و چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکان لە رووی پەیوەندیی نێوان هەردوو حکومەتی فیدراڵ و هەرێم بە پێی بەرنامەیەکی کات بۆ دانراودا، هەوەها پێویستە هەماهەنگیی نێوان هەردوولا لە بواری هێزی چەکدارو ئاساییشی ناوخۆ پەرەی پێدرێت بۆ بەرەوڕووبوونەوەی هێزە تاریکخوازەکان و لەناوبردنیان بە زووترین کات.

* تەرخانکردنی هەموو هێزە نیشتمانییەکانی عیراق بۆ پشتگیریکردن لەو شەڕانەی هێزەکانی پێشمەرگە لە باکووری عیراق و هەرێمی کوردستان دەیکات، هەروەها ئەو شەڕانەی هێزەکانی عیراقی لە ناوچەکانی رۆژئاواو شوێنی دیکەی عیراقدا دەیکات، ئەمەش وا دەخوازێت کە چاوێك بخشێنرێتەوە بە بنیاد و ژێرخانی هێزە چەکدارەکانی عیراق، تاکو دوور لە تایفەگەریی بێت و بە عیراقی بمێنێتەوە.

**سیاسەتی نوری مالیکی نەک هەر نەزۆک بووە، بەڵکو وێرانکەری یەکێتیی نیشتمانی و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی بوو لە وڵاتێکدا کە فرە نەتەوەو ئایین و ئایینزایەو ڕەوتی جیاوازی ئایدیۆلۆژی و فەلسەفی و سیاسی هەیە**

**ڕاسپاردنی بەڕێز عەبادی بە پێکهێنانی حکومەتی تازەی عیراق خزمەتی وڵات ناکات ئەگەربێتو لەسەر هەمان ڕێبازی مالیکی بۆ پەرتکردنی ڕیزەکان بەردەوام بێت، بەڵکو پێویستە لە ڕەگ ڕیشەوە بگۆڕدرێت، واتا دەبێ حکومەتێکی ڕزگارکەری نیشتمانی بێت**



* دەســت بکرێت بە پێکهێنانی لیژنەی خێرا لەسەر ئەم ئاست و بوارانەی خوارەوە:

- لیژنەیەکــی وەزاری کــە بەکردەنی دەســەڵاتی هەبێت بۆ چارەســەرکردنی کێشــە هەڵپەســێردراوەکانی نێوان هەردوو حکومەتی فیــدراڵ و هەرێم، لە هەمــوو بوارەکاندا لەگەڵ نواندنی نەرمی لەهەردوو لاوە، بۆ گەیشــتن بە ڕێگاچارەی گونجاو لە بەرژەوەندیی عێراق و نەتەوەکانیدا بەبێ جیاوازی.

- لیژنەیەکی وەزاری کە دەسەڵاتی هەبێت بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەســێردراوەکانی نێوان هەردوو حکومەتی فیدراڵ و هەرێم لەلایەك و لەگەڵ ئەنجومەنی پارێزگاکان لە ناوچەکانی ڕۆژئــاواو باکووری ڕۆژئــاوای عێــراق و بەدەنگەوەهاتنی داخوازییــە ڕەواکان کە چەندین ســاڵە خراونەتەڕوو بە گیانی بەرزی بەرپرسیارێتیی لە بەرژەوەندیی گەلی عێراق لەلایەکی دیکــەوە. ئەمەش زەمینــە خۆش دەکات بــۆ جیاکردنەوەی هێزە نیشــتمانی و دەســتپاکەکان لە هێزە تەکفیری و توندڕۆ تایفەگەرییەکان.

- لیژنەیەکی وەزاری کە دەسەڵاتی هەبێت بۆ چارەسەرکردنی کێشــە هەڵپەســێردراوەکانی نێوان ئەنجومەنی پارێزگاکان و حکومەتی فیدراڵ بەئاراســتەی ئیــدارەی نا مەرکەزیی ئەو پارێزگایانــە لەوانــەش دابین کردنی دەســەڵات بە پێی ئەو یاسایانەی بۆ ئەم مەبەستە دادەنرێن.

- لیژنەیەکی تایبەتمەند ئەرکی لێکۆڵینەوە بێت لە هەمووارکردنی پێویست بۆ دەستووری عێراق تاکو گونجاو بێت بۆ دەوڵەتێکی مەدەنیی فیدراڵ و دیموکراسی ناتایفەگەر و دانانی کاتێکی دیاریکراو تاکو ئەو هەمووارکردنانە پێشــکەش بە ئەنجومەنی وەزیــران و دواتر پەرلەمانی عێراق بکرێــت، ئەگەر ئەمەش نەکرا پێویســتە هەڵبژاردنی تازە ســازبکرێت لەبەر ڕۆشنایی گۆڕانکارییەکانی بارودۆخی وڵات و ئەو ئەرکانەی دەکەوێتە سەر شانی کۆمەڵگەو دەوڵەتی عێراق.

- جارێکی دیکە کارکردن بە یاســای دەســتە ســەربەخۆکان لە دەســەڵاتی جێبەجێکــردن کە نوری مالیکــی بە توندی پێشــێلی کردبــوو، بەتایبەتیش یاســای بانکــی ناوەندی و یاســای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و چەند یاســایەکی دیکە بە پێی دەستوور و گەڕاندنەوەی متمانە بۆ ئەوانەی هەوڵی شێواندن و ناوزڕاندنیانی دابوو.

- خســتەڕوو و گفتوگۆکــردن دەربارەی ئەو یاســایانەی تا ئێســتا پەکخراون، لەوانە یاســای حزبەکان و یاسای نەوت و ڕاگەیاندن.. تاد، لەپاڵ پەلەکردن لە بڕیاردان لەسەر بودجەی گشــتیی ساڵی ٢٠١٤ و خەرجکردنی هەموو پارەکانی هەرێم و سەرجەم پارێزگاکان.

- بــە پەلە بڕیاردان لە کەیســی گیراوان بە پێی ماددە ٤ ی تیرۆر یان ئەوانەی گیراوی سیاســین و قەدەغەکردنی هەموو جۆرە ئەشــکەنجەدانێك و پیادەکردنــی بەندەکانی تایبەت بە مافەکانی زیندانیان، هەروەها دەرکردنی یاســای لێبووردنی گشتی بۆ ئەوانەی دەستیان بە خوێنی گەل سوور نەبووە.

- ڕەتکردنەوەی هەموو دەســتتێوەردانێك لە کاروباری ناوخۆی ژیانی سیاســیی عێراق و ئەو هێزانەی لە پرۆسەی سیاسیدا کاردەکــەن، چ لەلایــەن ئێران یان ســعودیە یاخــود قەتەر وهەردەوڵەتێکی دیکەوە بێت.

- ڕاگرتنــی چالاکیی هەموو مێلیشــیا تایفییە چەکدارەکان کە لە ئێســتادا کاری تێکدان ئەنجام دەدەن و خەڵك لەســەر ناســنامەو هەموو هەستێکی نیشتمانپەروەری دەکوژن و تەنیا کار بــۆ بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان و ئەجێندای تایفەگەری و بیانی دەکەن.

**گەندەڵیی دارایی و ئیداری لە عێراقدا هەیە وەک سیستەمێکی کارا و دەسەڵاتدار بەسەر ژیانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ژینگەیی مرۆڤی عێراقییەوە ڕەنگی داوەتەوە**



لە بواری ئابووریش پێویستە:

- پێکهێنانی لیژنەیەك لە پسپۆڕانی عیراقی لە بواری ئابووری و زانستەکانی کۆمەڵایەتی بۆ دانانی ستراتیجییەتێکی روونی پەرەپێدان کە لە مەودایەکی مامناوەندی و دووردا عیراق لەو دواکەوتن و گێژاوە و کرانەوە ئابوورییە دەرەکییە رزگاربکات.

- زیاتر جەخت بکرێتەوە لەسەر دابینکردنی پێداویستییەکانی پەرەپێدانی بەرهەمهێنان لە هەردوو کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی بۆ گۆڕینی بنیادی شێواوی ئابووریی یەکلایەنە، هەروەها بەستنەوەی بازرگانیی دەرەکی بە پرۆسەو ئەرکەکانی پەرەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و تێراخۆی بەکردەنی و بنەڕەتیی پێویستییەکانی بەکاربردنی دانیشتوان.

- دابینکردنی پەیوەندییەکی کارای گەشەپێدان و وەبەرهێنان لە نێوان هەر سێ کەرتی گشتی و تایبەت و تێکەڵ لە سەرجەم بوارەکانی پەرەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی، هەروەها نابێ پلانی ستراتیژی توانا و پێویستیی سوودوەرگرتن لە وەبەرهێنانی بیانی و تەکنیك و شارەزایی هونەری و هەماهەنگی لەسەر ئاستی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی بەدوور بگیرێت.

- سیاسەتی نەوت و بڕی دەرهێنان و هەناردەکردنی نەوت بخرێتە ژێر ستراتیژییەتی پەرەپێدانی نیشتمانییەوە، لەوانە مۆرکردنی گرێبەستەکانی نەوت و سروشت و شێواز و مەودای ئەو گرێبەستانە، هەروەها پێویستە بەپەلە یاسای نەوت دەربچێت و هەوڵی تەواو بدرێت بۆ دابینکردنی پەیوەندییەکی دروست لە نێوان هەردوو حکومەتی فیدراڵ و هەرێمی کوردستان و پارێزگاکان لەبواری ئابووریی نەوت و سوود وەرگرتن لە شارەزاییەکانی زۆر لە دەوڵەتانی فیدراڵ.

- دابینکردنی پەیوەندییەکی دروست لە نێوان سیاسەتی ئابووری و سیاسەتەکانی دارایی و نەختینە و گومرگ، چونکە بەبێ ئەو هەماهەنگییە زۆر زەحمەتە وەدیهێنانی هیچ شێوازێکی پەرەپێدان و گەشەسەندن لە ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی سەربگرێت.

- لەسەر هەردوو حکومەتی فیدراڵ و هەرێم پێویستە سیاسەتێکی رێك و تەواوو کارای ئابووری پەیڕەو بکەن، چونکە سیستەمی فیدراڵ مانای ئەوە نییە کە سیاسەتەکانی ئابووریی هەرێمەکان لەگەڵ سیاسەتەکانی حکومەتی فیدرال سەربەخۆ دەبن.

- گەندەڵیی دارایی و ئیداری لە عیراقدا هەیە، وەك سیستەمێکی کارا و دەسەڵاتدار بەسەر ژیانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و ژینگەیی مرۆڤی عیراقی.

- عیراق بەگۆشەگیری و دوور لە جیهان ناژی، بۆیە دواتر وا پێویست دەکات کە سیاسەتێکی ژیرو کارای عەرەبی و ئیقلیمی هەبێت لەبەرژەوەندیی هاوکاریی ئاڵۆگۆڕکراو بۆ خێرایی کردنی پەرەپێدان و پەرەسەندنی ئابووری.

- ئەم جۆرە سیاسەتە بە هێڵە گشتییەکانیەوە دەکرێ زەمینەیەکی گونجاو بۆ دادپەروەریی کۆمەڵایەتی دەستەبەربکات، هەروەها خۆدەوڵەمەندکردن لەسەر حیسابی گەل و کەمکردنەوەی بۆشایی نێوان هەژاران و دەوڵەمەندان، قەڵاچۆکردنی هەژاری و بێکاری بێبەش بوون تەنیا بە دوعاو پاڕانەوە لە خوا وەدی نایەت، بەڵکو بەکارکردن و دانان و جێبەجێکردنی سیاسەتی کاراو ژیرانەی ئابووری و کۆمەڵایەتی دێتەدی، کە لە نزیکەوە ئاگای لە بەردەوامبوونی هەژاری و برسێتی و نەبوونی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی هەبێت.

**پێویستە لیژنەیەکی وەزاری پێکبێت کە بە کردەنی دەسەڵاتی هەبێت بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەردوو حکومەتی فیدراڵ و هەرێم، لە هەموو بوارەکاندا بۆ گەیشتن بە رێگەچارەی گونجاو**



**مەتران بەشار مەتی وەردا سەرۆکی ئەساقفەی ئەربیلی کلدانی بۆ گوڵان:**

# زیاتر لە ١٠٠ هەزار کریستیان لەسەر دەستی داعش ئاوارەبوون و زیاتر لە ٣٥ هەزاریان روویان لە عەنکاوە کردووە

پێشتر عەنکاوە یەکێك بوو لە ناحیەکانی دەوروبەری هەولێر، بەڵام ئێستا یەکێکە لەگەڕەکە گەورە و جوانەکانی شاری هەولێری پایتەختی کوردستان، بەسەرنجدان لەو پەرەپێدان و پێشکەوتنەی لەم گەڕەکە جوانەی پایتەختی کوردستان دەبینرێت، هەست دەکرێت کە لەم وڵاتە کەلتووری لێبووردەیی و پێکەوەژیان یەکێکە لە سیما جوانەکانی، ئەم گەڕەکە گەورەیە کە ئێستا سیمای شارێکی لەناو پایتەختی کوردستان وەرگرتووە، تەنها شوێنێك نییە بۆ حەوانەوە و گوزەرانی برا کریستیانەکانی کوردستان، بەڵکو بەدرێژایی ساڵانی رابردوو بۆتە وێستگەیەك بۆ پێشوازی لەهەموو کریستیانەکانی دیکەی عێراق کە بەهۆی توندوتیژی و ناسەقامگیری بەشەکانی دیکەی عێراقەوە روویان لە هەرێمی کوردستان کردووە. لەدوای هێرشە تیرۆریستیەکانی داعش بۆ سەر پارێزگای نەینەوا، ژمارەیەکی هێجگار زۆری کریستیانەکان ئاوارەی هەرێمی کوردستان بوون، کە بەپێی قسەکانی مەتران بەشار مەتی وەردە سەرۆکی ئەساقفەی کلدانی هەولێر کە بە گوڵانی راگەیاند، تەنها لەماوەی چەند هەفتەی رابردوو زیاتر لە ١٠٠هەزار کریستیان لە موسڵەوە ئاوارەی شارەکانی هەولێر و دهۆك لە هەرێمی کوردستان بوون و زیاتر لە ٣٥ هەزاریان روویان لە عەنکاوە کردووە، ئەم ژمارەیە کە هێندەی ژمارەی دانیشتووانی عەنکاوە دەبێت، جۆرێك لە قەرەباڵغی لەناو ئەو گەڕەکە دروستکردووەو ئێستا لایەنە

پەیوەندارەکان سەرقاڵی ئەوەن کە پێداویستی تایبەت بۆ ئەو ئاوارانە دابین بکرێت. سەبارەت بەو هەوڵانەی بۆ دابینکردنی پێداویستیەکان خراونەتە گەڕ، مەتران بەشار مەتی بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتەئاخاوتن:

«بەهۆی ئەو زوڵم و کوشتارەی کریستیانەکان لە پارێزگای نەینەوا لەسەر دەستی تیرۆریستانی داعش رووبەڕووی بوونەوە، ژمارەیەکی هێجگار زۆریان ناچار بوون ماڵ و حاڵی خۆیان بەجێبهێڵن و رووبکەنە هەرێمی کوردستان، کە تا ئێستا ئەوانەی هاتوونەتە هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆك ژمارەیان بە زیاتر لە ١٠٠ هەزار کریستیان مەزندە دەکرێت و زیاتر لە ٣٥ هەزاریان روویانکردۆتە عەنکاوە، ئەمەش وەك ئاشکرایە هێندەی ژمارەی دانیشتووانی عەنکاوەیە، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کریستیانەکان لەسەر دەستی گرووپە توندڕەوەکانی داعش رووبەڕووی گەورەترین کارەساتی دەرکردن و کۆمەڵکوژی بوونەوە و لەدۆخێکی زۆر ناخۆش و ناهەمواردا ژیان بەسەر دەبەن، لە نێو ئەو گەشە گەرمەی ئێستاشدا کە هاوینە مەترسی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و مردنیشی لێدەکرێت. لەبەرامبەر ئەم حاڵەتە کتوپڕە ئێمە ناچار بووین وەك هەنگاوێکی سەرەتایی و فریاگوزاری بە پەلە ئەو ئاوارانە بەسەر ٢٥ ناوەندو دەیان باخچە گشتیەکان و هۆڵ و بینایەو خانووەکان دابەش بکەین. هەتا بتوانین کەمپیان بۆ دروست بکەین، بۆ ئەم مەبەستە هەموو لایەك هاوکاری ئاوارەکانی کردووە، حکومەتی هەرێمی کوردستانیش پارێزگارەکانیان سەرپشك کردووە بۆ یارمەتیدان و پێشکەشکردنی هەموو پێداویستیەك کە لەم قۆناغەدا ئاوارەکان پێویستیانە تاوەکو باری سەرشانی خێزانە ئاوارەکان کەم بکرێتەوە . بەهەموو پێوانەکان قەیرانی ئاوارەکان زۆر گەورەیە لەکاتێکدا حکومەت و گەلی کوردستان زیاد لە ٨ مانگە گەمارۆی بەغدایان لەسەرە. بۆیە لەم بارودۆخە هەستیارەی هەرێمی کوردستاندا دابینکردنی پێداویستی خۆراك و نیشتەجێبوون بۆ ١٠٠ هەزار ئاوارەی کریستیان و سەدان هەزاری دیکەی ئێزیدی، کارێکی ئاسان نییە و پێویستی بە کۆمەك و هاوکاری نێودەوڵەتی هەیە، بۆ ئەمە ئێمە چاومان بە بەڕێزان سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزیری ناوخۆ و شارەوانی و پارێزگاری هەولێر کەتووە و هەموویان ئامادەباشیان پیشانداوە کە هەموو پاڵپشتی و کارئاسانییەکان پێشکەشی ئەو ئاوارانە بکەن. هەر بۆیە ئێمە زۆر سوپاسی هەڵوێستی بەرپرسانی هەرێمی کوردستان دەکەین، هەروەها سوپاسی برا کوردەکانمان دەکەین کە بەهەموو شێوەیەك هاوکاری و پشتگیرییان پێشکەشی برا کریستانەکانیان کردووە، بەتایبەتی کە پیاوانی ئایینی ئیسلامی لە کوردستان لە وتاری هەینیدا لە ئاستێکی زۆر بەرزدا هاوخەمی خۆیان بۆ کارەساتی ئاوارەبوونی کریسیتیانەکان دەربڕیوە و ئاماژەیان بەوە کردووە کە رەفتارەکانی تیرۆریستانی داعش بەرامبەر کریستیانەکان نەك تەنها زیانی بۆ کولتووری پێکەوەژیان و لێبوردەیی هەیە، بەڵکو رەفتاری ئەو تیرۆریستانە هەوڵێکە بۆ شێواندنی ئایینی ئیسلام، ئەمەش وایکردووە کە برا موسڵمانە کوردەکان زۆر بە پەرۆشەوە هاوکاری کریستیانەکان بکەن.

دیارە هەرێمی کوردستان بە پێکەوەژیان و لێبووردەیی و ئەو ئازادییەوە جوان و رەنگا و رەنگە کە لە قۆناغە مێژووییەکانی و تاکو ئێستا پارێزگاری لێکردووەو رێگەی نەداوە بیروباوەڕی توندڕەو و نامۆ بە موسڵمان و کریستیان و ئێزیدی و کاکەیی بیشێوێنن. قەداسەتی پاپای فاتیکانیش باسی لەوە کردووە کە ئامادەیە سەردانی عێراق بکات بۆ پاڵپشتی مەسیحیەکان، بەڵام پێموایە لەم دۆخەدا ئەو سەردانە خۆئامادەکرنی زۆری دەوێت، ئەوەندە بەسە بۆ ئێمە کە داوای لە وڵاتانی جیهان و ئاژانس و رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان کردووە بە هانای مەسیحییەکانی عێراقەوە بێن. ئێستا هەوڵ و مەرامی شاراوە هەیە بۆ کۆچپێکردنی هەموو مەسیحییەکان لەعێراق، ئەمەش زیانێکی گەورە بە عێراقی نوێ دەگەیەنێت، عێراقێك کە هەمووومان دەمانەوێت رێز لە هاوبەشیکردنی نەتەوەکان و ئایین و ئایینزاکان بگیرێت و بنەماکانی دیموکراتییەت و ئازادی لەناو کۆمەڵگەکەدا رەنگ بداتەوە، لەو قەیران و مەرگەساتە گەورەیەی مەسیحییەکاندا زۆر زەحمەتە بتوانرێت رێگە لەکۆچپێکردنی مەسیحییەکان بگیرێت، چونکە قەبارەی قەیرانەکەو هەڕەشەکانی کۆمەڵکوژی ئەوەندە گەورەیە، زۆر زەحمەتە رێگە بگیرێت لەکۆچکردنیان بۆ دەرەوەی وڵات، لەکاتێکدا خێزانی مەسیحی هەیە زیاد لە ١٥ رۆژە لە باخچە گشتییەکاندا ژیان بەسەر دەبات و دابینکردنی کەمپ و شوێنی نیشتەجێبوون بۆ ١٠٠هەزار مەسیحی کە لە پارێزگای نەینەوا دەرکراون و لەدۆخێکی دژواردا ژیان بەسەر دەبەن، کارێکی ئاسان نییە و بەم تواناو هەوڵانە پێویستیمان بە چەندین مانگ هەیە تاوەکو خێزانەکان لەو دۆخە دژوارە رزگار بکەین.

ئێستا داوامان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە کۆمەڵگەیەکی نیشتەجێبوون دابین بکات، بۆ ئەم مەبەستەش لێژنەیەکی تایبەت دیراسەی داواکارییەکەو جێبەجێکردنی دەکات، بەوەی کۆمەڵگەیەکی نیشتەجێبوونی تەواو نەکراو بۆ ئاوارەو پەناهەندەکان تەرخان بکات، چونکە بوونی ئەو هەموو خێزانە لە باخچەو شوێنە گشتییەکان لە دۆخێکی ناهەمواردا قورسە بۆ ژیان و مەترسی کەوتنەوەی پەتا و نەخۆشی لێدەکرێت . هەروەها کریستیانەکان بۆ ناوچەکانی دەشتی نەینەوا داوای پاراستنی نێودەوڵەتی دەکەن، بەبێ ئەم پاراستنە زەحمەتە بتوانرێت لەکاتی ئازادکردنی ناوچەکانی کریستیانەکان داوا لەخەڵکی بکرێت بگەڕێنەوە سەر ماڵی خۆیان. هەرچۆنێك بێت پێویستە هەنگاوەکانی بەهاناوەچوونی ٣٥ هەزار مەسیحی عەنکاوەو ١٠٠ هەزار مەسیحی تری دەشتی نەینەوا کە ئێستا لەهەردوو پارێزگای هەولێرو دهۆك نیشتەجێن، خێراترو فراوانتر بکرێن، لەخودا دەپاڕێینەوە پارێزگاری لەهاووڵاتیان بکات و مرۆڤەکان لە شەڕ و ماڵوێرانی دووربخاتەوە.

**لەکاتێکدا حکومەت و گەلی کوردستان گەمارۆی بەغدایان لەسەرە، بەهەموو پێوانەکان قەیرانی ئاوارەکان زۆر گەورەیە**

**لێژنەیەکی تایبەت دیراسەی ئەو داواکارییەکەو جێبەجێکردنی دەکات، کە کۆمەڵگەیەکی نیشتەجێبوونی تەواو نەکراو بۆ ئاوارەو پەناهەندەکان تەرخان بکەن**

**کریستیانەکان بۆ ناوچەکانی دەشتی نەینەوا داوای پاراستنی نێودەوڵەتی دەکەن، بەبێ ئەم پاراستنە زەحمەتە بتوانرێت لەکاتی ئازادکردنی ناوچەکانی کریستیانەکان داوا لەخەڵکی بکرێت بگەڕێنەوە سەر ماڵی خۆیان**



## جۆشوا لاندیز

### تایبەتمەند لەسەر بارودۆخی سوریا و عیراق بۆ گوڵان:

# بەشی زۆری بەرپرسە سەربازییە ئەمریکییەکان بە کارکردن لەگەڵ پێشمەرگە ئاسوودەن نەک سوپای عیراق

**پرۆفیسۆر جۆشوا لاندیز ئوستادی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لە زانکۆی ئۆکلاهۆما و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لەسەر سوریا و کورد لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و لە نزیکەوە چاودێری گۆڕانکارییەکانی سوریا و عیراق و کوردستان دەکات، بۆ قسەکردن لەسەر رەوشی ئێستای هەرێمی کوردستان و هەڵکشانی تیرۆریستانی داعش و راگەیاندنی دەوڵەتی ئیسلامی، ئەم وتوێژەمان لەگەڵ پرۆفیسۆر جۆشوا لاندیز ئەنجامدا و بەمجۆرە سەرنجەکانی خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.**

*** بارودۆخی ئێستای عیراق چۆن هەڵدەسەنگێنیت لە کاتێکدا چەند ڕووداوی سەیر و چاوەڕواننەکراو ڕوویان داوە، لەو کاتەوە بۆ دواجار پەیوەندیمان پێوەکردن؟**

- روونە کە هەڵکشانی تیرۆریستانی داعش و دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی مایەی تاسان بوو بۆ هەموو لایەك، هیچ لایەنێك نە هەرێمی کوردستان و بەغداش خۆیان بۆ ئەو ڕووداوە چاوەڕواننەکراوە ئامادە نەکردبوو، دیارە ئەم باردۆخە بەشێکی سەرەکی پەیوەندی بە داگیرکاری ئەمریکاوە هەیە، چونکە دوای ئەوەی عیراقی داگیرکرد، نەیتوانی لەسەر بنەمایەکی راست عیراق بونیاد بنێتەوە، ئەمریکا سوپای عیراقی لەسەر بنەمای تائیفی پڕ چەك کرد، بۆیە کاتێك داعش هات و شارە سوننەنشینەکانی داگیرکرد، سوپای عیراق نەیتوانی شەڕ بکات، بۆیە ڕێکخستنەوەی عیراق بە هاوکاری ئەمریکا کاتی دەوێت، ئێستا چاوەڕێی ئەوە دەکرێت حکومەتی داهاتووی عیراق چۆن هەنگاو هەڵدەگرێت.

*** ئێستا داعش کە دەوڵەتێکی تیرۆریستییە خاوەنی چەکێکی زۆر و پێشکەوتووە کە لەلایەن سوپای عیراقەوە جێهێڵرا، ئایا بۆ گۆڕینی هاوسەنگیی هێز لەسەر ئەرزی واقیع بۆ سنورداركردنی هەڕەشەی تیرۆریستی داعش، چۆن دەبێت هاوکاری و پشتیوانی پێشمەرگە بکرێت؟**

-ئاشکرایە هەڵکشانی هێرشەکانی داعش داواکارییەکانی کورد بۆ هەبوونی سوپایەکی سەربەخۆ زیاتر دەکات، ئەوەش بە مانای زەمینەی سەربەخۆیی و سەربەخۆیی زیاتر دێت، ئەگەرچی ئەمریکا و هێزە ئەورووپییەکان دەڵێن نایانەوێت کوردستان سەربەخۆ بێت، بەڵام ئەوان لە بنەڕەتدا لە رووی سەربازی و دامەزراوەییەوە بنیاتی دەنێن و ئەوەش ئامادەیان دەکات بۆ سەربەخۆیی، ئەمە گفتوگۆیەکی گەورەیە کە لە زۆربەی پایتەختە رۆژئاواییەکاندا دەکرێت، کە ئایا ئێمە پێویستە شەراکەت لەگەڵ کورددا بکەین بۆ تێکشکاندنی تیرۆریستانی داعش؟ چونکە تاوەکو مالیکی لە دەسەڵاتدا بوو، زۆربەی حکومەتە رۆژئاواییەکان زۆر بە حەزەر بوون لە شەراکەتکردن لەگەڵ حکومەتی بەغدا. ئێستاش کە عەبادی هاتۆتەپێشەوە، ئەوا ئاشکرایە ئەمریکا نەیوت نا، ئێستاش زۆربەی عیراقییەکان لە ئەمریکا دەڕوانن و دەڵێن ئێمە خۆمان لە مالیکی رزگار کرد و کاتی ئەوە هاتووە تۆش چەکمان پێ بدەیت، بەڵام روونە کە زۆربەی کەسایەتییە سەربازییەکانی ئەمریکا زیاتر هەست بە ئاسوودەیی دەکەن بە کارکردن لەگەڵ پێشمەرگە و کورددا، ئەگەرچی لە رووی سیاسییەوە مەسەلەیەکی ئاڵۆزە بۆ ئەوەی ئەمریکا ئەم کارە بکات.

*** ئایا تا چەند گرنگە هەرێمی کوردستان لە هاوپەیمانێتی دژ بە تیرۆردا ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بێت لە هاوپەیمانێتی دژ بە تیرۆردا؟**

-ئەمە لۆجیکێکە کە سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت لە ڕاڕەوەکانی واشنتۆندا. هەر لەبەر ئەمەش کە ئەمریکا کاری لەگەڵ پێشمەرگەدا کردووە و هێزی ئاسمانی بەکارهێناوە، بەدڵنیاییەوە پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەمریکا هاوکاری کورد دەکات لە دەستەبەرکردنی هێزی ئاسمانی، چونکە پشتیوانیکردنی پێشمەرگە بە تۆپ و چەکی قورستر مەسەلەیەکە، بەڵام ئەوەی بەڕاستی جیاوازی دروست دەکات، بریتییە لە هێزی ئاسمانی.

*** ئایا پێشبینی ئەوە دەکەن ئەمریکا هێزی ئاسمانی بە پێشمەرگە بدات؟**

- نەخێر، پێموا نییە ئەمە بە شێوەیەکی گەورە ڕووبدات، ڕەنگە هەندێ هێلیکۆپتەریان پێبدات بۆ گواستنەوەی سەرباز، من مەزەندەی ئەوە دەکەم تاوەکو عەبادی متمانەی ئەمریکای هەبێت، ئەوا ئێمە هەوڵەکانمان بۆ دابەشکردنی دەسەڵات لە بەغدا لاواز دەکەین، ئەگەر هاوکار بین لە بنیاتنانی هێزی ئاسمانی بۆ کوردەکان. ئەمە کێشەیەکە و من پێشبینی دەکەم، بەڵام دەبێت دەرفەتێك بە عەبادی بدرێت بۆ ئەوەی چاکسازی بکات و نەتەوەی عیراق دروست بکات، بەدڵنیاییەوە زۆر کەس لە واشنتۆن پێیانوایە نەتەوەی عیراق لە ناوچووە و کۆتایی هاتووە و هەڵکشانی داعش بۆ دەسەڵات و تایەفەگەری سەرکەوتوو بووەو عیراقیش کۆتایی هاتووە. بەڵام سیاسەتی فەرمیی ئەمریکا ئەوەیە عیراق هەر عیراقە و دان بە سەربەخۆیی کورددا نانێت. هەوڵ دەدەن دابەشەکردنی دەسەڵات لە نێوان شیعە و سوننەدا دروست ببێت و دەسەڵاتی سەربەخۆیی سوننە لە ناو ببەن، هەموو ئەمانەش بە ناوی ناسیۆنالیزمی عیراقییەوە دەکرێت. بۆ گرتنەبەری ئەم سیاسەتە ئەمریکا هێزی ئاسمانی و چەکێکی زۆر بە کورد نەدا، ئەگەرنا ئەمە دەبێتە هۆی لەناوبردنی ئەو سیاسەتەی دەیەوێت لە بەغدا بیگرێتەبەر. ئەمەش ئاڵۆزییەکەی بەردەم ئەمریکایە، چونکە ئێمە پێویستمان بە کوردە و هەموو کەس دەزانێت کوردەکان باشترین هاوپەیمانی ئەمریکان، هەروەك ئەوەی باشترین هاوپەیمانن بۆ تورکیا، ئەوان وڵاتەکە بنیات دەنێنەوە و کوردەکانیش گەورەترین سوودمەندن لە داگیرکاری ئەمریکا بۆ عیراق.

*** ئایا پێشبینی دەکەن ئەمریکا بنکەیەکی هێزی ئاسمانی لە هەولێر بکاتەوە؟**

- ئەمەش پرسیارێکی باشە و ئاشکرایە کە لۆجیکێکی

**ئەمریکا بەڵێنی داوە بۆ ڕێگرتن لە پێشڕەوی داعش هاوکاری کوردستان بکات، بۆیە گرنگە کوردستان وێنەکان بگوازێتەوەو رۆژنامەنووسانی جیهان بێنێتە کوردستان، ئەمەش گرنگترین کارە کە پێویستە حکومەت بیکات**

**تا عەبادی متمانەی ئەمریکای هەبێت، ئەوا ئێمە هەوڵەکانمان بۆ دابەشکردنی دەسەڵات لە بەغدا لاواز دەکەین، ئەگەر لە بنیاتنانی هێزی ئاسمانی بۆ کوردەکان هاوکار بین**

**هەڵکشانی هێرشەکانی داعش داواکارییەکانی کورد بۆ هەبوونی سوپایەکی سەربەخۆ زیاتر دەکات، ئەوەش بە مانای زەمینەی سەربەخۆیی و سەربەخۆیی زیاتر دێت**

زۆری تێدایە، بەتایبەتی کە پەیوەندییەکانی ئێمە لەگەڵ تورکیا و ئەردۆغان بارگرژی تێدەکەوێت، لەبەر سوریا و عێراق و ئێران، بۆیە ئەمەش لۆجیکێکی زۆری تێدایە کە بنکەیەکی ئاسمانیمان لە هەرێمی کوردستاندا هەبێت. بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەمە کارێکی زۆر باش دەبێت، چونکە کوردستان دەخاتە سەر نەخشە و بە مانای ئەوە دێت کوردستان هاوپەیمانی ئەمریکایە، با سەرنج بدەین لە دوای ١١ی ئەیلول لەبەر ئەوەی زۆربەی تیرۆریستەکان سعودی بوون، زۆربەی ئەمریکییەکان ترسمان هەبوو لەوەی لە سعودیە دوور بخرێینەوە و جووڵە بەو هێزانەمان بکەین لە دوای جەنگی کەنداوەوە کە لە سعودیە جێگیر کرابوون، ئێمەش شوێنی دیکەمان نەبوو لە کەنداو، ئەگەر لە سعودیە برۆین ئەوا کۆتاییمان هاتووە، لەبەر ئەوە بە داگیرکردنی عێراق و رزگاربوون لە سەددام حوسێن ئەمریکا ئومێدی ئەوەی هەبوو بنکەی ئاسمانی هەبێت لە عێراقدا، بەڵام دەرکەوت عێراق ئەوەندە دۆست نییە لەگەڵ ئەمریکا و ئێمەش بنکەی ئاسمانیمان نییە لە عێراقدا و رێککەوتنی سەربازیمان لەگەڵ حکومەتی عێراقی ئیمزا کرد، عێراقیش مەیلی بەلای ئێراندا شکایەوە و هەموو کەس لە ئەمریکا رەخنە لە سەرۆک بۆش دەگرێت لەبەر ئەوەی دەرکەوت سیاسەتەکەی لە عێراقدا شکستی هێنا. کەواتە ئەگەر ئەمریکا کار لەسەر ئەمە بکات لە کوردستاندا بنکەیەکی هێزی ئاسمانی دابمەزرێنێت، ئەوا دەبێتە هۆی باشترکردنی ئەو شکستەی لە داگیرکاری عێراقەوە دروست بوو. چونکە ئەمە بەلای کەمەوە بە مانای ئەوە دێت هاوپەیمانێکمان هەیە لە ناوچەکەدا. ئەمەش رێگەمان دەدات دەسەڵاتی خۆمان پەرە پێبدەین لە سوریا و عێراق و ئێراندا و سەربەخۆش دەبێت لە تورکیا، چونکە کاتێك ئێمە لە ٢٠٠٣ ویستمان بنکەی ئاسمان لە ئەنجەرلیك بەکار بهێنین، تورکیا رەتیکردەوە و ئەمریکاش هەموو شتێکی لە سعودیە و کویت و لە ئۆقیانووسەوە برد و ئەمەش بە رادەیەکی زۆر مەسەلەکانی ئاڵۆز کرد. لەو رووەوە پێموایە ئەوانەی لە واشنتۆن باس لەوە دەکەن پێویستیان بە بنکەیەکە لە کوردستان و رێگەیەکیان نییە لەم دوورەوە و لە کەنداوی فارسەوە پەرە بە دەسەڵاتی خۆیان بدەن، تورکیاش جێی متمانە نییە و رۆژێك دێت سعودیەش گۆڕانکاری تێدا روودەدات و ئەگەر گۆڕانکاری لە سعودیەش روو بدات، ئەوا هیچ بەدەست ناهێنین،، ئێمە لە بەحرەین کەشتیگەلمان هەیە، بەڵام بەحرەین ناسەقامگیرە و کێشەی سوننە و شیعەی تێدایە، لە بەرامبەردا کوردستان وڵاتێکی سەقامگیرە و کورد خۆشحاڵن و زانکۆ دروست دەکەن و خۆیان پەروەردە دەکەن، ئەوان مەیلیان بۆ ئەمریکا هەیە کە خەڵکێکی زۆر لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەدی ناکەین کە مەیلیان بۆ ئەمریکا هەبێت.

*** بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەم دۆخە تا چەند پێویستە لە رووی مرۆییەوە هاوکاری کوردستان بکەن، بەتایبەتی کە مالیکی ئابلۆقەی ئابووری خستۆتە سەر هەرێمی کوردستان؟**

- لەگەڵ بوونی بارودۆخێکی زۆر خراپ بۆ ئێزیدییەکان و هەڵکشانی داعش، ئەمە دەبێتە دەرفەتێك بۆ کوردستان بۆ بەدەستهێنانی هاوکاری نێودەوڵەتی، بەدڵنیاییەوە ئەمەش زەحمەتە لە ئێستادا، لەبەر ئەوەی تەواوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی شەکەت بووە بەدەست کێشەکانی کۆماری کۆنگۆ و سوریا و لوبنان و ئاوارەکان لە تورکیا و ئەردەن، کەواتە ململانێیەکی زۆر هەیە بۆ بەدەستهێنانی هاوسۆزی نێودەوڵەتی، بەڵام ئێستا ئەمریکا بەڵێنی داوە بۆ رێگرتن لە پێشڕەوی داعش هاوکاری کوردستان بکات، بۆیە گرنگە کوردستان وێنەکان بگوازێتەوەو رۆژنامەنووسانی جیهان بێنێتە کوردستان، ئەمەش گرنگترین کارە کە پێویستە حکومەت بیکات و کارئاسانییەکی زۆر بۆ رۆژنامەنووسە نێودەوڵەتییەکان بکات، بۆ ئەوەی بێنە سەرجەم شارە گەورەکان و بیانگەڕێنن و پاسیان بۆ دابین بکەن و کارئاسانییان بۆ بکەن، بەتایبەتی رۆژنامەنووسانی تەلەفزیۆنەکان، چونکە ئەمریکا پێویستی بە بینینی وێنەی نەهامەتییەکانە، ئاشکرایە خوێندنەوە لە بارەیانەوە شتێکە و بینینی وێنەکان شتێکی دیکەیە، بۆیە خەڵکی رۆژئاوا و ئەمریکا پێویستیان بەوەیە وێنەکان ببینن لەبارەی ئەوە رووددات لە شنگال و ئاوارەکانی دهۆك و شوێنەکانی دیکە، پێویستیان بەوە هەیە گوێیان لە چیرۆکەکانیان بێت و وەرگێڕ بۆ کەناڵەکانی تەلەفزیۆنی هەبێت.

*** تاچەند وەڵامدانەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەگشتی و ئەمریکا بەتایبەتی بۆ پشتیوانی هەرێمی کوردستان لای ئێوە جێگەی سەرنج بوو؟**

- ئاشکرایە ئەمریکا لایەنی کوردی گرت و کوردەکانی وەك شەریك هەڵبژارد، ئەمەش ساتەوەختێکە بۆ پێشمەرگە بۆ ئەوەی پیشانی بدەن بەتوانان و ئەگەر پیشانی بدەن کە توانای ئەوەیان هەیە شنگال بگرنەوە و بیپارێزن و مامەڵە لەگەڵ ئاوارەکاندا بکەن بەشێوەیەکی دادپەروەرانە و تۆڵە لە شەرکەرە عەرەبەکان نەکەنەوە کە دەستگیریان دەکەن و بەخشەندە بن لەگەڵ رکابەرە عەرەبەکانیاندا، ئەمە وا دەکات ئەمریکا بە شێوەیەك بیر بکاتەوە کە پێیوایێت ئەمانە ئەو کەسانەن کە دەمانەوێت کاریان لەگەڵدا بکەین.

**ئەگەر ئەمریکا کار لەسەر ئەمە بکات لە کوردستاندا بنکەیەکی هێزی ئاسمانی دابمەزرێنێت، ئەوا دەبێتە هۆی باشترکردنی ئەو شکستەی لە داگیرکاری عێراقەوە دروست بوو**

**ئێمە رێککەوتنی سەربازیمان لەگەڵ حکومەتی عێراقی ئیمزا کرد، عێراقیش مەیلی بەلای ئێراندا شکایەوە**

**دوای رزگاربوون لە سەددام حوسێن ئەمریکا ئومێدی ئەوەی هەبوو بنکەی ئاسمانی هەبێت لە عێراقدا، بەڵام دەرکەوت عێراق ئەوەندە دۆست نییە لەگەڵ ئەمریکا**



## ماکس ئەبراهام

### تایبەتمەند لە شەڕی دژەتیرۆر و ناوخۆ بۆ گوڵان:

# هێزی پێشمەرگە پشتیوانی هێرشە ئاسمانیەکانی هەبێت تیرۆریستانی داعش بەتەواوەتی تێکدەشکێنێت

پرۆفیسۆر ماکس ئەبراهام ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی بۆستن و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لەسەر شەڕی ناوخۆ، یاخیبوون، و شەڕی دژەتیرۆر. بۆ قسەکردن سەبارەت بە مەترسییەکانی تیرۆریستانی داعش وەك دەوڵەتێکی تیرۆریستی کە بڕوای بە سنوور و نەتەوە و فرەئاییینی نییە، گوڵان چەند پرسیارێکی ئاڕاستەی کرد و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.

**ئەمریکا چەکی زۆر باشی هەیە و پێشمەرگەش بەوە ناسراون کە زۆر ئازان و فیداکارن لە شەڕدا و ئێستا پەیوەندیەکی باش هەیە و ئەمریکا چەک بۆ کورد دابین دەکات**

**بۆی هەیە پەیوەندی زیاتر هەبێت بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنەکان لە نێوان پێشمەرگە و واشنتۆن**

*** حاڵی حازر گەورەترین مەترسی لەسەر ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی بریتیە لە سەرهەڵدانی دەوڵەتی ئیسلامی کە لەلایەن داعشەوە ڕاگەیەنراوە، ئەم ڕێکخراوە تیرۆریستیە دژی هەموو نەتەوە و ئایینێکن، دەیان هەزار کریستانیان ئاوارە کردووە و بە هەزاران کەسیان لە ئێزیدییەکان کوشتوون، تەنها لەبەر ئەوەی ئامادە نەبوون واز لە ئایینی خۆیان بهێنن، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ڕووبەڕووی ئەم کارەسات و ڕووداوانە دەبێتەوە؟**

- خاڵی گرنگ لەم مەسەلەیەدا بریتییە لەوەی چۆن ڕووبەڕووی ئەم مەترسییە گەورەیە ببینەوە. ئەوەی ئێستا دەبینرێت ئەوەیە، لەسەر ئاستی جیهان و لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە بەو شێوەیە لە داعش دەڕوانرێت کە هەڕەشەیەکی زۆر جددییە و گرووپێکی تیرۆریستی بەتوانای سەربازی زۆر مەترسیدارە، بەڵام تیڕوانینی جیاواز هەیە سەبارەت بەوەی ئەم ڕێکخراوە تیرۆریستییە تەچەند ڕاستەوخۆ دەبێتە هەڕەشە بۆ سەر ئەو وڵاتانە، ئێستا ئەم ڕێکخراوە بۆتە هەڕەشە بۆ سەر کوردەکان و عێراق و هەروەها بەشێك لەسوریا، هەروەها خەڵکیش لە ئەردەن و لوبنانیش هەست بە نائارامی دەکەن، لەبەر ئەوەی پێدەچێت داعش کە لە عێراق و سوریا بەهێز بوو، بەرەو ئەردەن و لوبنان تەنانەت بەرەو خاکەکانی فەلەستینیش بڕوات، کەواتە هەموو ئەم وڵاتانە نیگەرانن، بەڵام هێندەی خەڵکی عێراق و سوریا نا، دەکرێت داعشیش وەك ئەلقاعیدە و ئەوەی لە ١١ی ئەیلوولدا کردی، گورز لە ئەمریکادا بوەشێنێت، بەڵام مشتومڕێکی جددی هەیە لە نێو بەرپرسانی ئەمریکادا کە ئایا لە بنەڕەتدا داعش هەڕەشەیەکی ناوچەییە، یاخود هەڕەشەیەکی نێودەوڵەتییە، لە ئەورووپادا هەستێکی بەهێزتر هەیە لە چاو ئەمریکادا کە داعش هەڕەشەیەکە بۆ سەر ئەوان، لەبەر ئەوەی ژمارەیەکی زۆری جیهادی دەرەکی لە ئەورووپاوە گەشتیان کردووە بۆ ئەوەی بچنە پاڵ داعش، کە ژمارەیان زیاترە لەو ئەمریکییانەی کە بۆ ئەم مەبەستە گەشتیان کردووە، هەر لەبەر ئەمەشە کە ئەورووپیەکان زیاتر لە ئەمریکییەکان نیگەرانن، بەڵام وێڕای بوونی ئەم تێڕوانینە جیاوازانەش کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەوە تێدەگات کە ئەمە ڕێکخراوێکی تیرۆریستییە و ڕەنگە مەترسیدارترین گرووپی سەربازی تیرۆریستی بێت لە جیهاندا، زۆر بە ڕاشکاوی دەڵێم ئەمریکا خۆشحاڵە کە لە ڕێی هێرشی ئاسمانی سنووردارەوە هاوکاری بکات بۆ پشتیوانیکردنی کورد و بۆ دابینکردنی کۆمەکی مرۆیی بۆ ئەو کەمینانەی لەلایەن داعشەوە هێرشیان کراوەتەسەر.

*** بە هەزاران خەڵکی ئەورووپی و ئەمریکی هەن کە لە ناو ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش کار دەکەن، واتە ئەم کەسە مەترسیدارانە هەڵگری پاسپۆرتی ئەمریکی و ئەورووپین و بوونەتە هەڕەشەیەکی نێودەوڵەتی و ئەمەش دەبێتە مەترسی لەسەر ئاسایشی ئەورووپا و ئەمریکا و هەر کاتێك ئەو کەسانە گەڕانەوە بۆ وڵاتەکانی خۆیان، تا چەند دەبنە مایەی مەترسی و ئەوە تا چ ڕاددەیەك نیگەرانی کردوون؟**

- ئەوە ئەگەرێکە و من زۆر نیگەرانم لەو بارەیەوە، لەبەر ئەوەی ئێوە تەواو ڕاستن، ژمارەیەکی بەرچاوی تیرۆریستانی داعش سەر بە وڵاتانی ڕۆژئاوان، بۆیە پێموایە ئەوە مایەی نیگەرانییەکی ڕاستەقینەیە، لە ئەمریکا دوایین هێرشی گەورەی تیرۆریستی بریتی بوو لە ١١ی ئەیلوول، کەواتە بۆ ماوەیەکی زۆرە هێرشێکی تیرۆریستی گەورە ڕووی نەداوە لە ئەمریکا، لەوەش زیاتر هەندێ هێرشی زۆر بچووك ڕوویان داوە، وەك تەقینەوەی ئۆتۆمبیلێك لە تایم سکوێر لەلایەن تیرۆریستێکەوە کە لە دەرەوە مەشقی پێنەکرابوو، لەبەر ئەوە بۆی هەیە ئەمریکا لە شوێنی هەڵە بە دوای تیرۆریستدا بگەڕێت و دەکرێت شانەی تیرۆریستی هەبێت لە ئەمریکا کە هەرگیز گەشتیان نەکردبێت، بۆ سوریا یان عێراق، ئێستا تەنها یەك کەیس بوونی هەیە، کە پەیوەندی بە داعشەوە کرد و شان بە شانی داعش شەڕی کردووە، یاخود ڕێکخراوی سەر بە ئەلقاعیدە کە هەمان ئەو کەسانە لە خۆبگرێت کە دواتر گەڕایەوە بۆ وڵاتێکی ڕۆژئاوایی و هێرشێکی تیرۆریستی ئەنجام بدا، کە ئەویش دژە سامیەك بوو، کە ئەو هێرشەی لە بەلجیکا ئەنجام دا، کە هەندێ مەشقی کردبوو لەگەڵ جیهادییەکاندا. من لەگەڵ زۆرێك لە پرسیارەکەتاندا هاوڕام کە ئەوە زۆر مەترسیدارە، لەبەر ئەوەی لەگەڵ بوونی پاسپۆرتی ئەورووپیدا ئەوا ئاسانترە بۆیان بچنە ئەورووپا، یان ئەمریکا کە ئەگەری زۆرە لە ماوەی گەشتەکەیاندا بووبێتنە کەسانی ڕادیکاڵ و ئەگەری زیاتر هەیە کە شارەزایی سەربازییان بەدەست هێنابێت، کە دەبێتە هۆی ئەوەی بتوانن هێرشی گەورەی تیرۆریستی ئەنجام بدەن.

*** بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، ڕایگەیاندووە کە ئێمە سەربازی وڵاتانمان ناوێت، چونکە هێزی پێشمەرگە دەتوانێت ڕووبەڕووی داعش ببێتەوە، بەڵکو تەنها پێویستمان بە چەك و هاوکاری لۆجیستی**

**هەیە لەلایەن ئەوروپا و ئەمریکاوە، ئایا تا چەند ئەم پەیامەی سەرۆك بارزانی ئەرکی سەرشانی ئەمریکا و ئەوروپای سووك کردووە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریزمی داعش و تا چەند جیهان خۆشحاڵە کە پێشمەرگە لە بری ئەوانیش شەڕی تیرۆر دەکات؟**

- من پێموایە زیاتر و زیاتر ئەمریکییەکان هاوسۆزن و پاڵپشت دەبن بۆ کوردەکان، ئێوە تەواو ڕاستن کە بۆی هەیە پەیوەندی زیاتر هەبێت بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنەکان لە نێوان پێشمەرگە و واشنتۆندا، لەبەر ئەوەی نیگەرانی گەورە لە شەڕکردن لە دژی یاخیبووانی ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە تێڕوانینی ئەمریکاوە ئەوەیە کە کەسانی ئەمریکا لەم شەڕەدا دژی ئەو تیرۆریستانە دەکوژرێن، یان لە ناوچەیەکدا دەژین کە زۆر دوورە لە ئەمریکاوە، بەڵام بەدڵنیاییەوە ئەمریکا چەکی زۆر باشی هەیە و پێشمەرگەش بەوە ناسراون کە زۆر ئازان و فیداکارن لە شەڕدا و ئێستا پەیوەندیەکی باش هەیە و ئەمریکا چەك بۆ کورد دابین دەکات، هەروەك دەزانن کوردەکان سەرکەوتوبوون لە کاتی شەڕکردن لە دژی داعش لە دەوروبەری بەنداوەکەی موسڵ و پێموایە ئەمریکاش زۆر پشتیوانی ئەم هێزە دەکات.

*** حاڵی حازر داعش هێرش دەکەنەسەر هەرێمی کوردستان و هەندێ لە دەوڵەتە ئەندامەکانی یەکێتی ئەوروپا ئامادەیی خۆیان دەربڕیوە بۆ هاوکاریکردنی هەرێم، بەڵام کێشەکە ئەوەیە ئێستا زیاتر لە ملیۆنێك و ٥٠٠ هەزار ئاوارە هەن، کە ئاوارەی سوریا و مەسیحییەکانی موسڵ و ئێزیدییەکانی شنگالیان تێدایە، کەواتە چۆن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەتوانێت هاوکاری هەرێمی کوردستان بکات و ئایا تا چەند پێویستە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم دۆخە لە رووی مرۆییەوە هاوکاری هەرێمی کوردستان بکەن؟**

- من دڵنیا نیم تا چەند ڕۆژئاوا دەستێوەردان دەکات بۆ باشترکردنی بارودۆخەکە، چونکە هەندێ جار ڕۆژئاوا دەستێوەردانێکی زۆر دەکات و هەندێ جاریش هیچ دەستێوەردان ناکات و پێناچێت هەر بەلایەوە گرنگ بێت، نمونەیەکی باش لەم ڕووەوە بریتیە لە گروپی بوکۆحەرام کە لە مانگی نیسان ٣٠٠ کچی قوتابی ڕفاند، لەسەرەتا وادیار بوو کە ئەمریکا زۆر بایەخ بەم کچانە دەدات، بەڵام دوای نیسان و دوای ئایار ئەمریکا ئەو بایەخپێدانەی نەما و بۆکۆ حەرام سەدان و سەدان کەسی ڕفاند و پێدەچوو ئەمریکا گرنگ نەبێت بەلایەوە، لەبەر ئەوە نازانین کەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەستێوەردان دەکات لە کارەساتێکی مرۆییدا، بۆیە زۆر زەحمەتە پێشبینی ئەوە بکەین، ئەمە تا ڕادەیەك دەوەستێتەسەر سۆشیال میدیا، چەند خەڵك تویت دەکات لەبارەی قەیرانەکەوە و وێنەکان چەند هەژێنەرن، یاخود ئایا ئەم قەیرانە مرۆییە دەبێتە هەواڵی سەرەکی لە کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانەوە کاتێك ئەمریکییەکان لە شەواندا سەیری دەکەن، زەحمەتە ئەمە بزانین، بەڵام پێموایە پێدەچێت ئێستا ئەمریکا بایەخ بەوە بدات کە داعش دەیکات، کە کوردەکان و گرووپەکانی دیکە لە ناوچەکەدا پێویستییان بە هاوکاری ئەمریکا و پشتیوانییەکی بەرفراوان هەیە، لە نێویان دیموکرات و کۆمارییەکان بۆ هێرشە ئاسمانییەکان دژی داعش و کۆمەکە داراییەکان و هەوڵەکان بۆ کردنەوەی ڕاڕەوی مرۆیی بۆ ئاوارەکان بۆ ئەوەی بە سەلامەتی هەڵبێن، هەواڵە خۆشەکە بۆ کورد ئەوەیە دەستێوەردانی ئەمریکا لەو ناوچەیەدا زیاتر دەبێت، ئەگەر زۆر بە وریاییەوە لەو قسانە ورد بینەوە کە ئۆباما باسیکرد، دەزانین ئەو ئامادەیە وەبەرهێنانی زیاتر بکات، ئەویش لەبەر هۆکاری ستراتیژی و لەبەر هۆکاری ئەخلاقی و لە ئێستاشدا پشتیوانی ڕای گشتی ئەمریکای لەگەڵدایە و ئومێدەکە ئەوەیە کاری زیاتری لەو شێوەیە ببینین.

*** داعش کە دەوڵەتێکی تیرۆریستییە ئێستا خاوەنی چەکێکی زۆر و پێشکەوتووە کە لەلایەن سوپای عێراقەوە جێهێڵرا، هەروەها لەو چەکانەی لە سوپای سوریاوە دەستیان بەسەردا گرتووە، تاکە هێزێکیش بتوانێت لەسەر زەوی بەرەنگاریان ببێتەوە، هێزی هەرێمی کوردستانە کە بە پێشمەرگە ناسراوە، ئایا بۆ سنورداركردنی هەڕەشەی تیرۆریستی داعش و بۆ گۆڕینی هاوسەنگی هێز لەسەر ئەرزی واقیع چۆن دەبێت هاوکاری و پشتیوانی پێشمەرگە بکرێت؟**

پێموایە داعش چەکی باشتری پێیە بە بەراورد لەگەڵ پێشمەرگە جەنگاوەرەکان، لەبەر ئەوە پێشمەرگە جەنگاوەرەکان پێویستیان بە هەموو جۆرە چەکێك هەیە لە نێویاندا ئەو چەکانەی دوورتر دەڕۆن، بەڕاستی پێویستییان بە هەموو جۆرە چەکێك هەیە، وەك تانك و جیب و پشتیوانی ئاسمانی ئەمریکا، هەواڵێکی خۆشی دیکە بریتیە لەوەی داعش ئەوەندە بەهێز نییە وەك ئەوەی زۆر کەس باوەڕی وایە، چونکە ڕەنگە داعش لە سوپای عێراق بەهێزتر بێت و ڕەنگە هەندێ گرفت بۆ سوپاکەی ئەسەد دروست بکات، بەڵام سوپای ئەمریکا ئاستێکی تەواو جیاوازی هەیە و بە بوونی چەکی پێویست لە لایەن ئەمریکا و پشتیوانی ئاسمانی، ئەوا گومانم نییە کە پێشمەرگە و ئەمریکا دەتوانن داعش تێکبشکێنن، ئەو سەرکەوتنەش دەبینرێت.

**پێدەچێت داعش کە لە عێراق و سوریا بەهێز بوو، بەرەو ئەردەن و لوبنان تەنانەت بەرەو خاکەکانی فەلەستینیش بڕوات**

**لەسەر ئاستی جیهان و لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە بەو شێوەیە لە داعش دەڕوانرێت کە هەڕەشەیەکی زۆر جددییە**




## لیوای پزیشك د. موحسین محەمەد:

# پێویستمان بە نەخۆشخانەیەكی سەربازی تایبەت و ئەمبۆڵانسی گوللەنەبڕ هەیە

**لەگەڵ ئەوەی هێزی پێشـــمەرگەی كوردستان بەشێك بووە لە سیســـتمی بەرگری عێراق، بەڵام لەلایەن حكومەتی بەغداوە نە مووچەی پێدراوە و نە وەك بەشـــێك لە سیســـتمی بەرگری عێراق حسابی بۆ كردووە، ئەمەش وایكردووە پێشمەرگە جیا لەوەی لەسەر ئاستی پڕچەككردن و پێداویستی لۆجیستی سەربازی پشتگوێ خراوە، لە هەمانكاتدا لە بوارەكانی دیكەش كە تایبەتە بە تەندروســـتی و ســـەلامەتی پێشمەرگە ئاستەنگی زۆری بۆ دروســـتكراوە، ئەمەش بۆتە هۆكاری ئەوەی لەو كاتەی هێزی پێشـــمەرگە رووبەڕووی شـــەڕێك دەبێتەوە، ئەوا پزیشك و كارمەندانی تەندروستی نەخۆشخانە گشتییەكان ببنە پێشمەرگە و بە فریای ئەو پێشـــمەرگانە بكەون كە پێویســـتییان بە هاریكاری تەندروستی و فریاكەوتنی بەپەلە هەیە، بۆ قسەكردن لەسەر ئەم لایەنە پێویســـت و گرنگە بۆ هێزی پێشـــمەرگەی كوردســـتان، ئەم دیدارەمان لەگەڵ لیوای پزیشك دكتۆر موحسین محەمەد بەڕێوەبەری كاروباری پزیشكی لە وەزارەتی پێشمەرگە ئەنجامداوە و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەكانی گوڵانی دایەوە.**

*** ئەو شـــەڕەی ئێستا پێشمەرگە رووبەڕووی بۆتەوە، شەڕێكی گەورەیە لەگەڵ دەوڵەتێكی بەهێز كە ئەویش دەوڵەتی ئیسلامی تیرۆریســـتانی داعشـــە، دیارە لەم شـــەڕە گەورەیەدا، لایەنی پزیشكیی ســـەربازی فاكتەرێكی گرنگە بۆ سەلامەتی هێزی پێشـــمەرگە، ئایا ئێوە وەك وەزارەتی پێشمەرگە تاچەند بایەختان بەم لایەنە گرنگە داوە؟**

- لەگەڵ دامەزراندنی وەزارەتی پێشـــمەرگە، بایەخ بە پزیشكی ســـەربازی دراوە، هەروەهـــا دەرگا كراوەتـــەوە بـــۆ ئەوەی ئەو پزیشـــكانەی گیانی پێشمەرگایەتییان تێدایە، بێنە ریزی هێزی پێشـــمەرگە و لەم كەرتە گرنگە رۆڵی خۆیان بگێڕن، بەڵام ئەم لایەنە بە بەراورد بە فراوانی بەرەكانی شـــەڕ لەو ئاستە نییە كە بتوانێت بەشی هەموو بەرەكانی شەڕەكە بكات، ئەمەش یەكێكە لەو كەموكورتییانەی كە ئێســـتا بوونی هەیە و ئەگەر بمانەوێت هێزی پیشمەرگەی كوردستان ســـوپایەكی دامەزراوەی وڵاتێك بێت، ئـــەوە دەبێت ئەم لایەنەش زیاتر بایەخـــی پێبدرێت، لەبەر ئەوەی كاتێك هێزی پێشمەرگە وەك سوپای كوردستان پارێزەری خاكی كوردســـتانی لەسەر شان بێت، ئەوا پێویستمان بە كادیری پزیشكی و دامەزراوەیەكی پێشـــكەوتووی پزیشكیی سەربازی فراوان و مۆدێرن دەبێت، چونكە پزیشـــك و كادیری پزیشـــكی ســـەربازی شانبەشانی یەكە ســـەربازییەكان بەرگری دەكات و خزمەت بە سەنگەرەكانی پێشەوەی پێشمەرگە دەكات .

*** ئایـــا كەموكورتییەكان تەنیا كەمبوونی كادری پزیشـــكیی ســـەربازییە، یان ئامێر و ئۆتۆمبیل و نەخۆشخانەی سەربازیش دەگرێتەوە؟**

- بەداخەوە لە كەرتی پزیشكی سەربازی كەموكورتییەكان زۆرن و هـــەر دوو لایەنی كادری پزیشـــكی و ئامێـــر و كەلوپەل و نەخۆشخانەی سەربازیش دەگرێتەوە، هەروەها هەتا ئێستا وەزارەتی پێشمەرگە خاوەنی هیچ نەخۆشـــخانەیەكی تایبەتی سەربازی نییە، لەكاتێكدا دەبووایە لەســـەرەتاوە كار بۆ چارەسەركردنی ئەم كەمورتییە بكرایە، بۆ ئەوەی لەكوردســـتان نەخۆشـــخانەیەكی

مۆدێرنی باشی سەربازیمان هەبێت، هەر وەکو چۆن سەرجەم سوپاو سەربازەکانی وڵاتانی دنیا هەیانە. لەیەکەم رۆژی دامەزرانی بەڕێوەبەرایەتیەکەشمانەوە هەوڵی دامەزرانی نەخۆشخانەیەکی قەرەوێڵەیی سەربازی فراوانی پێشمەرگەمان داوەو تەنانەت رووبەرێك زەوی (٨٠ هەزار مەتر دووجا)مان لەناحیەی بەحرکە لەهەولێر لەنزیك وەزارەتی پێشمەرگە بۆ تەرخانکراوە، بەڵام لەبەر نەبوونی بودجەو گەمارۆی مالیکی و نەدانی بودجەی پێشمەرگە نەتوانراوە ئەو پرۆژەیە جێبەجێ بکرێت. بەڵام وێڕای نەبوونی نەخۆشخانەیەکی سەربازی تایبەت، وەزارەتی تەندروستی سەرجەم نەخۆشخانەو پزیشك و کادیرانی تەندروستیان خستۆتە خزمەتی پێشمەرگەوەو لەخزمەتی بریندارەکانی ئێمەدان و رۆڵ و هەڵوێستیان دیارو لەبەرچاوە. تەنانەت ژمارەیەکی زۆری ئەمبۆڵانس و پزیشك و پێداویستی تەندروستی خراوەتە خزمەتی پێشمەرگەوە. بەڵام وەك لایەنی پزیشکی سەربازی کە پزیشك و کارمەندانی سەربازی هاوشانی پێشمەرگە لەبەرەکانی شەڕدا ئامادەبوونیان هەبێت، ئەوا لەم لایەنە کەموکورتیمان هەیە و خوازیارین پزیشك و کارمەندانی تەندروستی ئەوانەی حەزدەکەن ببنە پێشمەرگە، بێنە ناو ریزەکانی پێشمەرگە بۆ ئەوەی لە نزیکەوە خزمەت بکەن، ئەمەش مانای ئەوەیە نەبوونی پزیشك و کادیر لەم بوارەدا لە ریزی پێشەوەی پێداویستی پزیشکی سەربازی بۆ هێزی پێشمەرگە دێت، دواتر ئەمبۆڵانس و بنکەی فریاکەوتن و نەخۆشخانەی قەرەوێڵەیی و دامەزراوەکانی تری تایبەت بەم بوارە دێت. ئێمە پێویستیمان بەو پزیشك و کادیرە پزیشکییە هەیە کە لە بەرەکانی شەڕ شانبەشانی پێشمەرگە لەخزمەتی سەربازیدا بن . ئەمڕۆ چەند کادیرێکی پزیشکیمان لەناو لیواکانی هێزی پێشمەرگە هەیەو هەر لیوایەکیش تەنیا یەك ئەمبۆڵانسی هەیە و دەبێت کادیرەکانی پزیشکی بەهێز بکەین و ژمارەی ئەمبۆڵانسەکانیش زیاد بکرێت.

*** لەم ماوەیەدا ژمارەیەکی زۆر لە پزیشك و کادیری تەندروستی وەکو خۆبەخش ئامادەییان دەربڕی تاوەکو لەبەرەکانی شەڕ خزمەتی پێشمەرگە بکەن، ئایا ناتوانرێت ئەم خۆبەخشانە بهێنرێنە ناو ریزەکانی هێزی پێشمەرگەوە؟**

- ئەوە پرسیارێکی باشە و دەبێت ئەو راستییە بزانین کە هەموو پزیشکان ئامادەن خزمەت بە هێزی پێشمەرگە بکەن لەکاتی پێویستدا، ئەمەش جێگەی رێز و پێزانینانە بۆ هەستی هەموو پزیشکان و کادیرانی بواری تەندروستی لەکوردستان، بەڵام لەبەر ئەوەی شێوازی کارکردن لە بەشی پزیشکی سەربازی، شێوازێکی سەربازییانەیە، جاری واهەیە پێویستە ٢٤ کاتژمێر لە خزمەتکردندا بن، ئەوا لەوانەیە زۆربەیان نەخوازن بێنە سەر میلاکی وەزارەتی پێشمەرگە، لەمەش زیاتر پزیشکی سەربازی دەبێت خۆڕاگر و شارەزایی سەربازیشی هەبێت، چونکە ئەوان لەناو پاڵەپەستۆ و بارودۆخێکی دژوارتردا کار دەکەن و کارکردن لەمبوارەدا جیاوازترە لەکارکردنی مەدەنی. ئەمە جگە لەوەی ئیمتیازاتی پزیشك و کادیرەکانی تەندروستی لە وەزارەتی تەندروستی زیاترە، هەروەها ئێمە ناتوانین یەکەکانی پزیشکی مەیدانی دروست بکەین، لەکاتێکدا دەبێت لەهەر میحوەرێك یەکەی مەیدانی کارامان هەبێت و بەهەموو پێداویستی بینایەو چادرو ئەمبۆڵانس و ئامێری پزیشکییەوە. لەگەڵ بوونی ئەو کەموکورتییانە لەسەرجەم بەرەکانی جەنگ لە سحێلا و خازر و بەردەڕەش و گوێر و مەخموور و کەرکووك و تەلئەروەرد و مەلاعەبدوڵڵاو خانەقین و گەرمیان وەکو پزیشکی سەربازی و کادیری ئێمە لەخزمەتی پێشمەرگەو برا ئاوارەکانماندا بوون، تەنانەت لە ناو گوێر ٥ کادیری پزیشکی و شۆفێرێکمان بریندار بوون. لێرەوە داوا لەهەر کادیرێکی پزیشکی و شۆفێری ئەمبۆڵانس دەکەم کە رۆحی پێشمەرگایەتی تێدایە و ئارەزووی کارکردنی لەم بوارە هەیە، بێتە لامان و وەکو تیمێکی پزیشکی لە لیواکان دایدەمەزرێنین لەپێناو زیاتر خزمەتکردنی هێزی پێشمەرگە بۆ بەرگریکردن لەخاك و نەتەوەکەمان.

*** سەبارەت بە بوونی ئەمبۆڵانسی سەربازی کە پێویستە مواسەفاتی سەربازی هەبێت، بەتایبەتی جۆرێك بێت گوللەنەبڕ بێت، ئایا لەم بوارە پێداویستیەکانتان چۆنن و ئایا تاچەند وڵاتان ئامادەن لەم بوارە هاوکاری هێزی پێشمەرگە بکەن؟**

- بۆ ئەم لایەنە تا ئێستا داوای دابینکردنی ٢٠٠ ئەمبۆڵانسی سەربازیمان کردووە، بەتایبەتی ئەو ئەمبۆڵانسانەی گوللەنەبڕن و دەتوانن لەبەرەی پێشەوەی جەنگ بەئاسانی بریندارەکان بگوازنەوە، ئەم ئەمبۆڵانسانە گرنگن بۆ هێزی پێشمەرگە دابین بکرێن، لەبەر ئەوەی ئێستا بە ١٦ لیوا و دوو هێزی پشتیوانی و فەرماندەییەکانی یەکەکانی ٨٠ و ٧٠ ژمارەی ئەمبۆڵانس و تیمی پزیشکیان کەمە و تەنیا یەکەی ٧٠ ئێستا ٦ ئەمبۆڵانسیان هەیەو پێویستیان بە ٢٠ ئەمبۆڵانسە و یەکەی ٨٠ ش تەنیا یەك ئەمبۆڵانسیان هەیەو پێویستیان بە ٦٠ تا ٧٠ ئەمبۆڵانسە، هەروەها وەکو وەزارەت و لیواکان و ناوەندی مەشق تەنیا ٢٢ ئەمبۆڵانسمان هەیە کە تەنیا ٨ یان ئامادەی کارو پێداویستی تەواوی پزیشکییان تێدایە، ئەوانی تر مۆدێلی کۆن و زۆریان لەکار کەوتوون و هیچ پێداویستیەکی تێدا نییە، هەروەها ئەو هەلیکۆپتەرانەی پۆلیس هەیانە بە کەڵکی گواستنەوەی بریندار نایەت و شوێن و پێداویستی و کارمەندی پزیشکی پێویستمان لەناو ئەو هەلیکۆپتەرانەدا نییە، بۆ ئەوەی داوا بکەین بەکاری بهێنین. تا ئێستا لەلایەن وڵاتانی بیانییەوە هیچ هاوکارییەکی لەمجۆرە نەگەیشتووە و دابینکردنی پێداویستیەکان و پڕکردنەوەی کەموکورتیەکان لەلایەن وەزارەتی تەندروستییەوە چارەسەر کراوە، چەند رێکخراو کۆمپانیایەکی ناوخۆیش بڕێك دەرمان و پێداویستی تەندروستییان هێناوە .

*** لەم بارودۆخەو لەگەڵ بوونی ئەم هەموو کەموکورتییە ئایا چۆن چارەسەری بریندارەکانی ناو ریزەکانی پێشمەرگە دەکرێت؟**

برینداەکانی پێشمەرگە وەکو هاووڵاتی مەدەنی لەلایەن پزیشکی مەدەنییەوە لە نەخۆشخانەکانی وەزارەتی تەندروستی چارەسەر دەکرێن و چارەسەری تایبەتیان نییە، هەر برینداریێکیش پێویستی بە دەرەوەی وڵات هەبێت، لە رێگەی لیژنەیەکی تایبەت و بە راپۆرتی پزیشکی بەخێراترین ماوەی پێویست بۆ چارەسەر رەوانەی دەرەوەی وڵات دەکرێت، چارەسەرکردنی ئەم برینداەرنەش لە دەرەوەی وڵات لەسەر خەرجی وەزارەتی پێشمەرگەیە و تائێستا وڵاتان هاوکارییان نەکردووین.

**پێویستە نەخۆشخانەیەکی مۆدێرنی باشی سەربازیمان هەبێت، هەر وەکو چۆن سەرجەم سوپاو سەربازەکانی وڵاتانی دنیا هەیانە**

**دەرگا کراوەتەوە بۆ ئەوەی ئەو پزیشکانەی گیانی پێشمەرگایەتییان تێدایە، بێنە ریزی هێزی پێشمەرگە و لەم کەرتە گرنگە رۆڵی خۆیان بگێڕن**